صدام حسین
رەمزی شانازی گەلی عیراقە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی نەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

لەم ژمارەیەدا

● خۆشەویستی و نەوپەڕی وەفا بۆ رەمزی سەربەرزی و سەرکەوتنی گەلی عیراق صدام حسین لە جەژنی لەدایکبوونیا .

● پێنج شەممە ١٩٨٤/٤/٢٦ ژمارە ٧٣٥ ● ١٢ لاپەڕە به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٤/٤/٢٦ العدد ٧٣٥ ●

سەرەکی فەرماندە :
تاریکی گەلی عیراق ناجێ زێنێت

بەرێز سەرەکی فەرماندەصدام حسین دووپاتی کردەوە کە هێزی لولەی تفەنگ بەوەپشتیوانی ئەکرێ کە نوکی قەلەم ئەیبەخشێ .

بەرێز سەرەکی فەرماندەپێرێ بەیانی کە پێشوازی بەشدارانی یەکەم میهرەجانی شیعری نەتەوەی کرد وتی : ژیانی راست کە لە لایەنی زۆلمەوە روو بەرووی کارەساتی ئەبێت ناکرێ بەرەنگاربوونەوەلە یەك لقەوە لە لقەکانی بکرێ بەتکو ئەبێ هەموولقەکانی ژیان بە روانینی سەرجەمو بەیەکەوە بەستراوەیی زیندوی گونجاوی راست لە نێوانلقەکانی ژیاندا بێتە دەستو مرۆڤ ناتوانێ لە شیعروشاعیران هەنگرێ ناکرێ دەست لە گۆرانیو مۆسیقاهەنگرێو لە هەمان کاتیشدا ئەبێت بۆ بەرگری کردن لەژیان کاتێك روو بەرووی مەترسی ئەبێت ئازابێ لەبەکارهێنانی تفەنگدا .

ئەوەی شایانی باسە ژمارەیەك لە شاعیرەکان شیعریان خوێندەوەو کە گورانی وتن بوون بۆ سەربەرزی بەغدادو میژووی بالای عیراقو سەربەرزی گەلی عیراقو سوپا مەردەکەی بەرابەری سەرەکی فەرماندە تێکۆشەر صدام حسین .

لەم چاوپێکەوتنەدا بەرێزان احمد حسین سەرەکی دیوانی سەرەکایەتیو لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندنوهانی وهیب سکرتیری رۆژنامەنووسیو راگەیاندنی بەرێز سەرەك کۆمار ئامادەبوون . ئەواوی وتەکەی سەرەکی فەرماندە لە ل٢ دایە

جەنگاوەرە نەبەزەکانمان دەستی توندلە دوژمن ئەوەشێنن

بەتواناو ورەیەکی بەرزیمەردانە ، رۆڵەکانی سوپای عیراقی پاڵەوان ، بەردەوامن لە بەرەنگاربوونەوەی جموجۆڵی هێزەکانی دوژمنی داخ لەدڵو رژێمی خومەینی رەگەزپەرست .

بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی هێزەچەکدارەکانمان لە ماوەی هەفتەی رابووردوا رایان گەیاند کە هەڵو ئازاکانی هێزی ئاسمانیمان ئەم هەفتەیە ، چەندان هەڵمەتی سەرکەوتوویان بردۆتە سەر بنکەو مۆلگاکانی دوژمنوزیانی سەروومالی زۆری لێداونو زۆر بنکەو سەنگەری دوژمنی وێرانکردوە .

لە کەرتی بەسرە ، هێزەکانی ریزی پێشەوەی بەرەی جەنگ ، هێزەکانی دوژمنیان چەواشە کردوەو لێدانی توندیان ئاراستەی سەنگەرەکانی کردوەو بە تەواوی لە جوڵەی خستوون . سەرەڕای ئەوەی لە چەندان لاوە مەفرەزە ئازاکانمان هەڵمەتی شێرانەیان بردۆتە سەر سەنگەرەکانی دوژمنو بەهەموو چەکێك لێیان داون .

لە کەرتی ناوەراست دەوریەیەکی دوژمن ویستبوی لە سەنگەرەکانی پێشەوەمان نزیك ببێتەوە ، بەڵام جەنگاوەرە مەردەکانمان شێرانە لێیان هاتوونەتە دەستو دوای کوشتنی ژمارەیەکیان ئەوانی تر بەسەر شۆڕی رایان کردوە .

هەروەها لە زۆر کەرتی تری بەرەی جەنگدا تۆپەکانمان گوللەبارانی بنکەو مۆلگاکانی دوژمنی رەگەزپەرستیان کردوەو زیانی گەورەی لە بنکەی چەكو جبەخانەی دوژمن داوە بێجگە لە زیانی گیانی .

رۆژنامەنووسەکانی کوردستان سڵاو لە سەرکردەی دلێر صدام حسین ئەکەن

رۆژنامەنووسەکانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی سڵاویان ئاراستەی سەرکردایەتی میژوویی بەرێز سەرەکی تێکوشەرو دلێرصدام حسین کردوەو شانازیان دەربڕیوە بەرامبەرداستانە پاڵەوانیەکانی سەربازانی سوپای عیراقی مەرد کە لە رۆژهەڵاتی نیشتمان تۆماری ئەکەن .

لەو ئاهەنگەدا نەقابەی رۆژنامەنووسەکانی ناوچەی کوردستان بەبۆنەی ٨٦ ساڵەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی یەوە لە هۆڵی شارەوانی دهوك سازی کرد ئامادەییان دووپات کردەوە بۆ قوربانی دانو فیداکاریو بەرگری لە عیراقی مەزنو تەرخان کردنی قەڵەمەکانیان لە خزمەتی جەنگی پیرۆزماندا دژی دوژمنایەتی کاری تاڕەوای ئێران .

ئاهەنگەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ریزی شەهیدانی جەنگی قادسیەی صدام دەستی پێکردو دوای ئەوە بەرێز محمد امین محمد احمد ئەمینداری گشتی رۆشنبیریو لاوان وتەبەکی دا تیایدا داوای لە رۆژنامەنووسەکان کرد کە تەقەللای زیاتر بدەن لە خزمەتی عیراقی مەزندا .

بەرێز ئەمینداری گشتی لە وتەکەیدا باسی میژووی رۆژنامەی کوردی کردو ئەو بابەخەی لە سایەی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەموزی مەزندا بە سەرکردایەتی سەرەکی تێکوشەر صدام حسین پێئەدرێت .

له جەژنی لەدایکبوونی سەرکردەدا

سەرکردەی گەورە

ئاهەنگێران ، بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی سەرکردەو رابەری گشت گەلی عیراق ، رەمزی سەربەرزیو سەرکەوتنمان صدام حسین ، ئاهەنگ گێرانە بە هەموو مانایەکی رەسەنیو بەهای گەورەیی عیراقو گەلە مەزنەکەی کە لە شەخسیەتی سەرکردەکەیدا خۆی ئەنوێنێت .

صدام حسین ، سەرکردەیەکی ئاسایی نیە بە شێوازی تەقلیدی شوێنی سەرکردایەتی گرتبێ ، بەتکو رابەرێکی تێکۆشەرە لەدایکبوونی خەباتو قوربانی دانو خۆراگرتنو بەردەوامی سەربەرزی گەلەو رۆڵەی هەرە سەرفرازو مەردو ئازایەتی کە بە بەهرەی لێهاتووییو ژیری نموونەییو خەباتی بێوچانی گەلی لە تاریکیەوە بەرەو رووناکی بردوو لە رووناکیدا بەرەو لوتکەی رازاوە بە سەرکەوتنو بیناکاریو ئاوەدانیو کامەرانی بۆ هەموو گەل .

ئەڵەر صدام حسینی سەرکردەو رابەری گەلی عیراق ، سەرکردەی رەمزو چاوەڕێ کراوی گشت گەلی عیراقە بە گشتی ، ئەوا بەنیسبەت ئێمەی گەلی کوردەوە لە عیراق ، صدام حسین سەرکردەی هەڵو فرسەتی هەتکەوتەو ئەو بەتواناو بەهرەی سەرکردایەتی لێهاتووانەی ئێمەو مەسەلە بیرۆزەکەی ئێمەی لە گیژاوی سەواو مامەلەی بازرگانە پیلانگێرەکان رزگار کردو هەلی بۆ گەلی کورد رەخسان خاوەنی خۆی بێو خاوەنی عیراقو رۆڵەی بەوەفایی ئەم وڵاتەبێ .

لەبەرئەوە صدام حسینی سەرکردە رەمزی هەرە تیشکداری دەواری رەنگاو رەنگی عیراقەو جەژنی لەدایکبوونی جەژنی هەموو گەلی عیراقە ...

ئەی سەرکردەی رەمزو باوەرو سەربەرزیمان .. هەموو ساڵو سەرکەوتنی زیاترو لە خوای مەزن ئەخوازین تەمەن درێژیو تەندروستی باشیو توانای زیاترت پێببەخشێ تا ئێمەش لە سایەی سەرکردایەتی بێهاوتای تۆدا سەربەرزینو سەربەرزتر ئەبین ئەمساڵ کە مۆمێکی تری پڕ شکۆو گەورەییو مەردایەتی پرشنگدار بۆ تەمەنی تۆی سەرکردەو رابەرو رۆڵەی سەرفرازمان دائەگیرسێنن بە تۆوە پشت ئەستورین کە عیراق هەر لوتکەدا ئەبێتو تادی تیشکی بەهێز تر ئەبێت .

■ هاوکاری ■

Institut Kurde de Paris

وتەکەی بەپێز سەرۆکی فەرماندە لە پێشوازی وەفدەکانی یەکەم میهرەجانی شیعری نەتەوەدا

بەهێزی تفەنگم لە پشتیوانی نوکی قەلەمدایە

بەخێربێن برایانی ئازیزو دۆستانی بەڕێز لە بەغدادی خۆتاندا .. کاتێك باسی بەغداد ئەکەین لە لایەن ئێوەوە هەر بایەخێکی پێئەدرێت ، بە تەنیا لەبەر ئەوە نیە عیراقیە بەڵکو چونکە بنەڕەتە لە پشتیوانیدا بۆ عەرەبو مرۆڤایەتیو بایەخی مێژووی بەغداد تیشکو بەردەوامی لەوەوە وەرئەگرێت کە مێژووی نەتەوەو مێژوویەکە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا .

ئاوەها ئەی برایانو دۆستان سەیری بەغداد ئەکەینو ئێمە لە بەغداد شانازی بەو جۆرە پێوە ئەکەین چەندە بەهایەك ئەتونێت بەستراوە بە گیانی نەتەوەوەو چەندە لە سایەی هەڵسەنگاندنیدا ئەبێتو بەفەدەر ئەو بەهایەی ئەیبونێ ئەوە بەشێکە لە بەهای مرۆڤایەتی چاکی گونجاو لەگەڵیاو سوود پێگەیاندنی بەبێ لە خۆبایی بوون .

بەڵێنتان ئەدەینێ ئەی برایانو دۆستان کە یەکەم دەرس لەبەرچاومان ئەبێت لە پێوانەی دەرسە رەوشتیەکاندا ئەوە ئەبێت کە وشەکانتان لە هەڵسەنگاندنی بەغداد دا تەوازوعی گەلی عیراق زیاد ئەکات لەسەر ڕێگای ئەو ئامانجو بیروباوەڕەی دەستم بۆ کێشان لە خزمەتی عەرەبو بەردەوامی لەگەڵ مرۆڤایەتی بەگونجانی چالاك لەگەڵیا .

● هێزی تفەنگو ... پێنوس ●

بیستم لەماوەی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵتاندا کراوە هەندێکتان بەسەر سورمانەوە پرسیاریکردوە بەغداد چۆن ئەجەنگێتو لە هەمان کاتدا میهرەجان بۆ شبعر ئەگێڕێتو من دڵنیام گەیشتونەتە وەڵام ، لەبەر ئەوەیە کە بەغداد نایەوێ لە بنی کۆڵانە تاریکەکاندا بژیو ئەیەوێت بەشێك بێ لە رووناکیو لە لوتکەی درەختو ئەبێت پشت ببەستێ بە بەهای گیانیو ئیعتباری رەسەنو شیعر بەشێکی زیندوە لێیو بەشێکی زیندوە لەم بەهایە چونکە شیعر لە کاتێکدا قاعیدەی لەسەر ئەرزی واقع وەستاوە لە دڵو وبژدانی شاعیردا لە کۆتایی کشاویا ئەروات تا بگاتە گیانی ئاسمان ... ئێمە وا سەیری ژیان ئەکەین .

لە کاتێکدا لە بەغداد دا لە رۆژگاری شەڕدا بینا ئەکەین ، ئەبێت بەتەنگ ئەوەوە بین کە ئەم بیناکاریە بەشتی گیانی تێر بکرێ ئەگینا بیناکاریەکە مردوبێ گیان ئەبێت ... ئا بەم جۆرە برایان ، وە لەسەر ئەم ئەساسە ئێمە وای دا ئەنێین هێزی لولەی تفەنگ لەوپشتیوانەدایە نوکی قەلەم پێشکەشی ئەکاتو رۆژێك لە رۆژان جیاوازیمان لە نێوان هێزی لولەی تفەنگ لە پێناوی حەقو بەرگری لێکردنیاو لەنێوان هێزی دەربڕین بە قەلەم لەسەر ژیانو بە مەوقعی سەرکردایەتی باڵا نەکردوە .

● ژیانی راست وایە ●

لە سەر ئەم بنەڕەتە ، ئەبێت میهرەجانەکە عەرەبیو مرۆڤایەتی بێ بۆ عەرەبو دۆستان تا چالاکیەکەمانای ئەو روانینە دەربڕی لە ژیانی نوێدا باوەڕمان پێیەتی ، دیسان .. ئەی راست وانیە کاتی کوندەبەبو لە ئێران ئەبۆلێنێ ... چولەکە لە بەغداد جریوەی بێو باڵندەکان گۆرانی بڵێین .

بەڵی ژیانی راست بەم جۆرەیە کاتێك لەلایەنێکی زاڵمەوە تووشی قەهرئەبێت ئەبێت بەوەنگاربوونەوەی لەیەك لقەوەنەبێ لە لقەکانی بەڵکو ئەبێت هەموو لقەکانی بو بنخەیتە کار ... هەموو لقەکانی ژیان بە روانینی سەرتاپاگیریو بە ستراوەیی زیندوری لە سەر گونجاندنی راستی نێوان لقەکانی ژیان .

لەبەر ئەوە ئەبینین ناکرێ بۆ مرۆڤ وا لە شیعرو شاعیران بێنێو واز لە گۆرانیو موسیقا بێنێ لە هەمان کاتیشدا ئەبێ لە بەکارهێنانی تفەنگدا بۆ بەرگریکردن لەژیان کاتێك رەوبەرووی هەرەشە ئەبێت ئەبێ ئازایێت .

● پەیوەندی عیراق بە نەتەوەو مرۆڤایەتیەوە ●

دیسان ، برایان گەلی عیراق بەمای بدائی غەریزی بەرگری لە ژیانناکات تا تەنیا پشت بە تفەنگ ببەستی لەم بەرگری کردنەدا بەڵکو بەرگری لە ژیان ئەکات بە مانای بوونیو لە سەر چاویرینە ئاسۆی دوورو بەرز بوونەوەی بەبێ پەیوەندی عیراق بە نەتەوەو ئەو پەیوەندیەی عیراق بە مرۆڤایەتیەوە هەیەتی .

لەبەر ئەوە ئەبێ بایەخ بەهەموو کاروبارێکی ژیان بدەینو لە پێشەوەی ئەم کاروبارانە ، مەسەلە ئیعتباربەکان چونکە ئەو عەدالەتەی ئەیخوازین لە بەرنامەی کۆمەڵایەتیو ئابوریماندا حاڵەتی تەنیا ورگ تێرکردنی مرۆڤ نیە بەڵکو حاڵەتی رەخساندنی زروفی ئەساسی چاکە کە مرۆڤ بە بەختیاری بژی .

هەروەك ئەرانن چوار ساڵ ئەبێت تووشی بەڵایەك بووین بەڵام ئەزانین ئەوانەی ئەیانەوێ مرۆڤ بکەرێتەوە بۆ بنی تاریکستان بۆچی عیراقیان هەڵبژارد بەقینو دیدایەتیو چاوچنۆکی خۆفراونکردنیانەوە چونکە عیراق ئەو دەروازە بەهێزەیە ئەگەر خوانەکردە شکا ئەوا تاعونی زەرد بە لایەنەکانی تری نیشتمانی عەرەبدا بڵاو ئەبێتەوە لە پێشەوەی خەلیجی عەرەبی .

● گورینی رژێمکاری گەلانە ●

کە حوکمراکانی تاران هاتنە سەر حوکم هەموو کارێکی پرۆتۆڵو سیاسیمان کرد کە ئەبنە هوی ئەوەی بوترێ هیوای خێرتان بۆ ئەخوارین لەوڵاتەکەتانو گورینی رژێم لە ئێران یان لە هەر شوێنکی تر کاری گەلانیەتیو بەڵام ئەبێت رێزی عیراقوەك دراوسێ بگرنو رێزی عەرەب وەك نەتەوەی دراوسێ بگرن .

دەستکرا بەدەست درێژی رۆژانە بەڵێدانی مەخفەرەکانی سنوورمانو هەموو رۆژێ ژمارەیەکمان لەوانەی لەمەخفەرەکان بوون شەهید ئەبوونو لەدەوریەکانی سنوور ئەدراو شەهید ئەکرانو ئینجا شەڕیان گواستەوە بۆ ناو بەغداو لەڕێگای کاربەدەستەکانیانەوە لە قوتابخانەی ئێرانداو لەلایەنی نوێنەرە دبلوماسیەکانیانەوە ، بەداخەوە بەبۆمبا لە دوو ئەندامی سەرکردایەتیان داو بریندارباں کردن .. بە بۆمبا لە قوتابیانی کوڕانو کچانیان دا کە ئاهەنگیان بە بۆنەیەکی پیشەیو نیشتمانیەوە لەزانکوی مستنصریە ئەگیراو ژمارەیەك شەهیدو بریندار بوون .

کە قوتابیان شەهیدەکانیان ئەناشت لە رۆژی دووەمدا دیسان لە کەژاوەکەیان دا بە بۆمباو قونسڵخانەکەمانیان لە محمرە داخست دوای ئەوەی پشکنیانو کاربەدەستەکانیان گرت بە پێچەوانەی عورفی دبلوماسیەوە دەستدرێژیان لە کاربەدەستەکانمان کرد لە ئێران .

هەموو ئەمانە بەر لە ئەیلولی ١٩٨٠ رووبان دا دوایی خومەینی بروسکەیەکی لەرێگای دەزگای ئەکرافی عیراقەوە نارد بە یەکێکیان ئەڵی کە خومەینی بیستوویەتی ئەتەوێ لە عیراق دەرچیو خومەینی ئەڵێ داوات لێ ئەکەم یەمێنیتەوە تا بەردەوام بی لە ناوبراو بە جهاد بۆ رزگاری گەلی عیراقو [هەڵگیرانەوەی رژێمی بەغداد] بروسکەی کراوە بەتلکسو ئەوان ئەزانن ئەم بروسکەیە پەلای کاربەدەستانی عیراقدا ئەروات ، جا ویستت نەویستت بەدەمێ تا لە سەری پێوانەی ئەوە بکەن چۆن سەیری عیراقو گەلی عیراقیان ئەکرد .

وابان ئەزانی عیراق کەرێکە ئەتوانن هەر کاتێ بیانەوێ بیبەستن بە وڵاتی ئێرانەوە بەداگیرکاری عەسکەریو دەیان پێشنیارمان ناردو هەموو ئەم قسانە تۆ مارکراونو بە بەڵگەوەوورمان ئەکردنەوە بەجوێن نەبێت و بە هەرەشە نەبێت وڵامیان بەرامبەر هەڵسوکەوتو ئەم رێگاگرتنە نەئەدایەوە بەو جۆرەی کە ئینکاری پچوك ترین مافی رێزو نیشتمانیەتی عیراق ئەکات .

● دەبوایە بەرەنگاری دوژمنایەتیمان بکردایە ●

جا رۆژی ١٩٨٠/٩/٤ رۆژی پەلاماریان داو بۆردومانی ژمارەیەك شاری عیراقیان کردو کار بەرەیسەند بۆ داخستنی شط العرب تا بۆردومانی پایۆرەکانی بێگانەو عیراق لە شط العرب .

ئەمانە هەموو بەر لە رۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ بوونو ئەبوایە بەرنگاری دوژمنایەتیکاریانمان بکردایە چونکە ئێمە قبوڵ ناکەین هەر لەسەر سکمان بژین بەڵکو ئەبێت بژینو ئەو بەهایانە دروست بکەین لایەقی بە عیراقیەکانو عەرەبە وەك چاومان لێبەتی بەبێ دەستدرێژی لەکەسەوەو بەبێ بەبچوك زانینی کەس

لە رۆژی ١٩٨٠/٩/٢٨ دا بەئاشکرا لە رادیوو تەلەفزیۆنەوە قسەمان ئاراستەی هەموو کەس کردو وتمان ئێمە ئامادەین شەڕ بوەستێنینو هیچ مەرجمان نیە ئەوەنەبێت ئێران رێزی عیراق بگرێو رەگەزێکی ئیجابی بێت لە ئاسایشی خەلیجو رێزی سیادەتی عیراقو رێگای هەڵبژاردەی گەلی عیراق بگرێ بەبێ دەست وەردانە کاروباری ناوخۆیی .

دوابی بەپێشنیاری ضیاء الحق سەرەکی پاکستانو ابو عمار رازی بووبن بەشەڕ وەستاندن لە یەك لاوەو سەربازەکانمان یەخەگیری دوژمن بوون .. گرانترین بریارو گران ترینو گرێ دار ترین بریاربوو شەڕ بوەستێنیو تۆ لەگەڵ لایەنی ترا تێکچرا بنو شەڕبکەن بەبێ ئیلتزام لە لایەنەکەی ترەوە .

لەگەڵ ئەوەشدا موافەقەتمان کردو رامان گەیاندو دوژمن بەردەوام بوو لە رێبازی دوژمنایەتیکاریو دوابی لە لایەن دۆستانو برابانەوە بێمان وترا مادەمیکی لەشکرەکەتان لەناو خاکی ئێرانەدایە ئێرانیەکان باوڕناکەن ئێوە ئاشتیتان ئەوێت . وتمان مادەم وابە ئەگەرێینەوە بۆ سنوورمان .. گەڕاینەوە سنووری دەوڵەتیو ئەوان لەسەر رێبازی دوژمنایەتی بەردەوام بوون بەڵکو بەردەوام بوون لەسەر راگەیاندنی ئەوەی ئەبانەوێ عیراق داگیربکەنو رژێمێ وەك ئەوەی لە ئێران هەیە تیا دابمەزرێنن .

● نەفامیان کوێری کردن ●

بەبراکانمان لە وڵاتانی خەلیج ئەڵێن ، بەوتەی ئاشکرا لەمدوایەدا دووهەفتە یان سێ هەفتە لەمەوبەر بوو ئەڵێن گوایە ئەوان لێیان خۆش ئەبن ئەگەر دەستیان لە پشتیوانی عیراق هەڵگرت .. لێیان خۆش ئەبن ... سەیرکەن بە چە بچوکیەك سەیری ئەم نەتەوە دێرینە مەزنە ئەکەن ، ئەی کوێراییان دایەت .. سەبرکەن .. وابان ئەزانی ئەتوانن لەتارانەوە کاری بەغداد رابەرای بکەن .. نەفامیان کوێری کردن نەیان ئەزانی بەغداد کە لە وێژدانی عەرەبدا ئەژیو عەرەب لەویژدانیا ئەژی بەشێکی زیندوە لە مرۆڤایەتیو مێژووی پیرۆزی دامەزراو لەسەر ئیعتباراتی رێزی مرۆڤایەتیو بیێتە بەشێك لەو ..

سەیر بکەنو سەرنج بدەن لایان وایە ئەوەندە ئاسانە ئەتوانن حوکمرا دانێنو رژێم دروست بکەن بەبریارێکەوە لە تارانەوە دەرچێت .

ئامانجیە گەلی عیراق غیرەت بیگرێ نەك هەر بۆ بەرگری کردن لە خۆی بەمانای غەریزی چونکە ئەمە ئەگرێ بێ بەڵام ژیان بەمانای پێشکەوتووی تۆی لەسەر بنەڕەتی ئەم بەهایە .

بەر لەوەی بێم بۆ لاتان ئەمرۆ لە لایەرەیەکدا لام وابێ لایەرەی پێنج بوو لە رۆژنامەیەکماندا ناوی ئەوانەم خوێندەوە ماڵیان بەخشیوە ناوی دابکێم دی دوو شەهیدی بەخشیوەو هاتووە ماڵو زێر ببەخشێ بەرای خۆی بەسنیە دوو شەهیدی داوە تا بڵێ من ئەرکی ئەمانەتی خۆم بەرامبەر شەرەفی گەڵو نیشتمانو نەتەوە بەجێ هینا .

● گەلی عیراق ناریکی نایبەزێنێ ●

لەبەر ئەوە برایانو دۆستان دڵنیابن کە گەلی عیراق پشت بەخوا لە بەردەم تاریکیدا هەڵنابەتو نابەزی چونکە ئەگەر بەزی لەبەردەم تاریکیدا ئەوسا وای لێ دێ وەك ئێمە لە بەردەم حاڵەتیکا بین کێشانی هەموو بۆ چونیکی مرۆڤایەتی تیابدا قلپ ئەبێتەوە وەك ئەوەی ئێمە بێودفا بین لەبەردەم بەهای مرۆڤایەتی نوێدا .. چۆن ئەبێ ، ئەوانەی لە حاڵەتی دواکەوتوویو بەپێوانەی سەدەکانی ناوەراست ئەژین ئەشکێن لە بەردەم ئەوانەدا بە عەقلیەتی پێشکەوتووە ئەروانە بیناکاری ژیان بە ئەڵقە دیارەکانیەوەو بەیەقینەوە بەوەفائەبین تا تۆزیکش بێ بێ وریەیو تاڵی لە دەرونتاندا نەبێت ، ئێمە پڕ باوەڕین بەگەلی عیراق هەرچەندە بەپێی حسابی نیسبەتو تەناسب کەمترە بە پێوانەی ئەو ژمارەیەی رامان ئەکرێنە مەیدانی شەر لەلایەن دوژمنەوە بەڵام لەروانینی ئێمەدا ئەوندە بەسە ئەو دوژمنە کەروو بەرووی گەلی عیراق ئەبێ تاریکی ئەبەزێو ئەم سەرئەکەوێت بەسەریا .

ئێمە بەئێوە شادمانین بەخێربێن بۆ بەغداد .. پشت بەخوا هەمیشە بەخێر ئەتان بینینو جوانتربنو بەهێزترین شیعر ئەڵێن بۆ ژیان .. بەخێربێن .

Institut kurde de Paris

وتەکەی
سەرەکی فەرمانده
صدام حسين لە کاتی
چاوکەوتنیدا بە وەزیرانی
عەدلی عەرەب
١٨/٤/١٩٨٤

ئێمە لەوانەین
کە بە قەدەر
لە سەر لەق
کردنەوەیان
ئاشتی خوازن

ئەتوانین، سەری دوژمن پان بکەینەوە

ئەمە دەقی وتارەکەی سەرەکی فەرمانده صدام حسینە لەکاتی پێشوازی کردنیا لە وەزیرانی دادپەروەی عەرەب لەرۆژی چوار شەممەی رابوورودودا کە بەرێز تیایدا فەرموویی :

زۆر شادمانین بەوەی کە ئێوە لەناومانان وەك برایانی خۆشەویست لەولاتی خۆتاناو لەناو برایانتانا .. بەخێربێن بەسەرچاو .

کاتێ کە سەیری مێژووی باوباپیرانمان دەکەین دەبینین باوباپیرانمان بەشێوەیەکی دیار گوێیان دەدایە سێ ئەلقەی بنەڕەتی لە دەولەتو لەکۆمەلگادا کە برێتین لە دادپەروەران و دادگاەو رۆشنبیری و فیقهو سوپا هەموو ئەم سووچانە بەسووچێکی بنەڕەتی دادەنران لەحیساباتیانا بۆ راپەراندنی ئەو بیرو باوەڕانەی کە باوەریان پێی بوو کە ڕووناکی یەکەیان گەیانده هەمووی مرۆڤایەتی ..

لەبەر ئەوە گوێیان دەدایە دادپەروەران و دادگا چونکە دەستکەوت لە رادەی کۆمەلایەتی و ئابووری و ژیاندا هەرچەندە زۆربێ هیچ نرخێکی نابێ ئەگەر لەکردەوەو تێڕوانینا دادپەروەری لەگەلا نەبێ .

لای هەموویشمان ئاشکرایە دەوری دادپەروەران چییە لە بڕیاردانی دادپەروەریداو بەلکو هەروەها لە هەلکراندنی قانوونە بنەڕەتی یەکانی پشتگرتنی هەلوێستی دادپەروەرانەدا بەو شێوەیەی کە پشتگرتن پێویست بێ .

پشت بەخوا هیوامان وایە ئێمەی عەرەب بتوانین ئەم مەیدانە چ چاودێری و سەرپەرشتی و گوێپێدانێکی بوێ بیدەینێ لەعیراقەوە تا ولاتەکانی تری نیشتمانی عەرەبو شارەزایی و تاقیکردنەوەیان لەگەلا ئالو گۆڕ بکەین بە گیانێکی برایانەی واوە کە دووربێ لە هەموو جۆرە چوارچێوەیەکی هاش و هووش و لە بارەی پرۆتۆکۆلیشەوە وەك لەزمانی بێگانەدا پێی دەوترێ کەبرێتی یە لە ئوسوول و بناغەکانی سەیر دەکەین هەتاکو لەعیراقیشدا شوێنی وەزارەتی دادپەروەری لەپلەیەکی دوادا دەهات لەزنجیرەی وەزارەتەکاناو .. بەلام ماوەیەکی زۆر نیە نزیکەی لەسنووری ساڵێکدایە ئەمە چاك کراوە .

لە بارەی گوێ پێدانیشمانەوە بەوپێیەی کە یەکەم یا دووهەم کەس بین یا پلەی تر ئێمە کە ئیشێکمان دێتە بەردەم لەناو دە ئیشدا لەم بوارەدا بە شێوەیەکی واسەیری دەکەین کە پێشی بخەین لەسەر ئیشی تر .. لا یشم وایە بەیارمەتی خوا لەگەل کاتدا لەعیراقدا یا لەولاتەکانی تری عەرەبدا دەگەینە ئەوەی ئەم جێگایە بخەینە ناو چوارچێوەی راستو شوێنی راستەوە .

★ لە مێژووی عەرەبە موسوڵمانەکانا

ئەگەر باسی مێژووی باوباپیرمان بکەین و ئەوەی کە هەموشتێ دیارترە لەم مێژووەداو ئەگەر لە مێژووی عەرەبو موسوڵمانە پێشووەکان بدوێین هەندێ ئەلقەی دیاری کراو نەبێ .. سەیر دەکەین دیارترین شت لەم مێژووەدا لائیعتیباری یەکانیەتی نەك لا ماددی یەکان .. شوێنەوارە ماددیەکانی ژیان دەمارمان هەڵناسێنێ هەرچەندە پێویستیشە بۆ ئەوەی ژیان ببووژێتەوەو توانا هەڵبقوڵێ وەك ئەوەی ئەو ئیعتیبارە مەعنەوی یانە راستی دەکەنەوە کە باسی رەوشتو رەفتاری باوپیرانمان دەکرێ ئەوەی جۆرە جێگایەکیان هەبوو لە رژێمی حوکمرانیدا .. ئێمە کە باسی ئازایەتی بیروباوەڕ دەکەین هەمیشە گەورەمان (علی) باس دەکەین کە پاڵەوانی بوو کە باسی دادپەروەری وردی توند دەکەین لەپێناوی کرۆکی دادپەروەریدا عمری کوری خطاب مان دێتەوە یادو بێجگە لەمانەیش نموونە لەم نەتەوەیەدا زۆرە کە ئێوەو ئێمە بەشێکین لێی .

گەل ناتوانی لە بیروباوەڕ بگا ئەگەر ئەم بیروباوەڕانە بەشێوەیەکی پێشکەوتووانە لەژیانی گەلدا خۆیان نەنوێنن لەچوارچێوەی هەست پێ کراودا هەر لە پلەی ژیانەوە تاچالاکی یەکانی تر بەلام ئەگەر هاتو هەر بە مەجازیش ئەمە هەبوو لەگەل دواکەتنی شوێنی دادپەروەریدا شتێکیوا گرنگ بۆ مێژوو بەجێ ناهێڵین کە ناومانی پێ ببرێ وەك چۆن هەموو ئینسانێکی عەرەب لەهەر ولاتێ لە ولاتەکانمانا هیوایەتی کە ناوی بەچاکە ببرێ .

وەك برا جێگاتان لە دەروونمانا قووڵەو جێگایشتان لەو دەورە بەرپرسیارەدا کە هەتانە وەك وەسفمان کرد قووڵە لە دەروونماندا .

★ سەرەتای راستەقینە

ئەوەی لەهەمووشتێ زیاتر خۆشی دەخاتە دڵمانەوە ئێمەی عەرەب ئەوەیە سەرەتای بەیەك گەیشتنی تاقیکردنەوەو کارکردنیان لەیەك بەمێشکێکی کراوەو بەدەروونێکی برایانەی زیندووەوە دەرکەوتوەو بەیەك گەیشتنەکەی ئێوە دەکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوە .

شانازیمان بەوەی لەعیراقدا وەدیمان هێناوە نابێتە کۆسپ لەبەردەممانا بۆ ئەوەی سەیری تاقیکردنەوەی براکانی یەمەنمان بکەین و بەکار لەیەك کردنی برایانەوە نەك بەشێوەی گوێزانەوە لێیەوە وەربگرین و لە هەمان کاتدا چی زانیاری و تاقیکردنەوەیەکمان بێ بیکەینەوە لەبەردەم برا عەرەبەکانمانا بۆ ئەوەی سەیری بکەن و ڕەنگە بەکارلێکردنی برایانە سوودی لێوەربگرن ،، من لام وایە ئەمە گرنگترین شتە لە مێژووی عەرەبدا ئەگەر بێتە دی و لامەوایە لەگەل هەموو ئەو خالە سەلبی یانەدا کە ڕەنگە بڵێن ئێمە بەرامبەر بە عیراق تۆماری دەکەین یابەرامبەر بەتێکرای بار بەشێوەیەکی گشتی یا بەرامبەر بە هەرولاتێکی تری عەرەب .. بەلام من خۆم بەو پێیەی کە هاوولاتی یەکی عەرەبم من ئەمە بەسەرەتایەکی راستی دادەنێم و هیوایشم زۆرە پێی .. بەلام ئایا بۆ هیوای زۆرمان پێ یەتی .. چونکە لامان وایە بەخشندەیی لەدەروونی ئەتەوەومێژووی و کە لەپوورو توانای ئیستایدا لەوجۆرەیە کە بتوانێ وەك کانیاوی خێر هەڵبقوڵێ کە دەسنیشان بکرێ .

یەکێك لەو ڕێگا سەرەکی یانەی گەیشتن بەمە ئەوەیە کە بەبناو بەین بەجۆرەها پلەمانەوە دانیشین بۆ ئەوەی کاروبارمان ڕێکخەین و هەریەکێ لە ئێمە بیروباوەڕی بەهەموو سەلەریەستی و برایەتی یەکەوە دەربخاو هەتاکو ئەگەر شانازیش بکا بە تاقیکردنەوەکەی دەبێ لای وابێ کە تاقیکردنەوەکەی دواتاقیکردنەوەو باشتریانە بەلکو تاقیکردنەوەیەکی ئادەمیزادانەی عەرەبی یەو لەچوارچێوەی دەوروبەری عەرەبیدا بەوجۆرەی کە دەردەکەوێ بۆ شارەزایان کەوابوو دەبێ بە مێشکێکی کراوەو بەگیانێکی واوە مامەلە لەگەل تاقیکردنەوەکانی برا عەرەبەکانی تریەوە بکا کە خێرخوای هەموولایەك بێ و هەموومان بچینە جێگایەکی باشترەوەو دەبێ بۆڕبۆڕێن لە نێوانمانا ئێمەی عەرەب بەوشێوەیەمە نەبێ کە کامەمان لەوی ترمان باشتربین بەگوێرەی ئەو کێشانەو پێوانانەی کە زۆر زیانیان پێگەیاندین بەلکو چۆن هەموومان بەپێوانەیەك باشتر دەبین لەوبارەی کەپلەکەی کەمتر بوو بۆهەموومان . یانی بەو گوێرەیە پێوانە بکەین کە ئومێدمان پێیەتی و سەیری ئەو بارە بکەین کە تیایداین و هەموو هەوڵی ئەوە بدەین کە باشتربین .

★ پێشکەش کردنی وێنەی تەواو

ناتوانین هەموومان باشتربین لە حاڵمان تاکو دەستنەکەینە هەنگاوی راست کە ئەویش ئەوەیە بکرێینەوە بەرامبەر یەکتری بەوەی کە وێنەی تەواو لەبارەی هەموو بارێك لە بارەکانمانەوە پێشکەش بکەین .. بارودۆخ ڕێگەی چی داو چیمان کردو چ وێنەیە لە مێشکمانا هەیە بۆ ئیشێکی تر .. دوای ئەمە لام وایە هەر یەکێ لە ئێمە دەبینێ کە تاقیکردنەوەکەی شتی سەلبی تیایەو تاقیکردنەوەی براکانی تری شتی ئیجابی تیایەو ئیتر ڕەوتی عەرەبی دەکەوێتە ڕێ لەسەر رادەی بەیەك گەیشتن لەسەر کەمترین سنووری کەتوانای بەرەوپێش چوون و بەرەوژووربردنی کۆبوونەوە داهاتووەکانی بێ و لەهەموو حاڵێکدا بەیەك گەیشتن لەهەر پلەیەکدا کە کەمترین سنوور دەبڕێ بەتینێکی هاوبەشەوە لەلایەن هەموو عەرەبەوەو بەکارێکی یەکگرتوو لەبارەی ڕێبازی گشتی یەوە هەتاوەکو ئەگەر ئەمە تاقە یەك هەنگاویش بێ باشترە لە دە هەنگاو کە وڵاتێ یا دوو وڵات بینێ لە بارەی ئەنجامەوە بۆ نەتەوەی عەرەبو بۆ پاشە ڕۆژی عەرەب بێ ئەوەی ئەمە بەیەك گەیشتنی عەرەب پەك بخا لەسەر هەر سنووری یا پلەیەکی رای پێکهێنان بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی بەرزتر بەپێی تواناو لێهاتنو بەوشێوەیەی کە هەر وڵاتێ لە وڵاتە براکان دەیبینێ چونکە ڕاستی یەك هەیەو ئەمەیش ئەو ڕاستی یە بیروباوەڕدارە هەڵناوەشێنێتەوە کە دەیڵێم دوای ئەوو ئەمەیش ڕاستی یەو ئێمە وەك دەولەتو ڕژێم بۆچوونی خۆمانمان هەیە ڕەنگە ڕێك بکەوێ یا جیاوازبێ ڕاستی یەکەی تریش ئەو ڕاستی یە مەبدەئی یەیە کە پاڵی داوە بە واقیعکی مێژووییو کەلەپوورێکی قووڵەوە لە مەبدانی پێکهاتنی دەولەتەوە لەبارەی سیاسیو لەمەبدانەکانی تردا . رۆشنبیری و شتی تر .

★ ئێمە یەك نەتەوەین

ئێمە یەك نەتەوەین کەوابوو چۆن ڕەفتار دەکەین لەگەل ئەم دوو ڕاستی یەدا بێ ناکۆکی .. چۆن وەك یەك نەتەوە ڕەفتاردەکەین بێلەوەی بازبدەین دوور لە واقیعی مەوزووعی ئەوەی کە ئێمە وڵاتین و چۆن وەك وڵات ڕەفتار دەکەین لە چوارچێوەی ئەو واقیعە نەتەوەیی و تایبەتی یە ناوخۆیی یە نیشتمانی یەدا بێ ئەوەی ئەم ڕەفتارە لەسەر حیسابی ئەوەبێ کە یەك نەتەوەین و بێگومان لام وایە کە یەکێ لە هۆ سەرەکی یەکان لەناو هەندێ هۆی کەمی سەرەکیدا یانی یەکێك نیە لە دە هۆ ڕەنگە یەکێ بێ لەسێ هۆ کە ناهێڵێ بە هاوسەنگی یەکی فامکراووزانراوو واقیعی و لەهەمان کاتیشدا شۆڕشگێڕانە یانی بەواتایەکی واقیعی و مەوزووعیوا کە شتومەك بەوجۆرە ببینێ کە هەیەو لەهەمان کاتیشدا ئەو شتەی کە دەیبینێ نەکا بە کۆتێك بۆ ئیش کردن یەرەو پیشەوە ..

یەکێ لەگرنگترین هۆ حەساسیەتی تایبەتیەتی نیشتمانی خۆمالی یا تێروانینی ڕۆمانتیکی ناواقیعی و بەم جۆرە کاتێ کە نا واقیعی بێ ناشۆڕشگێڕ دەبێ و ئەوی تر ئەوەیە کە دەتوانین بەسەر واقیعی نیشتمانیدا خۆمالیدا بازبدەین و هەر لەمێشکی هەندێکمانا بازبدەین بەسەر مەترسی یەکاندا . بەیەك گەیشتنتان بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە لە زۆر لەم حەساسیەتانە لامان داوەو ناڵێم هەموویان بۆ ئەوەی پێم نەڵێن ناواقیعی یە بەلام بەیەك گەیشتنانە ڕاهێنانێکە بۆ دەروون و بیرو ئیش بۆ هەموومان بۆ ئەوەی وردەوردە واز لە حەساسیەتی نامەوزووعی وازبێنین .

★ دووربوون لە خاترداری

تا ئیستا نەمپرسیوە چیتان وەدەست هێناوە لەم کۆبوونەوەیەتاندا بەلام ئەم بەیەك گەیشتنە بەتەنیا و بەیەك گەیشتنتان لە نێوانتانا بڕیاری وای لێوە پەیدا دەبێ خزمەتی نەتەوەی عەرەب بکاو هەریەکێ لە شێوە هیوای ئەوە دەکا کە ئەمبڕیارە حاڵەتێکی دوورتر بوایە لەوەی کە بڕیاری لەسەردرا بەلام بەیەك گەیشتن لەسەر سنوورێکی هاوبەش و بەتینەوە ئەوەیە کە لەم بەیەك گەیشتنانە داوادەکرێ و تکام ئەوەیە کە دووربن لەخاترداری لەبڕیاردەرکردندا چونکە گرنگ ئەوەیە بڕیارێك دەربکەین کە باوەڕمان پێی بێ و هەنگاوێك باشترە لە دەهەنگاوی سەر کاغەز کەهەمووی ناهێنینەدی .. هەنگاوێکی سەر کاغەز کە هاتبێتە دی وەك ئەوەی لە واقیعدا هەیە باشترە لە دە هەنگاوی سەر کاغەز بێ ئەوەی بەکێکیان بهێنینەدی لەواقیعداو یەکەم تکام ئەوەیە کەخاترداری بخەینە لاوە سەبارەت بەهەربڕیارێك کە لەوەزیری دادپەروەری عیراقەوە دەربچێ .

Institut Kurde de Paris

سەرەکی فەرمانده : بەهای جەنگاوەران نموونەیی‌یە چونکە لە خوێن وەرد راوەو دەربڕی نیشتمانپەروەریەتی‌یە

بەرێز سەرەك موهیب روکن صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان پێرێ چاوی بە ژمارەیەك ئامیرو ئەفسەری هێزە چەکدارەکانمان کەوتوو لە وتەیەکدا لەم چاوپێکەوتنەدا وتی : بەهای جەنگاوەرەکان ئەگەرچی بەشێکە لە بەهای گەل بەڵام لە لایەنەکانی شێوازی کار پێکردن نموونەییە لەوانەی جەنگاوەرنین چونکە لە خوێن وەرداوەو نیشتمان پەروەریەت بە هەموو مانایەکی قوڵو رەسەنیەوە دەرئەبڕیتو بەهای پیاوەتی بە هەموو مانایەکی رەسەنیەوە دەرئەبڕێت .

ئەمەش دەقی وتە بەنرخەکەی سەرەکی فەرماندەیە :

لەمەوبەر هیچ دابینی‌یەك نەبوو لە عیراقدا لەبەر ئەوە باوك سووربوو لەسەر ئەوەی هەندێ شت دابین‌بکا بۆ خێزانەکەی لە لادێدا پێی دەوتن ئەوەندە سەر مەڕو ئەوەندە سەر ولاختان بۆ بەجێ دێڵم .. لە شاریشدا باوك بە کوڕەکانی دەوت ئەوەندە کلیل یانی ئەوەندە خانوو و ئەوەندە دووکانو ئەوەندە پارەتان لە بانقا بۆ بەجێدێڵم بەڵام ئیستا عیراقی‌یەکان دابین‌کراون لەو کاتەوە لە دایك‌دەبن تا ئەو ڕۆژەی بە ئەجەل دەمرن .

بەهای جەنگاوەرەکان هەرچەندە بەشێکە لە بەهای گەل بەڵام لەبارەی خستنەکارەوە لە هەندێ لایدا جیاوازە لە بەهای ئەوانەی کە جەنگاوەر نین چونکە لە خوێندا هەڵکێشراوەو بە هەموو مانایەکی قوڵو ڕەسەنەوە نیشتمانپەروەری‌و پیاوەتی دەردەبڕێو لە مەیدانی شەڕداو بە لوولەی تۆپو تفەنگ خۆی دەردەبڕێ هەرچەندە بەشێکە لە بەهاکانی گەلی عیراق لەو قۆناغەدا کە تیایا دەژین‌و ئەوەی کە نەخشەی بۆ دەکێشین بۆ ئەوەی نەوەکان لە بەهاکانیا بژین ئێمە هەروەها لەوەشا جیاوازە چونکە بە هەموو مانایەکی دەربڕینی ڕەسەن لەم بارودۆخەدا لەو خوێنەی کە لە مەیدانی شەڕدا دەڕژێ خۆی دەردەبڕێو جەنگاوەری قادسیە گرنگترین شتێك کە پێویستە بەجێی بهێڵێ بۆ خێزانەکەی ئەوەیە کە پێیان بڵێ بارمتەیەکی وام بۆ بەجێ هێشتن بڕێتیە لە ئەوەندە دانە مەدالیای ئازایەتی‌و دلسۆزیم بۆ نیشتمان‌و مانای پیاوەتی‌و شەرەفم بە خوێن‌ڕشتن دەربڕیوە بەو هەڵوێستانەی کە هەمبووە لە گۆڕەپانەکانی شەڕی ئەم قادسیەیەدا .

من لام‌وایە ئەمە گرنگترین شتێکە کە خێزانی عیراقی هەڵیگری بۆ (٥٠) یا (٢٠) یا (٣٠) یا (١٠٠) ساڵ نەك قەوارەی ئەو پارەیەی کە دانرابێ لە بانقا یا ژمارەی ئەو کیلانەی پاش پیاوان بۆ خێزانەکان بەجێهێڵرابن چونکە سوپاس بۆ خوا خێزانەکان دابین‌کراون .

ئا ئەمەن بەها تازەکانمان‌و عیراق پشت بەمانە دەبەستێ لە هەموو بەخشندەیی‌یە دیارەکانیا لە مامەڵەکردنا لەگەڵ ژیان بەوەی کە دەورێکی پێشەوایی‌یانەی بەرپرسیاری قووڵی هەیە لەو بەخشندەیی‌یەیدا کە پێشکەشی ژیانی دەکا چ لە مەیدانی بژیاتنان یا مەیدانی شەڕدا بۆ بەرگری‌کردن لێی یا بۆ بنیاتنان‌و دامەزراندنی . بەخشندەیی عیراقی‌یەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا لابەلایی هەموو لەم مەیدانەدا بەشداری دەکا هەر کەسێ لە شوێنی خۆیەوە بە تفەنگ یا بە قەڵەم یا بە هۆیەکانی تری بنیاتنان‌و ئاسانکردنی ئەرکی ئەو جەنگاوەرانەی بە شەرەفەوە ئەرکی خۆیان دەبینن لە بەرگری‌کردن لە عیراقی مەزندا .

منال بەشداریتان لەگەڵدا دەکا بەو گۆرانیەی کە هانتان دەداو هانم‌دەداو گۆرانی منالانی عیراق منیش هان‌دەدا کە صدام حسین‌م نەك بەو مانایەی کە ئازایەتیم پێ دەدا بەڵکو یەقینم پێ دەبەخشێ بەهۆی هۆیەکی خاوێنەوە کە بڕێتی‌یە لەو قسەیەی کە لە منالەوە دەیبیسین‌و بەو ماناو قسەیەی کە دڵی منالانی عیراقی پێ لێدەداو خۆشەویستی دەردەبڕێ بۆ ئەو جەنگاوەرو پیاوانەی کە چۆن پێویستە بێ وا شەڕدەکەن لە گۆڕەپانەکانی شەڕداو هێزێك دەدا بەو ژیانەی کە لە پێناویا شەڕدەکەن وەك هێزی قەڵەمی بەشەرەف‌و بێلی جووتیار کە بە هەستێکی نیشتمانپەروەری‌ی بەرزەوە ئیش‌دەکا بۆ ئەوەی وڵات چی پێویست بێ لە بواری کشت‌وکاڵدا بیداتێو کرێکاری بەشەرەف لە پشت مەکینەی بەرهەمهێنان‌و ئامرازی بەرهەمهێنانەوەو شاعیری جوامیر لەوەیدا کە بنی دەروونی پێ هەڵدەقوڵێو ئافرەتی سەربەرزی عیراقی لە هەموو بوارێکدا لەو شوێنەیدا کە هەیەتی لە ماڵو ئیش‌و لە هاندانی پیاواندا .

ئەمەیە عیراقی تازەو سوپاس بۆ خوا بۆ ئەم عیراقە تازەیەی کە بەری ئەو هێرشە نەگریەی گرت کە لە ڕۆژەڵاتەوە دێت‌و بە هەموو گرێ‌کوێرەیەکی مێژوو و مانای دواکەوتن‌و کینە بارکراوەو لەگەڵ ئەوەیشدا نائومێدی بەشی‌بوو بە یارمەتی خواو بە هیممەتی ئەو پیاوە بەغیرەتانەی کە بە شەرەفەوە بەرگری لە خاك‌و گەل‌و دەروون‌و هیوا ڕەواکانی دواڕۆژیان‌و بیروباوەڕی نەتەوە دەکەن ، نائومێدی زیاتر هیچی تر بەشیان نابێ .

هەموو بارودۆخێ سیمای خۆی هەیەو لە کاتی ڕوودانی شەڕێکدا هەندێکتان جێگایەکی بەرگری توند دەگرن‌و هەندێکتان خۆی بۆ هێرشی بەرانبەر ئامادە دەکاو هەندێکتان جارجار بارودۆخ ڕێگەی دەداتێ کە هەندێ لە وەحدەکانی یا لە وەحدە لقەکانی بکێشێتەوە بۆ دواوە بۆ ئەوەی بە گوێرەی بەرنامەیەکی تایبەتی مەشقی پێبدا و ئەوەی تکاتان لێ دەکەم کە باسی‌بکەن بۆ جەنگاوەرەکان‌و بە تایبەتی بۆ ئەوانەمان کە ئەفسەر نین‌و پێبان بڵێن کەوا ورد دەبن لەگەڵیانا لەبارەی زەبتەوە هەتاکو لەناو خەندەقی شەڕیشداو تکادەکەین کە ئەوە بزانن ئەمە شتێك نیە پێوەندی بە ڕواڵەتەوە هەبێتو سوورین لەسەری بەڵکو بارێکە پێویستمانە بۆ پاراستنی خوێن‌و شەرەفی سوپایتان‌و ئەگەر سوورنەبین لەسەر ڕادەیەك لە زەبت هەتاکو ئەگەر لە مەوزیعیشدا بن ناتوانین بەو شێوەیەی پێویستە زەبت‌و ڕەبتمان هەبێ لە بارودۆخی شەڕدا بۆ ئەوەی خوێنتان کەمترو شەرەفی عیراقی‌و سوپایتان پارێزراو بێ .

من لەوە تێدەگەم‌و ئێوەیش تێدەگەن کە شەڕ ڕادەیە لە پلەی زەبت دەبا چ ئەگەر بەراوردی بکەین بە زەبتی پیاوانەوە پێش شەڕو زەبتیان لە کاتی شەڕدا یا بە بەراوردکردنی ئەو بارەی پیاوانی تیادەبن لە کاتی بەگژدا چوونی دوژمندا لەگەڵ ئەو بارەی کە تیایا دەبێ لە ئۆردوگاداو هەر بارێ جیاوازە لە بارێکی تر بەڵام هەر پلەیەکی بالای زەبتمان دەستکەوێ لە بارودۆخی پێش شەڕدا دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کە لە بارودۆخی بەگژداچوونی دوژمنداو هێزی ئامیر لەوەدا کە قسەکەی ئەبێ بەگوێی بکرێ کاتێ کە قسەی کاریگەری نامێنێ وەك ئەوەی پێویستە لەو کاتەدا بەسەر جەنگاوەرەکاندا لەکاتی بەگژاچووندا یا کاتێ کە ئەم کاریگەری‌یە کەم دەبێتەوە لە ئەنجامی شەڕەکەی لە کیس دەچێ بەقەدەر ئەوەندەی کە قسەکەی کاریگەری کەم بێتەوە یا بەقەدەر ئەوەندەی کە قسەکەی کاریگەری کەم بێتەوە یا بەقەدەر ئەوەندەی کە **کاریگەری‌ی** قسەکەی بفەوتێ .

لەبەر ئەوە کاتێ کە ببینین ئەو ئامیرەی بەرپرسیاری مەشق دادانە یا بەرپرسیاری فلان ڕەهتە لە گۆڕەپانی مەشقداو کاتێ کە سەربازەکانی ڕاوەستاندبێ دەستی بەرەو بن‌قۆڵی درێژ بکا لە ئیستیعدادکردنا ئەگەر پەنجەکانی چوونە ژێر بن‌قۆڵی سەربازەکەوە ئەم سەربازە ناباشە دەڵێ وانیە . هەندێ دەڵێن مەبەستی چی‌یە کە واو وا بوەستێو لەپی دەستێکی تەواو بخاتە بن‌قۆڵی‌یەوە وەڵام چ زیانێکی هەیە .. ئەء زیانی هەیە چونکە ئەم سووربوونە لەسەر زەبت شەخسیەت ئامادەو ساف‌دەکا بە جۆرێکی وا فەرمانی سوپایی دەبێتە ئەو حاڵەتەی کە سوپایی لە زەحمەت‌ترین حاڵەتدا کە لە بەردەمیایە بێتەوە بیری‌و بەگوێرەیەوە ڕەفتار بکا .

برایانم دەمەوێ لە زەحمەت‌ترین حاڵەتدا ئەمەتان لەبیر نەچێ چونکە بناغەن‌و یەکێك لە مەرجە سەرەکی‌یەکانی بنیاتنانی شەخسیەت بۆ **ڕووبەڕووبوونی** زەحمەت‌ترین حاڵەت ، مەشق‌کردن ئامادەکردنی دەروونی‌ی ڕاست‌و بینای فیکری‌ی هاوسەنگ‌و ڕاست‌و ساغ سێ مەرجی سەرەکین کە لە ئامیری باش‌و قائیدی باشدا کۆ دەبنەوەو هەموو ئەم مەرجە سەرەکی‌یانە بەکار دێنێ بۆ سافکردن‌و بنیاتنانی شەخسیەتی سوپایی بۆ ڕووبەڕووبوونی حاڵەتی زەحمەت یا زۆر زەحمەت‌و هەر کاتێ کە پیاوان بە ڕادەیەکی باڵاتر لەوانی تر ئەم ڕواڵەتانەیان تیابوو ئەنجامی باشتر پێشکەش دەکەن لە ئەنجامی ئەوانی تر .

سڵاومان بۆ براکانتان کە بە خۆشی دەگەڕێنەوە بۆ لایان سڵاوی زۆرمان بگەیەنن بە کەس‌وکارتان .. خوا ئاگای لێتان بێ .

دابونەریتی عەرەب وایە کە ئەگەر سەر لە یەکێ لە براکانت بدەیت بە بارێکی بەهێزتر لەوەوە قسە دەکەی کە ئەگەر ئەو سەرت لێبدا .. کەوابوو ئەم ڕێبازە پەیڕەو بکەن‌و ئەمەیە داب‌و نەریت ئەگەر وەزیری دادپەروەری عیراق هەر بیرێکی هەبوو خۆزگەی ئەوەی تیا بخوازێ کە هەر بارێك بگۆڕێ لە بڕیارێکدا لەو بڕیارانەی کە وەری‌دەگرن پێویستە لەسەری کە ئەو بیرەی بڵێ کاتێ کە ئەو دەبێتە خاوەن هەنگاو بەسەر براکانیەوە لە کوەیت یا لە ئیمارات یا لە هەر وڵاتێکی عەرەبی تردا .

بەڵام لێرەدا لەم کۆنگرەیەدا پێویستە برا عەرەبەکان بیرو باوەڕیان بە توندی بڵێن چ بە نەویستن یا بە وەرگرتن چونکە ئێمەی عەرەب پێویستمان بەمە هەیە .

★خێر بەڕێوەیە بۆ نەتەوە

بەیارمەتی خوا خێر بەڕێوەیە بۆ نەتەوە لەگەڵ هەموو ئەو بارە سیاسی‌یە سەلبی‌یانەی کە ڕووبەڕووی عیراق دەبنەوەو لەگەڵ هەموو ئەو مەترسی‌یانەی کە کۆبوونەتەوەو ناسراون‌و ڕووبەڕووی نەتەوەی عەرەب بوونەتەوە بۆ ئەوەی بەش‌بەشی بکەن‌و لەتەلەتی بکەن‌و ـ وادیارە ئەو ٢٢ کەرتە تا ئیستا بەشیان ناکاو دەیانەوی لەم ژمارەیە زیاتر کەرت کەرتیان بکەن ـ ئەگەر هیچ بەڵگەیەکمان لانەبێ بۆ ئەوەی کە نەتەوەی عەرەب نەتەوەیەکی زیندووە وەك مێژوو باسی لێوە دەکا ئەوەمان بەسە کە بڵێین نەتەوەی عەرەبمان سیمای وای هەیە کە کرابێ بە ٢٢ کەرتەوەو دوژمنەکانی ئەمە بە کەم دەزانن بۆ ئەوەی دەستی بەسەرا بگرن وەك بە خەیاڵیانا دێت .

لە عیراقدا ـ من لەمەوپێش بەهۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆوە قسەم بۆ عیراقی‌یەکان کردوە ـ لە سەرکردایەتیدا تیامانا بوو کەسی وا کە دەیگوت عیراقی‌یەکان « فایدەی نیە لەگەڵیانا » یانی لە توانامانداا نیە بیانگەیەنینە ئەو حاڵەتەی کە دەمانەوێ. ئەم قسەیە بەسەر زوبانی عیراقی‌یەکانەوە هەستی پێ دەکەی بۆ هەر شوێنێ بڕۆی لای بەفاڵو جووتیارو هونەرمەندو سیاسی‌و بازرگان . ئەمەیش حاڵەتی نائومێدی دەردەبڕێ لە کاتی بەراوردکردنی ئەو حاڵەتەی کە دەبینرێو ئەوەی کە هیوای دەکرێ.. ئاشکرابوو هەتاکو لای برا عەرەبەکانیشمان کە عیراقی‌یەکان بێسەبرن‌و زوو هەڵدەچن‌و ئەمەیش لە پلەی نیشتمانیدا لە عیراق دوو کەس لەسەری نایەنە ناکۆکی .

کاتێ کە سەیری مێژوو دەکەین پاش ڕووخانی بەغدادو بەڵکو تا پێش ڕووخانی بەغداد چونکە ابن العلقمی ـ چۆن دێت کلیلەکانی بەغداد دەداتە دەست ـ ئەگەر کاروبار پێش ئەمە تەواو نەبووبوایە .. کاتێ کە بیرم لەم حاڵەتە دەکردەوەو سەیری کاروبارم دەکرد لە ڕووخانی بەغدادەوە تا کاتێکی نزیك بۆ ئەوەی نموونە لە قووڵی مێژووەوە بهێنمە پێش .. بەغداد دوا نموونە بوو کە دامەزراو گەشەی کرد بەکارو بیروباوەڕی نەتەوە بەشێوەیەکی تێکڕایی بەڵام ئەو زەمینەیەی کە بەغدای تیا دامەزرا دەبێ دەورێکی بووبێ بۆ ئەوەی ببێ بە بەشێکی زیندووی ئەم گەشەکردن‌و جێگایەوە .. دوورتر دەڕۆین بۆ ناو ناخی مێژووو سەبرێکی ئەو شارستانیانە دەکەین کە لە عیراقدا پەیدابوون .. لە سەرەتاوە لە پیتەوە تا نووسین تا قانوون تا فلان شت‌و .. هتد .. نەتەوەی عەرەب بە گشتی‌و عیراقیش بەشی تیایا کەم نەبووە شارستانی‌ی بابل‌و ئاشوورو سۆمەری‌یەکان پێش ئەوان‌و فلان شت‌و .. هتد .

کەوابوو دەبێ ئەم شارستانی‌یانەی کە دامەزران پێکهێنەری ئەم گەلەیان تیابێ بە جۆرێکی وا بتوانین بڵێین ئەم گەلە بە سەبرەو لە هەمان کاتیشدا ورده کەوابوو ئەو وەسفەی کە دەڵێ سەبری گەلی عیراق کەمەو « چارە »ی ناکرێ وەسفی حاڵەتێکی ڕووخاوە نەك سروشتی گەلی عیراق لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان بزانین ئەو هۆیانە چین کە دەبنە هۆی پەیدابوونی ئەم ڕادە ڕووخانەو جیای کەبنەوە ئەنجا ئەو هۆیانە چین کەگەل هەڵدەسێتنەوە بۆ ئەوەی بیان‌چەسپێنین .. ئا ئەمەیە گەلەکەتان ئەگەر کەمو کووڕی‌یەکی تیابێ خەتای خۆیەتی‌و ئەگەر ئیجابیاتیشی هەبێ ئەوە هاوبەشە بەهۆی کاری مێژووی نەتەوەی عەرەب‌و بەخشندەیی‌و توانایەوە کە حاڵەتێکی هاوبەشە لەگەڵیاو ئێوە عیراق دەبینن چوارساڵەلەشەڕدایەو قوربانی‌یەکی ڕاستەقینەی‌وای داوە کەم نیە بەڵام هەمیشە لە بەردەممانا بوون وەك نەتەوەیەکی عەرەب لە مێژووی قووڵو ئیستاو تێڕوانینیا .. هەمیشە هانی خۆمانمان دەدا کەوا نابێ کارێکی وا بکەین براکانمان لە نیشتمانی عەرەبدا پێمان بڵێن نائومیدمان کردن بەوەی کە نەتوانین بەرگری لە ئەمانەتی عەرەب بکەین کە عیراقە .

★ تۆوەکانی ژیان

بەم گوێرەیە لە عیراقدا دەبێ ژنی شەهید دێت بۆ ئەوەی بڵێ مێردەکەی شەهید بووەو خۆی لە جیاتی ئەو پێشکەش دەکا بۆ شەڕ بۆ ئەوەی جێی مێردە شەهیدەکەی بگرێتەوە و .. کوڕی شەهید دێت بۆ ئەوەی خۆی پێشکەش‌بکا هەرچەندە تەمەنی بچووکەو هەروەها باوکیش دێت کە سێ کوڕی شەهیدبوون بۆ ئەوەی خۆی ناونووس بکا بۆ شەڕ لە جیاتی کوڕە شەهیدەکانی لە کاتێکدا کە حەفتا ساڵەی‌تێپەڕ کردووە .. قسەی ناوێ ئێمە ئەمانە قبوول ناکەین .. ناهێڵین ژن شەڕ بکا مادەم پیاوان زۆرن‌و چەکیان بەدەستەوەیەو .. هەروەها ناهێڵین منالان شەڕ بکەن وەك چۆن ڕژێمی ئێران دەیکا مادەم هی وا هەیە دەتوانێ شەڕ بکاو نایشهێڵین پیران شەڕ بکەن مادەم گەنجمان هەیە .. ئەوەی گرنگ بێ کە بمەوێ لەمەوە بیگەمێ ئەوە نیە ئەوە پیشان بدەم کە عیراقی‌یەکان کردوویانە کە بەشێکن لە دەروونتان‌و لە مێژووتان چونکە ئەگەر مێژووی نەتەوەی عەرەب نەبوایە عیراقی‌یەکان دەبەزین بەڵکو بۆ ئەوەی بڵێم نەتەوەی عەرەب شوکر باشەو تۆوی ژیان لە ناویابەتی‌و گرنگترین شت لەم تۆوانەدا لا ئیعتیباری‌یەکانیەتی نەك لا ماددی‌یەکانی .

★بڕیاری ڕاست

لەبەرئەوە ئێمە بەم ڕادەی بەخشندەیی‌یەوە سەبری بەیەك‌گەیشتنەکەتان دەکەین بە ڕێگای پێکهاتنی مێژوویی نەتەوەی عەرەب وەك ئەوەی کە هیوامان هەیە بیگەینێ .. لەبەرئەوە هەر بڕیارێکی ڕاست کە بەتین بێ ئەگەر هەنگاوێکیش بێ باشترە لە دەهەنگاوی وا کە تینی تیا نەبێ وەك ئەوەی پێویستە بۆ ڕاپەڕاندن‌و ئیلتیزامی ئەخلاقی بەرامبەری هەتاکو ئەگەر بەیەك‌بگەین بە یەکتر بڵێین بیروڕامان ئالوگۆڕکرد بێ بڕیار ئا ئەمەیش باشترە لە بەیەك نەگەیشتن .. ئێوە دەزانن ئیستە قسە لەبارەی کاتی کۆبوونەوەی ساڵی لووتکەی عەرەب دەکرێ لەوانەیە کۆببێتەوەو سەرنەکەوێت بەڵام ئێمە دەڵێین کۆبونەوەی ساڵانەی عەرەبی پێویستە بەردەوام بێ چونکە نابێ وای دانێین کە کاتێ بەیەك دەگەین کە زاڵبووین بەسەر هەموو شتانەی کە لەسەری ڕێك ناکەوین‌و ئەگەر پاش ئەوە بەیەك‌بگەین کە هەموو ئەو شتانەمان تێپەڕکردبێ کە ناکۆك بووین لەسەریان باشتر وایە کۆنەبینەوە چونکە کۆبوونەوە بۆ ئەوە نیە وێنەی تیا بگیرێو پرۆپاگندەی لە بارەوە بکرێ بەڵکو بۆ ئیشی ڕاستەقینەیەو ئەگەر هاتو عەرەب‌کۆبوونەوەو بیروڕایان ئالوگۆڕکردو بڕیاریشیان دەرنەکرد هیشتا هەر باشترە لەوەی هەریەکەیان لە جێگای خۆیا دانیشتبێ .. بەڵکو وا باشە هەر کاتێ ناکۆکی فراوان‌بوو کۆبوونەوە بکرێ چونکە ئەمە یەکێکە لەو هۆو شێوە بەکارانە بۆ تێپەڕ بوون یا تەنگ‌کردنەوەی مەودای ناکۆکی‌و بەلای کەمەوە لەو کاروبارانەدا کە زیان بە نەتەوەی عەرەب دەگەیەنن .

★ نائومێدتان ناکەین پێمان

ئێمە لەوپەڕی دلشادی‌یاین پێتان‌و بەخێر بێنە وڵاتی خۆتانەوە .. هیوای بەردەوامی سەربەزیتان دەکەین چونکە ئەمە بەلامانەوە گرنگترین شتە هیوای بۆ بکەین بۆ عەرەب‌و هەموو کاروبارەکانی تر پێش‌و پاشی تریان هەیە ئەگەر ئینسانی عەرەبی هەستی بەوەکرد کە سەربەرزە لە وڵاتی خۆیاو کاروباری خۆی بەدەستی خۆیەوەیەتی وەك دەیەوێ.. دوژمنانی نەتەوەی عەرەبیش ناتوانین بڵێین تەواو دەبن چونکە هەمیشە لە هەموو قۆناغێکدا کەسی وا هەیە ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندی خۆی‌و گەشەکردنی نەتەوەی عەرەبدا دەبینێ ..

پێویستە لۆمەی دوژمنانمان نەکەین یا ئەوانەی بە شوێن بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕێن هەتاکو ئەگەر لەسەر حیسابی بەرژەوەندی عەرەبیش بێ بەڵکو دەبێ لۆمەی ئەوەمان بکەین کە قووڵی دەکا لایەکی بێگانە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی عەرەب سوود وەرگرێ .. ئەوان بەشوێن بەرژەوەندی وڵاتەکانیانا دەگەڕێن‌و ئێمەیش پێویستە لەسەرمان بە بیرێکی ڕوونا‌ك‌و دەروونێکی زیندووەوە ئاگاداری بەرژەوەندی وڵاتەکانمان بین .

دلشاد دەبین کە ببینین کەوا لە خۆشی‌و ئارامی‌و سەربەرزیدان .. بە یارمەتی خوا نائومێدتان ناکەین پێمان چونکە توانای شەرمان هەیە‌و دەتوانین سەری ئەوانە تێك‌بشکێنین کە دەستدرێژی دەکەنە سەر خاکی نەتەوەی عەرەب‌و شەرەفی‌و شوێنە پیرۆزەکان‌و بیروباوەڕی لە هەمان کاتیشدا ئێمە لەوانەین کە بەیداخی ئاشتی بەرز **دەکەینەوە** بەهەمان پلەی بەرگری‌کردنمان لە ڕاستی کاتێ کە دەکەوێتە ژێر مەترسی زەوت‌کردنەوەوە .

خوا یارمەنیدەرتان بێ .

Institut kurde de Paris

وتەی سەرەکی فەرمانده بەریز صدام حسین لە کۆڕی خوێندنی باڵا

٢١-٤-١٩٨٤

بڕوانامەی بە ناهەق..

وەك دراوێكی

بێ بارمتەیە

سەرەکی فەرمانده ، بەریز صدام حسین رۆژی شەممەی رابوردوو بەشداری ئەوکۆڕەی کرد کە بۆ لێکۆڵینەوەی خوێندنی باڵا کراو ... لەوێ وتەیەکی بەنرخی ئاراستەی بەشدارانی کۆڕەکەو بەرپرسیارانی خوێندنی باڵا کرد ، وا لێرەدا دەقەکەی بڵاو ئەکەینەوە :

هەندێك ورده سەرنجی کەمم لە ماوەی قسەو باسی قسەکەرانی کۆڕەکەوە لا دروستبووەو سەرنجی سەرەکیم لە دەرەوەی کۆبوونەوەکە هێناوە ...

بە سەرنجی بنەڕەتی یەکەم دەست پێ ئەکەین :

برایان ، هەمووتان قەدری نرخی زانستو تاسیری لەسەر کێشەی دەوڵەتو پێشکەوتنی کۆمەڵو لە چوارچێوەی دەوڵەتیو لە چوارچێوەی هەریم ئەگرن بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا کە زانستو زانیاریو تەکنیك بنەڕەتن لە روانینی جیهاندا بۆ هەر دەوڵەتی لە دەوڵەتانو لە توانای ئەو دەوڵەتە بۆ بەرگری لە خۆ کردن لە حساباتی ئاسایشی نەتەوەییدا .

لەم قۆناخەدا ، دەوری زانستی جیایە لەوەی بۆ نموونە لە ساڵی [١٨٠٠ز] یان (١٩٠٠)دا هەیبوو ، جاکە هەڵسەنگاندنمان بۆ ئەم مەسەلەیە بەم رادەیە بێت ئێمە ئەزانین تاقیگەی بنەڕەتی بۆ پێگەیاندنی ئەوانەی توانایان هەبێت رێگای بەرەو سەرو بڕن لە پەیوەندیاندا لەگەڵ زانستیدا خوێندنگاو کولیجو هەروەها خوێندنی باڵایە .

ئێوە پەیوەندیم لەگەڵ هاونیشتمانیەکاندا ئەزانمو ئەزانن هاونیشتمانیەکان کە لە بەردەمما قسە ئەکەن رووبەرووی قسە لەسەر ئەو کاروو بارانە ئەکەن کە پێویستە بیانزانمو روو ناپێچنەوە لە وەسف کردنی ئەو سەلبیاتانەی لە زۆر مەیدانی هەمە جۆردا ئەیبینن لە ناویاندا مەیدانی خوێندنی باڵا .

بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی گرنگ لە مامۆستایانی سەرپەرشتکار لەسەر خوێندنی باڵا لەم هوڵەداو با ئەوانەی نزمیش گویان لێم بێت ، هەروەها با قوتابیەکان لە خوێندنی باڵا گویان لێم بێت ... ئاگاداریان کردم کە هەندێکتان لەم مەبدانەی خوێندندا لەبەردەم قوتابیدا دائەمێنیتو دڵنەوایی ئەکاتو من چاك ئەزانم ئەو هویانە چین وائەکەن هەندێکتان لەروا دابمێننو دڵنەوایی لەسەر حسابی حەق بکەن ، هەندێکیان زاتین لە سەرتانە لە خۆتاندا چاکی بکەنو هەندێکی تری بەستراوە بە روانینی هەڵەوە حاڵەتی دەرەکیە ، وەك ئەوەی فلانە کەس یەتەلاتانو ئەزانن فلانەکەس ئامۆزای فلانەکەسەو فلانەکەس کوری خوشکی فلانەو فلان یاوەری فلانە یان فلان کەس پلەی حزبی وایەو فلانەکەس پلەی وەزیفی لە دەوڵەتدا ئەوەیە ... هەڵە یەکی گەورە ئەکەن کە دڵنەوایی وا لەسەر حسا بی کۆمەڵ ئەکەن یان لە رووی خاڵاتی وادا دائەمێنین .

ئێمە لە ئێوەمان ناوی خەڵکی نەفام دەرچێننو بیانخەنە خانەی زاناوە ... ئەمانەتو نیشتمان پەروەریمان لێتان ئەوێت لە هەڵسو کەوتدا بەو ئەمانەتانەوە ، ئەویش دەرس وتنەوەو دەرچواندنی کەسانێکە لە رادەیەکی گونجاودا بن بۆ پاڵێوەنانی کۆمەڵ بەرەو پێشەوەو هەڵسو کەوت لەگەڵ دەرەجەدا وابکات وەك هەڵسو کەوت لەگەڵ بێوانەی شەرەفی شەخسیتا ئەکەیت ، ئەوەی دەرەجەیەکی زیاد لە حەق ئەدات چونکە فلان پلەی حزبی وایەو فلان پلەی وەزیفی وایە لە دەوڵەتدا من لەو باوەڕەدام ئەو مامۆستایە بەو کارەی بەدەستی خۆی شەرەفی لەکەدار ئەکاتو خیانەت لە ئەمانەت ئەکات چونکە بەکردەوە زیانێکی گەورە بە کۆمەڵ ئەگەیەنێو من لەو باوەڕەدانیم کەستان مەبەستی زیان گەیاندن بێت بە کۆمەڵی عیراق .. ئایا کەستان قبول ئەکات زیان بە عیراق بگات ، من ئەڵێم هەر مامۆستایەك قوتابیەك لە خوێندنی باڵا یا لەو خوارتر دەرچێنێتو شایانی دەرچوون نەبێت ، ئەوا وەك ئەنجام ، ئەگەر وەك نیەتیش نەبێت ، لەسەر رێگای بەدیهێنانی ئەرکی نیشتمانی بە لایەنی خزمەتی عیراقدا لەرێ دەرچووە .

تکام لێتان لە ئیستاوە ئەوەیە لەم مەسەلەیە بە وردی بگەنو ئەگەر زۆرتان لێ کرا بە ئیشارەت یان بە راگەیاندن لە شەخسی دووەمەوە دوای صدام حسین هەتا بچووك ترین فەرد لە کۆمەڵدا دەرگام کراوەیە بۆ چاوپێکەوتنی هاونیشتمانیەکان تەلەفونەکەم دانراوەو دووخەتی هەیەو یەکێکیان هەیە لە رۆژیکا ٢٤ سەعات لەسەریەتیو وەڵام ئەداتەوە ، ئەگەر شتێ لەوەی باسی ئەکەم رووی‌دا هیچ مەکەن ئەوە نەبێت پەیوەندی بکەنو بڵێین فلانی فلانی زۆرمان لێ ئەکات بەئیشارەتدان تا کۆڕەکەی دەرچێنین یان براکەی بە دکتورا دەرچێنین یان ماجستر لە فلانە لقدا یان فلانە شارەزایی‌داو تا بیانووی بەهێزتان بدەمە دەست لیژنەی وا دائەنێم کاریان بەدوادا چوونی دەرچووەکان بێتو بزانن تا چ رادەیەك حەقیانە شەهادەیان وەرگرتووەو تا راپۆرتم دەربارەی ئەو شەهادەیەیان باسەکەیان پێشکەش بکەنو لەوانەیە بگاتە ئەوەی خۆم باسەکە بخوێنمەوەو خۆم تاقی ئەکەمەوە باسەکەی لەسەر چی نووسیوە چونکە پێم گەیشتۆتەوە هەندێکتان باس بۆ قوتابیان ئەنووسن ، با کاریکی وا بکەین مامەڵەی خاوێنو شەریفی بێ لە رووداماں لەسەر حسابی بیروباوەر لە عیراقدا بچەسپێ .

شانزە ساڵ بەسەر شۆڕشەکەماندا رابوردوو باسی عەدالەت ئەکەینو باسی هەڵویستی فلانیو هەڵویستی واو هەڵویستی عادیلانەی ئاواو رێزی ئەوانە ئەگرین قسەی ڕووبەڕوو راستئەکەنو .. هتد، ناکرێ دوای هەموو ئەم ساڵانەبەوە بزانین قوتابی هەیە دەرچووەو شەهادەی ماجیستەری بەبێ حەق وەرگرتووە بەڵکو لەبەر ئەوەی فلانە وەزیرە ... لە دەوڵەتی عیراقدا مادەمێکی ئێمە هەین نابێو رێگانادەین .

تکا ئەکەم ورد بین بن لەمەدا ، چونکو بەکردەوە مانای وا ئەبێت ئێمە پارەیەکی متمانە دەرئەکەین .. شەهادەی بە ناهەق وەك پارەی بێ متمانەو نەچوو وایە ..

هەندێ خاڵی کەمم لە ماوەی قسەو باسدا کۆکردەوە لەوانە ، لە قسەکانتاندا هات کە خوێندن ئەبێت ببەسترێتەوە بە نەخشەی نەتەوەییەوە ، نەخشەی نەتەوەیی ماوەی پێنج ساڵە ، لەبەرئەوە کە باسی نەخشەی گەشەپێدانی نەتەوەیی ئەکەین [ئەڵێین نەخشەکانی گەشەپێدانی نەتەوەیی] نەك نەخشەی گەشەپێدانی نەتەوەیی ، وای ئەبینم دەربڕینەکە فراوانتر بکەینەوەو با بڵێین بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ئاراستەوخۆ بەستراوە بە کاری گەشەپێدانەوە کە نیازمان بەدیهێنانیەتی لە عیراقدا ، چونکە چالاکی پێویست هەیە دەبێت لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان لەسەر بکرێ کە ناچنە ناو ئەو نەخشەی گەشەپێدانی نەتەوەییەوە کاری پێ ئەکرێن بەڵکو حاڵەتێکە پێشتر کەوتووە لە زاپەڕاندنا بەڵام لەسەرمانە لێکۆڵینەوە پێشکەش بکەین ئایدا ڕەخنە لە هەڵە بگرینو پێشنیاری راستەکەی بکەین .

بۆ نموونە ، قوتابیەك رانەسپێرین لێکۆڵینەوەیەکمان لەسەر لایەنێکی دەزگای گواستنەوەی خەڵك بۆ بکاتو با بەو جۆرە بێت کە چۆن ئەتوانرێت ئەم دەزگایە خزمەتگوزاری چاکتر لە رووی ئابووریەوە پێشکەش بکات ... باسەکە پێشکەش ئەکاتو لێ ئەکۆڵرێتەوەو لەوانەیە سەرکەوتن لەمەدا بیگەیەنێتە ئەوەی شەهادەی ماجیستەر یان دکتورا ... ئەمە گیروگرفتو کۆسپە ، لەوانەیە دوای ئەوەی ئەم باسە پێشکەش ئەکاتو باسەکە ئەگاتە رادەی چاك لەوانەیە خاوەن باسەکە هەڵبژێردرێ بێتە راوێژکار لەو دەزگایە ، کەسانی تر رانەسپێرینو پێیان لە ئەنجامە سەلبیەکانی لایەنی کۆمەڵایەتیو نەفسی بکۆڵنەوە لە رادەی منداڵدا لە تەمەنێکی دیاری‌کراودا بە نیسبەت شەری درێژخایەنەوە بیان لە نەخۆشیە کۆمەڵایەتیو نەفسیەکان بکۆڵنەوە لە رادەی کوڕانی لاودا لە تەمەنێکی دیاری‌کراوداو با لە رەنگدانەوەی سەلبی لە رادەی زانستی لەو مەیدانانەدا بدوێن .

هەروەها ئەوە ئەوەو ئەوە لە باسی جەنگو ئەم حاڵەتە بەشێکە لە ژیانمان بەڵکو بەشێکی زیندوە لە ژیانمان وەك رێگای بەرگری‌کردن لە ژیانو لە هەمان کاتدا بۆ سەلماندنی بوون .

یەکێك لە مامۆستاکان دەستی بۆ ئەوە کێشا کە هەندێ مامۆستا لە دەرچوانی کولێجەکان لە زانکۆکاندا لەوانەیە قوتابی سەرکەوتوو بن ئەگەر لە خوێندنی باڵا وەربگیرێن بەڵام دەرەجەکانیان رێگای ئەوەیان نادات بۆ وەرگرتنیان لە خوێندنی باڵا هەرچەڵاە شارەزاییان باڵا ترە لە قوتابیەك دوو ساڵ زیاتر بە سەر دەرچونیا تێنەپەڕیوەو لەوانەیە ئەو مامۆستایە زیاتر لە دە ساڵ بەسەر دەرچوونیاتێ پەری بێتو لە دەرس وتنەوە بەسەری بردوەو من لایەکی کردەیی لەمەدا تێ ئەگەم لەبەرئەوە بریارێکمان داوە دەربارەی خەڵکی لادێو ناوچە دورەکانو بریارێکی عادیلانەیە بەوپێیە (٥) دەرەجەمان فەرق داوە بە ڕۆڵەکانی لادێ بۆ وەرگرتن لە کۆلیجەکان لەبەر رووناکی ئەم روانینەدا :

ئەو کەرەستانەی لەبەردەست کوری مەرکەزی شاردایە پێشکەوتووترن لەو کەرەستانەی رۆڵانی لادێدا هەیە هەر لە مامەڵەکردنەوە بە تەلەفۆن هەتا بینینی تەلەفزیۆنو تێکەڵبوون بە ژبانی گشتی هەتا کەرەستەی تری بەردەست بە وەزعی بونی مامۆستاوە بۆی لە دەرەوەی وەختی دەوام .. کە ئەمە یارمەتی کوڕی شاری ئەدات پلەی بەرز تر وەربگرێ بەبێ ئەوەی نیشانەی جیاوازی عەقلی بێ لە نێوان ئەو قوتابیەو ئەوانی تر لە خەڵکی لادێ .

لەم بارەیەوە ئەتوانین بڵێین ، ئەوەی بۆ ماوەی ئەوەندە لە زانکۆ دەرس بڵێتەوە قبولی لە لقێکی دیاری کراودا بە نیسبەتێکی کەمتری دەرەجە لە هاوڕێکەی بە پێنج دەرەجە یان کەمتر یان زیاترو ئەمە ئەتوانرێ بەم لایەنەدا باس بکرێ .

ئەوەی نیستا بە بیرما هات لە ماوەی قسەکردنی یەکێك لە مامۆستاکانەوە لەم بارەیەوە ئەوە پێشکەوتنەیە لە رادەی دەرەجەدا لە ناو قوتابیەکاندا پەیدابووە ئەمەش وابوو یەکەم نموونە لە پارێزگای نەینەوا بوو ساڵی ١٩٦٧ و ١٩٦٩ لە رادەیەکی دیاری کراودا ، ئیستا دوای ئەو رێ ئاسان‌کردنەی بۆ قوتابیان بەدیەت بەوەشەوە کە قوتابیان لەسەر حسابی تایبەتیان دوای دەوام دەرس وەرئەگرن رادەی دەرجەی هەندێ قوتابی بەرزبۆتەوە .

کەواتە ، مەعقول نیە دەرچووی بەر لە دە ساڵ بەبێی ئەم روانینە بەهەمان رادەی ئەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ کە دوو ساڵە دەرچووە کاتی پێشکەشی خوێندنی باڵا ئەکەن .. ئەتوانین بڵێین فلانە ساڵ بۆ فلانە ساڵ دەرەجە وا ئەبێت ، لە فلانە لقداو لە فلانە لقی ترو .. هتد .. لاریم لەوە نیە یەکسانی دەرەجە حساب نەکرێ بۆ لقەکان بەپێی باری سەرنجی بەکێك لە برا مامۆستاکان کە ئیشارەتی بۆ کردو باری سەرنجی جەوهەریەو هیوامان سەرکەوتنتانە لە کارەکەتاندا .

ئەمەو لە کردنەوەی کۆبوونەوەکەدا دوکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەوڵەت لە سەرەکایەتی کۆمارو بەرێزان احمد حسین سەرەکی دیوانی سەرەکایەتیو عبدالقادر عزالدین وەزیری پەروەردەو وەزیری خوێندنی باڵا بە وەکالەتو سەرەك زانکۆکانو ژمارەیەك عەمیدو مامۆستایانی کولیجو خوێندگاکان ئامادە بوون .

Institut kurde de Paris



صـــدام حســـین

مـــامـــوســـتای ژیـــرو

رابـــەرکـــەوتـــوو

باوکی چرۆ

پاڵەوانی چاونەترسی، ژیرو زاناو نەوەی عێراقی تێکۆشەر ، نوێنەری نیشتمانی عەرەب ، تاکە سواری سەدەی بیستەم، خۆشەویستو میللەت پەرست،صدام حوسێنی سەرکۆمار ، لەم نوسینەدا بـــۆ خوێنەران دەخەمە ڕوو ...

لە ڕووی ڕامیاریەوە :

ئەگەر بە ووردی بیر لەم ساڵانە بکەینەوە ، کە ئەم سەرکردەیە فەرمان ڕەوایی عێراق دەکات ، سەیر دەکەین ، یەکەم سەرۆکێکە کـــە توانێ تەرازووەك بۆ مامەڵەت کردن لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێو دۆستو دوورو نزیكو یەکەم دەوڵەتیش عیراقی خۆشەویست بوو ، کە لە هەموو مەسەلە عەرەبی یەکان توانی ژیریو تێگەیشتویی خۆی بەکاربهێنێو بەر لە هەمـــــوو دەوڵەتێکی عەرەبی هەست بە مەترسی ئیمپریالیـــزم بکات بۆ نمونە : یەکەم دەوڵەت بوو کـــە کۆنگرەی کامپدیفیدی دا دواوەو مەترسیەکەشی بە گشـــت عەرەبەکان ڕاگەیاند ...

هەروەها توانی ناوی عێراق بە ووڵاتێکـــی شۆڕش‌گێرو تێکۆشەرو بەوەفـــاو پێشکەوتووخوازو سەرکەوتووو مرۆڤ پەرست بـــە هەموو دەوڵەتێكو نەتەوەك لەسەر ڕووی ئەم زەمینە بناسێنێو هەمـــوو عێراقیەك لە دەرەوە خاوەنی کەسایەتی خۆی بـــێو بزانێ شوێنوو پایەو نرخی چەندەو لە چ قۆناغێکی ژیانە ....

ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ئەو سەرۆکەی ، کە ساڵەها ساڵە شەو نخونیو برسیەتیو تێنویەتی کێشاوەو چەند ووڵات گەڕاوە ، لە پێناوی سەرکەوتنی شۆڕشەکەی «واتا شۆڕش ١٧ـ٣٠ی تەموزی پیرۆزەو وەدیهێنانی ئاواتەکانی : کـــە ڕزگارکردنی هەموو عێراقی چەوساوەو زوڵملێکراوە بە دەست لەو مرۆڤە دەرەبەگو داگیرکەرانەی کە تەنیا لە پێنـــــاوی پڕکردنەوەی سکیان ئازاری ئەو مرۆڤەیان دەدا کـــە خۆی خاوەنی ئەو خاکە بوو ...

لە ڕووی ئاوەدانی یەوە :

ئەگەر بمانەوێ باسی ئاوەدانـــیو گەشانەوەی ووڵات بکەین گرنگ ترین بڕیار کە خۆی لە پێشەکی هەموو باسێك دەسەپێنێ ، ئەوەیە کەسە رکردایەتـــی سەرەکی خۆشەویست دای کـــە فەرمووی پێویستە هەمـــوو عێراقیەك خاوەنی خانووی خۆی بێ ، ئەوە بوو بۆ ڕاستیو سەلماندنی قسەکەی هەســـــتا بەکردنەوەی قەرزی عەقاری بۆ هەموو خەلکی عێراق لە هەموو شارو قەزاو ناحیەو گوندێکی عێراقی مەزن وە بە بێ قازانج ، ئەمەش لای هەموو ڕوونا‌کبێرێك دەری دەخات کە ئەم سەرکردەیە ، هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنیەوە بۆ سەرتەختی فەرمان ڕەوایی ، تەنیا بـــۆ خۆشیو حەسانەوەو کەلك وەرگرتنی مرۆڤی عێراقی لە خێرو خۆشیو دەستکەوتەکانی ئەو شۆڕشەی کە بۆ ئەوان هاتە کایەوە ،هەروەها بەرەبەرە هەلسا بـــە سەردانی هەموو کونجو کەلەبەرێکی عێـــراق ، وە لەگەڵ پیرو منداڵو گەنجی ئەم عێراقە دەستی کرد بە گفتوگۆکردنو چارەسەرکردنـــــی تەنگوچەلەمەو گیروگرفتەکانیانو بەپـــێی نەخشـــەی ڕێكوپێـــكو دروست ، دەستی کرد بەجێبەجێکردنی هۆیەکانـــی حەسانەوەی گەل لەمانە دروستکردنی بازاریـــــی هاوچەرخو قیرتاوکردنی هونەری بۆ هەموو شوێنێك کەبەر لەو سەردەمە زۆر گوند هەبوو کە ئوتومبێلی نەدەگەیشتێ • هەروەها ڕوونا‌ك کردنەوەی شـــارو لادێو گەیاندنی کارەبا بۆ هەموو شوێنێك ، هەروەها لەگەڵ یەکەم ڕۆژی هاتنی ئەم سەرۆکە خۆشەویستە بۆ سەر حوکم ، بیری بڕیاری دانی مافـــی کـــوردی کردەوە کە ئۆتۆنۆمی بوو لە سایەی عێراقی دیموکراتو برایەتی کوردو عەرەب هەروەها بەرەبەرەو هەتـــــا ئێستاش کاروبار بەردەوامەو تاکو ئێستاش کە لـــەم بارو زروفەدا دەژین هەوڵو تەقەڵا بەردەوامە بـــۆ ئاوەدان‌کردنەوەو پێشکەوتنی گەلی عێراقو گەیاندنی بە ڕێزی میللەتانی هەرە پێشکەوتوو لـــــە ڕووی ئاوەدانی‌یەوە • هەروەها گرنگ ترین بڕیار کە لـــە سایەی ئەم سەرۆکە ژیرە دەرچووبێ : ئەوەبوو کـــە بڕیاریدا بەدروستکردنی خانوو بە باش ترین شێوە بۆ ئەو ڕەوەندانەی کە لە سنوری عێراقو سعودیەو نوردنو سوریا هاتووچۆیان دەکرد •وە من خۆم چاوم کەوت بە ڕەوەندێکی عێراقی کە لـــــە سەر سنوری سعودیە بوو وە لێم‌پرسی : ئایا ئێوە بیروڕاتان چی‌یە بەوەی کە سەرەکی خۆشەویست خانووی لە چیمەنتۆ لەم بیابانە بۆ دروستکردنو کارەبای بەهـــــۆی دروستکەری کارەبا «المولده الکهربائیه» بۆ هێنانو ئاوی بە هۆی بیری ئیرتوازی‌یەوە بۆ مسۆگـــــەر کردون ؟؟؟

لە وەڵامدا ووتی : ئێمە هەرگیز ئەو چاکەیە لە بیر ناکەین کـــە ئەو سەرۆکە شیرینە لەسەر زاری هەموو خەڵك •ئەوەندە خۆی بۆ ئێمە ماندوو دەکاتو بە هەلیکۆپتەر دێ بۆ سەردانمانو ئێمەش تا دونیـــا دونیایە قەرزاری ئەو بەڕێزەینو هەموو کاتێکیـــش سەربازێکی ئازاو خۆبەختکەرێکی ئـــــەم سەرۆكو حوکمەتەین ...

جا سەرەکێ ئایا هەرگیز هەست بەماندوو بوون نەکات • نەزانێ شەووڕۆژ چی‌یە• تەنیا بۆ بەختەوەری ئێمە هەول بدا ئایا دەبێ ئەمە فریشتەی خوای گەورەبێ بۆ ئێمەی بە خەڵات ناردبێ ؟• یان دلسۆزێکی ئـــەم خاکەیە کە لێی‌بووەو تیای ژیاوەو دەیەوێ چاکـــەی بداتەوە بە ئاوەدان‌کردنەوەیی‌و حەساندنەوەی ئـــەو مرۆڤەی کە لـــە سەری دەژین •

لە ڕووی مەسەلەی کوردەوە :

دیارەو ئێمەش زۆر بە چاکی لەگەڵ یەکـــەم ڕۆژی هاتنە سەر حوکمی ئەم سەرۆکە دلســـۆزو بەوەفایە ، هەستمان بەدل نەرمیو گەلپەرســـتیو خۆشحاڵی‌ویستی هەموو عێراقیەکی کردوە بێجیاوازی ئەمەش لە کاتێکدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا بەوەستانی شـــەڕی براکوژیو یەکخستنی کەرتەکانی گەلو خڕکردنەوەیان لە ژێر یەك ئاڵا کە ئەویش ئاڵای پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بوو بە ڕابەرایەتی سەرۆك کۆمار کاك صەدام حوسین ، ئەوەبوو لە یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ هەلسا بە ڕاگەیاندنی تەواوی بەندەکانی مافـــی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو کوردانەی کە چەندەها ساڵ بوو لـــە ژێر باری ناهەمواری عێراقو نەزانی ســـــەرۆك حوکمەتەکانی پێشوو بۆی تێدەکۆشانو خوێنـــــی خۆیان دەڕشت • بەمە کورد بوو بە خاوەنی گەورەترین ماف کە بتوانێ بە سەربەستیو ئازادی بژیو قسەبکاو داوای مافی خۆی بکاو خوێندنی کوردی لە هەمـــوو قوناغەکانی بە زمانی شیرینی کوردی بخوێنرێو لـــە بارەی ئاستی ڕۆشنبیری شەوە بڕیاریو بەدەرکردنی چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێك لەوانە ڕۆژنامەی هاوکاریو هەردوو گۆڤاری بەیانو ڕۆشنبیری‌نوێ کە تـــاكو ئێستاش بەشێوەیەکی ڕێكوپێكو بەردەوام لـــــە کارکردندان بۆ هاندانو پێشخستنی ڕۆشنبیری کوردو گەیاندنی بـــــە پلەیەکی بەرزی چاوەڕوان نەکراو ، هەروەها ڕێگادان بە هەموو کوردێك کە بە کەیفی دلی خۆیو بەهەموو شێوەکانی زمانـــــی کوردی پەرتوكو نامیلکەو دیوان بلاوبکەنەوە ، هەڵبەت ئەمە دەســـت کەوتێکی گرنگە کە گەلی کورد لەم هەلەدا دەستی کەوت، بە پێچەوانەی ئەو کوردانەی کە لـــە سوریاو ئێران دادەزین لە بچوكترین مافی ژیان بێبەش‌کراونو بە هەموو شێوەیەك ئازاریان دەدەنو زمانی‌کوردی بـــــە هەموو جۆرێ قەدە غەیە ...

لـــە ڕووی چاندنەوە :

بێگومان هەوەڵ بڕیار کە لـــە قازانجی جوتیار هاتبێ ئەو بڕیارە بوو کە ئەنجومەنی سەرکردایەتـــی شۆڕش دای بەدابەش‌کردنی زەویو وەرگرتنەوەی لـــە دەرەبەگو ئاغاکانو هەڵگرتنی دروشمی نەمـــری «زەوی بۆ ئەو کە سەیە کە دەیچێنێ» ئێمەی عێراقی تا ماوینو لەسەر ئەم خاکەدا بژین ، قەرزاری ئـــەم بڕیارەو ئەم سەرکردە مێژوویی‌یەین کە ئێمەو زەوی لە دەستی ئاغا دەرهێناو ئازادی کردینو ماوەی نەدا ئیتر هیچ کەسێ بۆ قازانجی خۆی بمانچەوسێنێتەوە وکارمان بێبکاو بەرهەمیش بۆ ئەو کەسانەبێ کە بـــە بێماندووبوون دەستیان دەکەوت ، هەروەها سەرەکی خۆشەویست کاك صەدام حوسێنی هەستا بیری لـــە هەندێ شتی گرنگ کردەوە ، کە زیاتر هانی جوتیار بدا تا پێی لە خاکەکەی بچەقێنێو ئیتـــر ئەفسانەی کۆچ‌کردن لە لادێ بۆ شار بە یەکجاری نەهێڵـــێو بەتەواوی بنەبڕی بکات ئەویش بە ڕوونا‌ك کردنەوەی گوندەکان ، کە جوتیار قانوسی ئەونی فڕێداو لەبەر گلۆپی کارەبا حەسایەوەو ڕادێوو تەلەفزیۆن لەســـەر کارەبا دەستیان بەکارکردن کرد • هەروەها بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیارانی داو بـــۆ یارمەتی جوتیارەکان کەوتە کارکردن بە دابەش‌کردنی چاندەمەنیو بەینی کیمیاویو ئامێرەکانی کێڵـــانو چاندنو درونەکردن ئەویش بـــــە بردنی تراکتۆرو دەڕاسەو هەموو ئامێرێکی تری پێشکەوتوو ئەمەش جوتیاری ڕزگار کرد لەو هەموو ئەرکو ماندوو بونەی کە لە ئەنجامی کێڵانو چاندنو درونەدا دەیکێشا • لە دوایی‌دا بڕیاری دروست کردنی قوتابخانـــــەی سەرەتایی‌و ناوەندی ئامادەیش لە هەندێ گونـــدی گەورە ، ئەمەش وای لە لادێ‌نیشینەکان کرد کە ئیتر کاریان بەشار نەمینێو هیچ جیاوازی‌یەك نەبێ لە نێوان گوندنشینەکانو شار نشینەکانو هەموویان جـــۆری عێراقی پێشکەوتوویان بە ناوچەوانەوە دیاربێو بـــۆ یەك ئامانجو یەك ڕێگا هەول بدەن کە ئەویـــــش سەرکەوتنو سەربەرزی عێراقی خۆشەویستە بـــــە سەرکردایەتی ڕابەری هەموو ئەتەوەی عەرەب هەڤاڵێ کۆڵنەدەر کاك صەدام حوسێن ...

لـــە ڕووی بازرگانیەوە :

دیارە کە لە کۆنەدا مرۆڤی عێراقی لە ژێر دەستی چەند سەرۆكو پادشادا دەژیان • کە لە کلکـــــی ئیمپریالیزم ببوونەوەو لە پێناوی ئەواندا کاریـــان دەکردو ئەو سامانو بەروبومو خێروبێرەی کە لـــە عێراقی خۆشەویستماندا وەکو کانی هەڵدەقوڵا ،تەنیا بەشێکی زۆر کەمی نەبێ ،کە تەنیا بۆ ژیان بردنەسەر بەکاردەهێنرا .دەنا ئەوی تری هیچی بۆ ئێمە نەبووو بەبار دەبان نارد دەرەوەو بانقە گەورەکانـــــی ئیمپریالیزمیان پێ‌پڕ دەکردەوە تەنیا بۆ ئافەریـــنو ڕازی‌بوون گەورەکانو هێڵانەوەیان لەسەر تەختـــی شلۆقی حوکم ڕانی‌دا . بەهیچ جۆرێك کەلوپـــەلی دەرەوەشیان نەدەهێناو میللەت لەوپەڕی دواکەوتندا بوونو جۆرەها نەخۆشی کوشندە زاڵ بوو بەسەریانداو ڕۆژی چەندەها مرۆڤی بێتاوان لە ژێرباری نەبوونیو نەخۆشی‌دا دەمردنو دەتلانەوە ، ئەگەر کەلوپـــەلی ئەمەریکایش جاروبار ڕووی لە عێراق بکردبایە ئەوا تەنیا بۆ خاوەن پارەو دەرەبەگو دەوڵەمەندەکان بوو بەڵام دوای هاتنی سەرەکی تاقانە کاك صەدام حوسێنی ،ڕاستەوخۆ قانونی خۆمالی کردنی نەوت دراو بـــەم جۆرە هەموو سامانە نەتەوە ـ بی‌یەکانمان بەتەواوی کەوتە دەستی عێراقیەکانو بەوپەڕی سەرفـــرازیو قەناعەتەوە ، ئەم میللەتە تامەزرۆبە کەوتە مامەڵـــــە کردنو هەر خێزانێك بوو بە خاوەنی سەرمایەیەکـــی دیاری‌کراوی خۆی • دوای ئەمەش بڕیاری کردنەوەی ڕێگای دەرەوە بۆ هەموو هاوولاتیەك کرایەوە کە بەدلی خۆی کەلوپەلی پێویست لە دەرەوە بهێنێو بیبا بۆیە وەکو خۆمان دەیبینین هەموو جۆرە پێویستیەکی بێگانە بازاڕەکانی عێراقی پڕ کردو وای لێهات کە هەمـــوو کەس توانای ئەوەی هەبوو بێماندوو بـــــوونو ئەرکێتیشان ، ئەو شتەی کە پێویستی پێیە لـــــە نزیکترین کۆگا دەستی بکەوێ ، دوای ئەمەش عێراقی خۆشەویستمان ، چەند کۆمپانیایەکی کردەوە ، بـــۆ دروست‌کردنی ئەو کەلوپەلانەی کە لە ماڵـــــەوە پێویستیمان پێی هەیە ، بە جۆرێك کە لە کەلوپەلی بێگانە چاکترەو هەرزان تریش دەستمان دەکـــەوێ ، بەم جۆرەش سەرکردەی لێهاتوو خۆی سەپاند بەسەر میللەتادا بەکردارە جوانەکانیو خزمەتە مرۆڤایەتیەکانی بۆ مرۆڤی هاوخاكو هاوخوێنو هاوچارەنووسی ...

بۆ بەڵگە : پارتی پێشرەو پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، لە ڕاپۆرتی ڕامیاری کۆنگـــــرەی هەشتەمی قەومی ، بە گەلی ڕاگەیاندو پێی سەلماند کە:

ڕێكخستنی بارزگانی دەرەوە بەو شێوەیەی کە زۆر سەرچاوەمان بۆ مسۆگەر بکات بۆ مامەڵەت‌کردنی بارزگانی • چ لە هێنانی کەلوپەلی سەرەتایی ، یان لە ناردنی کەلوپەلی سەرەتایی بەشێوەیەك پێویست بە هیچ بەربەست کردن ناکات لە هێنانو ناردنە دەرەوە لە سەربەخۆیی ئابوریمانو توانای نیشتمانـــــی سەربەخۆمان ...

لە ڕووی ئافرەتەوە :

هەر وەکو ئافرەت لەگەڵ ژیانی ئەم سەرزەمینە لە گۆڕانو لە سوڕانو لە ژیان دایە ، ئاوەها هـــــەر کەسێكو هەر مرۆڤێك بە گوێرەی بیری خـــــۆی مافێكو نرخێکی تایبەتی داوە بە ئافرەت ، هەندێـــك لەوانە دایان نا بە پەروەردەکەرو ڕاهێنەری پیاوچا کانو زانایان هەندێکی تریش بە پێشکەی شێرانو پاڵەوانان ، هەندێکی تریش بە نیوەی کۆمەڵ بەڵام سەرەکی بەڕێزو بێتشەوای لێهاتوومان کـــاك صەدام حوسێن هەر لەگەڵ لێدانی شۆڕشی سەرکەوتـــنو ناشتی‌خوازو مرۆڤ پەرست • گرنگی‌یەکی زۆری دا بە ئافرەت ، بۆیە هەستا بە دەرکردنی چەندەها بڕیاری پێویست ، لەوانە : دانی مافی تەواو بـــۆ ئافرەتو لە هەموو کارێك ، کە پێی هەستێ ، وەلـــە هەموو دایەرەو کاروبارێکی میری جیاوازی نەبێ لەگـــەڵ پیاو ، لە زانکۆکان بە بێ ئەوەی گوێ بدەنە هیچ بەر بەستێك کە لە کۆن هەبوو ، لەگەڵ پیاودا لەسەر بەك کورسی‌و لە یەك پۆلدا چەکی عیلمو زانستی‌یان گرتە دەستیان • جگە لەوەی لە کارگەکان وەکو پیاو کرێکارە ،هەروەها ئافرەت ڕۆژنامەنوس‌و نووسەرە جیرۆك‌نووس و هۆزان‌ڤانە .... هند •

هەر وەکو لە ڕاپۆرتی سیاسی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کە ئەم سەرکردایە سەرکردایەتی دەکا ڕای‌گەیاند :

قۆناغەکانی پێشوو نەوەندە تێکۆشانـــــی ئایدۆلۆجی‌و زانیاری‌و لەسەر ڕێگای ڕزگارکردنـــی ئافرەتی بەخۆیەوە نەدیتبوە ، بـــە هۆی بەربەستی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەو یاسایانەی کە ڕێگـــــەی بەشدار بوونی تەواوو فعلی لە کۆمەلی ئێمەدا گرتبوو وەلە ڕاپەڕینی عەرەبی کە حزب داوای لێدەکاتو کار دەکا بۆ جێبەجێکردنی ، بۆیە پێویستە ئەو قۆناغانەی کە لە پێشمانە تێکۆشانێکی ئایدۆلۆجی‌و زانیاریانـــە بێتو بتکەیەك بێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو گرنگی‌یـــە سەرەتایی‌یانەی کە یەکێکە لە کارە گرنگەکانی حیزب‌و شۆڕش •

هەروەها دەڵێ : پێویستە کار بکەین بـــۆ زۆرکردنی فێرکردنو ماوەی کارکردنی فراوان بـــۆ ئافرەت لە یەکسانی لەگەڵ پیاو لە لایەنەکانی مافـــی ئافرەت ••

وەپێویستە تێبکۆشین بۆ پوچەڵ‌کردنەوەی ئەو بیرو ڕا کۆنو دواکەوتوانە کە توانای ئافرەت بـــە هیچ دانانێو هەبوونی مرۆڤایەتی لە کۆشەیەکـــی تەنگی داناوە ...

جگە لەوەی کە تفەنگی شەرەفی بە دەست گرتو لە سەربازی میللی دەستیان کرد بە مەشق‌کردن ، تاکو بتوانێ ئافرەتی عێراقی بە دەستی خـــــۆی پارێزگای لە شەرەفی خۆی بکاتو لە ئەفسانـــەو ترسی کۆنو بێهێزی ئافرەت دووریان خەنەوەو ئەوە بسەلێنن کە ئافرەتو پیاو دوو کەسنو بە هەردوکیان تەواو کەری ئەم ژیانەن بـــۆ سوڕانی ڕەوڕەوەی گەردون بە دروستی • ئەمە جگە لە دوا بڕیار کـــە ماوەیان بە ئافرەتی عێراقی تێگەیشتوودا تا بەزێـــر بەشداری تەواوی ئەم شەڕە بکەن کە عێراقـــــی سەربەرزو سەرکەوتوو دەیگێرێ بۆ وەدی‌هێنانـــــی ئاسایش‌و دوورخستنەوەمان لە ئاگری شەڕ ••

بەڵێ : ئەم سەرۆکە خۆشەویستە بوو کە ڕێزی ئافرەتی یەکخست ، بێ جیاوازی لە کۆمەڵـــــی ئەمڕۆماندا هەموو مافێکی ژیانی بێ بەخشی ...

لـــە ڕووی شەڕەوە :

ئێمەی عێراقی . هەر لەو ڕۆژەی کە خومەینی بەفێڵو تەڵەکە توانی خۆی بەسەر گەلی ئێـــراندا بسەپێنێ . هەستمان بە وەکرد کە ڕژێمی چاو چنۆكو دەستدرێژو چاوتەنگی خومەینی وەکو ئیمپریالیزمی

بڕوانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

کارتی پیرۆزبایی بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەبۆنەی رۆژی لە دایك بوونیەوە



لە سایەتدا سەرکەوتنی گەورەتر بەدی ئەهێنین

لە بیرەوەری لەدایك‌بوونی خۆشەویستی کوردو عەرەب، پێشەوای کاروانی سەرکەوتنی عێراقی ئازیز ٠٠ لە یادی لەدایك‌بوونی صدام حسین رابەرو سەرەك گەرمترین پیرۆزبایی لە خۆمان‌وله هەموو دلسۆزانی ئەم وڵاتە دەکەم٠٠ بە ئومێدی ئەوەی لە ژێر ئالای بلندی سەرەکی مەزنماندا سەرکەوتنی تەواو بەسەر دەست‌درێژی رژێمی بەکرێ‌گیراو گەندەڵی خومەینی بەدەست‌بێنین ٠٠

محمد پیرۆز روستم
ئەمینداری پەروەردەو فێرکردنی باڵا

بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێرەوە ، گەورەترین و جوانترین پیرۆزبایی لە سەرەکی فەرماندە صدام حسین دەکەم ،بەڵێنی دڵسۆزی بۆ دووبارە دەکەینەوە کە هەمیشە سەربازی وەفاداری بین‌و لەسەرپێبین بۆ هەر ئەرکێك پێمانی دەسپێرێ‌و لەم بیرەوەریە پیرۆزەدا پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەمیشە لە سەنگەرەکانی هەرە پێشەوەی جەنگدابین رووبەرووی هێرشی ناپەوای رژێمی بەکرێ‌گیراوی خومەینی بجەنگین‌و خۆمان بکەینە قوربانی عیراقی ئازیزو لە ژێر ئالای بلندی صدام‌حسینی ابەردا گیان‌و مال ببەخشین

مقدم جلال ئەتروشی
بەڕێوەبەری گشت پۆلیسی هەولێر

لە یادی لەدایك‌بوونی سەرەکی خۆشەویستمان هەفتا صدام حسین ، جوانترین پیرۆزبایی لەگەلی عیراقمان بەکوردو عەرەبەوە دەکەم‌و ، جێی شانازییە بۆ ئەم نەوەیەی ئێمە کە لە سەردەمی صدام حسینی بلیمەتدا چاوی کردەوەو بەشداری گەورەترین راپەڕینی‌کرد لە مێژووی عیراقی سەربلندو ئازیزدا ٠٠ چونکە بەرەنگاری‌بوونەوەی هێرشی حوکمڕانە دەبەنگەکانی فارس‌و بەم شێوەیەی کە دەیبینین‌و خۆراگرتنی گەلەکەمان لە ژێر ئالای بەرزی سەرەکی فەرماندەدا هەتا هەتایە بۆ ئەم وڵاتەو بۆ گەلە کۆنەدەرەکەی بە کۆماری قارەمانێتی ناوی دەبرێ‌و ، دەبێتە خاڵێکی پرشنگدار لە مێژووماندا ٠٠ تەمەنی درێژ بۆ رابەرو سەرەك‌و خۆشەویستی عیراق صدام حسین ٠

نافعە عثمان ابوبکر
لێپرسراوی نووسینگەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکێتی ئافرەتانی عیراق

لە بیرەوەری لەدایك‌بوونی پێشەوای عیراقی نوێمان‌و رابەری کاروانی سەرکەوتووی گەلەکەمان سەرەکی فەرماندە صدام حسین ، جوانترین‌و رازاوەترین پیرۆزبایی لە خۆمان‌و تێکڕای گەلەکەمان‌و ئافرەتانی کوردستان دەکەم٠٠ لەم بیرەوەریە گەورەیەدا بەڵێنی دلسۆزی بۆ شۆڕەسواری مێژووی نوێمان دووبارە دەکەینەوە ، هەموو توانایەك لە پێناوی سەرکەوتن‌و جێبەجێ‌کردنی راسپاردەکانی صدام حسینی سەرکردەدا رەخساوەو هەموو سەربازی رێگەی سەربەرزی عیراقین‌و پەیمان دەدەین کە لە ریزەکانی پێشەوە دژی رژێمی بەکرێ‌گیراوی خومەینی بجەنگین ٠٠

امل اسماعیل
سەرەکی یەکێتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر

بە بۆنەی بیرەوەری لە دایك‌بوونی سەرەکی خۆشەویستمانەوەو بەناوی ئافرەتانی دیاناوە گەرترین پیرۆزبایی پێشکەش بەگەلی عیراقمان دەکەم ، بەهیوای تەمەنی درێژ بۆ رابەری کاروانی سەرکەوتنمان هەڤان صدام حسین ٠

بیرشوە کانون
لێپرسراوی کەرتی یەکێتی ئافرەتانی عیراق لە دیانە

هەزارویەك مۆم لە بیرەوەری لەدایك‌بوونی سەرەکی خۆشەویستمان صدام حسین دادەگیرسێنین بەکوێرایی دوژمنانی عیراق٠٠

مقبولە رشید
ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی عیراق لە دیانە

لە بیرەوەری لە دایك‌بوونی سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌دا پیرۆزبایی لە خۆمان‌و لە گەلی عیراقمان دەکەین ٠٠٠ بە ئومێدی رەواندوز بەڵێنی وەفاداری گەورەتر لە ژێر ئالای بلندی سەرەکی خۆشەویستماندا ئێمەی ئافرەتانی کورد لە رەواندوز بەڵێنی وەفاداری دلسۆزی بۆ رۆڵەی بلیمەتی عیراق صدام حسین دووبارە دەکەینەوە کە هەمیشە لەگیان و مال درێغی نەکەین بۆ سەرکەوتن بەسەر رژێمی کۆنەپەرست‌و نەگریسی خومەینیدا ٠

پەروین احمد ابراهیم
لێپرسراوی کەرتی یەکێتی ئافرەتانی عیراق لە رەواندوز

پێشەوای گەل‌و ڕابەری نەتەوە صدام حسین گەرم‌ترین‌و جوانترین‌و ڕازاوەترین سلاوو پیرۆزبایی ئاراستەی ئەم شۆڕە سوارە دەکەم ؛ هیوادارم هەموو ساڵی لە گەرمەی ئاهەنگی سەرکەوتن‌دا یادی ئەم ڕۆژە مێژوویە بکەینەوە ٠

تحسینی مولود
هەولێر

بە بۆنەی بیرەوەری لە دایك‌بوونی سەرەکی خۆشەویست صدام حسین ، بەناوی لقی سێی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە جوانترین پیرۆزبایی پێشکەش رابەرو پێشەوای گەلی عیراقمان دەکەم‌و بەڵێنی بۆ دووبارە دەکەینەوە کە سەربازی رێگەی پاراستنی عیراقی سەربلندمان بین‌و ، بە گیان‌و بە مال بەرەنگاری لە دەسکەوتە پیرۆزەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمووز ١٩٦٨ بکەین ٠

بکر ایوب
لێپرسراوی لقی سێی پارتی شۆڕشگیری کوردستانی

**لەم بیرەوەریە سەرفرازیەی عێراق‌و جەژنی لەدایك‌بونی سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌دا ڕۆژنامەی هاوکاری چەند کارتی پیرۆزبایی دەبەخشێتەوە لەوانە کاکە فتاح عزیز جاف قائمقامی بەختبکەین کە رۆڵەیەکی وەکو (صدام حسین)ی گۆش کردوە ٠٠ ئەوەی شایانی‌باس بێت لقی یەکێتیمان هەروەکو چۆن لە هەموو جەژن‌و یادو بۆنەیەکی نیشتمانی وڵاتەکەماندا هاوبەشی راستەوخۆی کردوە لەم رۆژە پیرۆزەدا چەندان بڕگەو پرۆگرامی فراوانی دەست نیشان کردوەو جێبەجێیان دەکات ٠

● دواجار کاك لطیف امین محمود سکرتێری یەکێتی جوتیارانی پارێزگای سلێمانی وتی :

لە جەژنی لەدایك‌بونی هەفالی تێکۆشەر کاکە صدام حسین‌و تێپەڕبونی (٤٧) ساڵ لە تەمەنی گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش دەکەین‌و داواکارم لە یەزدانی مەزن کە تەمەنێکی درێژی پێببەخشێ بۆ بەردەوام بون‌و بوژانەوەو سەربەرزی عێراقی خۆشەویستمان کە لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە تەنها لە چەرخی سەرکردایەتی ئەم مرۆڤە تێکۆشەرەدا عێراق چێژی سەربەستی‌و سەربەرزی بەخۆیەوە بینیوە ئەگینا پێشتر هەر ژێر دەستەو چەوساوەی هێزەکانی ئیمپریالی بوە ٠٠

سلاوم بۆ ئەو دایکەو باوکەی کە ئەم رۆڵە نەبەزەی پەروەردە کردوە بۆ خزمەتی عێراق بە گشتی‌و گەلی کوردیشمان بەتایبەتی٠٠ هەروەها پیرۆزبایی لە گشت ئەندامانی خێزانەکەی دەکەین‌و هیوادارین هەموو ساڵێك وەکو ئەمساڵ بەسەربەرزیەوە یادی بکەینەوە ٠

رۆژی ٢٨-٤-١٩٨٤ ، وە هەموو ساڵێك ، بە بۆنەی لە دایك‌بوونی سەرکردەو رابەری گەل ، تێکۆشەر صدام حسین ، گەلی مەزنمان ئاهەنگی شادومانی‌و سەرفرازی بەو یادە پیرۆزە دەگێڕێ ، کە بە رۆژی نوێی عیراق‌و پرشنگێکی نوێ دەژمێردرێ ٠٠ لە دایك‌بوونی فەرماندە ، لە دایك‌بوونی رۆژی شکۆداری‌و سەربەرزی گەلە ٠٠ بەو بۆنەوە ، کە هەولێری مەلبەندی ئۆتۆنۆمیش بەردەوامە لە ئاهەنگی بەختەوەری ٠٠ چاومان بەکۆمەڵێك هاوولاتی کەوت‌و هەر یەکە هەستی خۆی دەربڕی ٠٠

● بەرێز عبدالقادر علی وتی :

لە کاتێکا کە وڵاتەکەمان لە رۆژی سەرکەوتن‌و بەختەوەری بەردەوامەو وڵاتەکەمان جەنگی رەوای خۆی دەگێڕێ دژی تاقمە رەگەزپەرستەکەی تاران ، یادی ئەم رۆژە تام‌وبۆیەکی تری هەیە ٠٠٠ هەموو ساڵێك ، گەلی عیراق ، بە کوردو عەرەبەوە ، لەو رۆژە سەرفرازەدا دوپاتی دڵسۆزی‌و وەفاداری خۆی دەکاتەوە بۆ رابەری کاروان تێکۆشەر صدام حسین کە توانی ببێتە نموونەی پاڵەوانی لە هەموو بوارێکی ژیاندا٠٠ هەموو هاوولاتیەکی عیراق بۆی هەیە شانازی بەو بۆنەوە بکات ٠٠

● بەرێز پۆلص توما ووتی:

رۆژی ٢٨-٤ وانەبێ رۆژێکی ئاسایی‌بێ ٠٠ بەڵکو رۆژی گەلە ٠٠ ئەوگەلەی کە هەموو توانا‌و ووره‌و خۆشەویستی‌یەکی لە سەرەکی فەرماندە صدام حسین وەرگرت بۆ پتەوبوونی گیانی سەرکەوتن‌و سەرفیرازی ، لە پێناو پاراستنی عیراقی سەرکەوتوو لە چنگ نۆکەرو ناحەزانی ئەم وڵاتە سەربلندە کە لەگەڵ سەرەکی فەرماندە صدام حسین هەنگاوی سەرکەوتن ئەنێ ٠٠ بەوبۆنەوە ، لە نا خەوە پیرۆزبێ ، یادی ٢٨-٤ ، یادی هەموو گەل ٠٠

● خاتوو پەیمان طاهر احمد ووتی :

لە کاتێکا بە گەلەکەمان ئاهەنگی بەختەوەری‌و شانازی دەگێڕێ ، یادی لە دایك‌بوونی ئەو شۆرەسوارە دەکاتەوە ، کە مێژووی عیراقی خستە قۆناغێکی تازەوەو ئەم وڵاتە پیرۆزەی پڕکرد لە دەسکەوتی مەزن ٠٠

سەرکەوتن‌و خۆشەویستی لە هەموو لایەکی ژیان بەدی ئەکرێت‌و لە رووی گۆرانکاری‌و بنیات‌نان بەرەو گەشەپێدانی بەردەوام چووە٠ ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ئەخشە پیرۆزەی کە سەرەکی فەرماندە بۆ گەشانەوەی عیراقی سەرکەوتوو دای‌نابوو ٠٠

● کاك عرب صالح عمر ووتی :

عیراق ، وڵاتی ئاوەدانی‌و سەرکەوتن ٠٠ لە رۆژی ٢٨-٤دا پێشوازی لە یادی رەنگین دەکاتەوە ، کە تیایدا سەرەکی فەرماندە صدام حسین چاوی‌هەڵێنا ٠٠ کە توانی بەوپەڕی توانا‌و سەلیقەی شۆڕشگێڕانەو بیرو هۆشی سەرکردەیەکی لێهاتوو عیراق بخاتە چەرخی پێشکەوتن‌و ئاوەدانی ٠٠

● کاك عمر مکائیل ووتی:

رۆژی نوێ پیرۆزە ٠٠ بەتایبەتی رۆژی لە دایك‌بوونی سەرکردەیەکی بەوەفا ٠٠ کە هەموو عیراقیەك شانازی بەم یادە مەزنە دەکات‌و یادی سەرەکی فەرماندە لە بیروهۆش‌و هەستی هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتوخواز ئەدرەوشێتەوە ٠٠

سەرەکی فەرماندە ، پیاوی سەرکەوتنە ٠٠ پیاوی ئەو جەنگەی کە بو بە نموونەی زیندوو لە خەباتی نوێی گەلی عیراق کە مل‌کەچی هیچ دەست‌درێژییەك ناکات‌و قوربانی دەدا بۆ سەربلندی عیراق ٠٠٠

● خوشکی کرێکار نەرمین ئەحمەد لە کارگەی چنینی هەولێر ووتی :

بە ناوی خوشکانی ئەم کارگەوە پڕ بە دل پیرۆزبایی لەم بادە شیرینە دەکەین کە یادی گەورەی ژیانی هەموو هاوولاتیەکە ٠٠٠ چونکە صدام حسین رۆڵەی چیاو بیابان‌و هەموو ئەم وڵاتە سەربلندەیە ٠٠

قەزای دەربەندیخان کە لەسەرەتاوە وتی :

شادمانم کە بە بۆنەی بیرەوەری لەدایك‌بونی سەرەکی فەرماندەی تێکۆشەر کاك صدام حسین جوانترین پیرۆزبایی بەناوی خۆم‌و جەماوەری قەزای دەربەندیخانەوە پێشکەش بکەم‌و بەم بۆنەیەوە پەیمان‌و وەفاداری خۆمان تازە بکەینەوە بۆ سەرەکی فەرماندە کاك صدام حسین کە سەربازێکی بەوەفابین‌و شمشێرێکی تیژبین بۆ سەر پەڕاندنی هەموو تەماع‌کارێك ٠٠ شایانی‌باسە ئەم بیرەوەریەش بە لەدایك‌بونی هەموو گەلی عێراق دادەنرێت بۆیە لە خوای گەورە داوا دەکەین‌و دەپارێینەوە کە هەموو ساڵێ بەخۆشی یاد بکەینەوەو بەسەرکردایەتی شۆڕەسوار هاورێ صدام حسین دوا سەرکەوتن بەسەر فارسە رەگەزپەرستەکانا ببڕێتەوەو هەر بەم بۆنەشەوە بڕیارمان داوە کە لە ناو قەزاکەماندا چەند چالاکیەك جێبەجێ بکەین لەوانە یاری تۆپی باسکەو خۆپیشاندانێکی پێشرەوان‌و ئامێری دایەرەو جەماوەران‌و کورێکی فراوانی خوتبەو چەند کۆڕو کۆبونەوەی تریش کە دەربارەی بارودۆخی ئێستای وڵاتەکەمانی تەرخان دەکرێت٠

● پاشان کاك بورهان عبدالقادر حفید بەڕێوەبەری ناحیەی زەڕایەن وتی :

سەرەکمان دەکەین‌و هیوادارین کە هەموو ساڵێ بە خۆشی‌و کامەرانی بەرینە سەر هەر بەم بۆنەشەوە پەیمان تازە دەکەینەوە بۆ سەرەکی تێکۆشەر کە هەر دەم سەربازێك بین‌و خۆمان لە پێناوی گەل‌و نیشتمان‌دا بەختبکەین‌و سنگمان قەڵغانێك بێت بۆ دوژمنانی عێراقی خۆشەویست‌و کۆتایدا بەناوی خۆم‌و دانیشتوانی ناحیەی زەڕایەنەوە لەگەڵ پیرۆزبایمان‌دا بەڵێن دوپات دەکەینەوە کە هەموو توانایەکمان لە پێناوی سەربەرزی عێراقدا بەختبکەین ٠

● هەروەها کاك اسماعیل حمە سور سەرەکی لقی یەکێتی قوتابیان‌و لاوان لە سلێمانی وتی :

ئێمەی قوتابیان‌و لاوانی سلێمانی لەم رۆژە بەختەوەربەی عێراقدا کە بەرۆژی هاتی هەموو گەل‌و میللەتی عێراقی دەزانین ئەویش رۆژی لەدایك‌بونی سەرەکی فەرماندە (صدام حسین)ە شان‌بەشانی گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان دەڵێین ئێمە هەمیشە لەسەر بەڵێنی وەفاداری خۆمان سوربین کە گیانی خۆمان لە پێناوی ئەم خاکە پیرۆزەدا بەردەوام بین لە تێکۆشانی خۆماندا بۆ بەرگری‌کردن‌و گۆڕکردنی ئەو خەباڵە پوچەڵەی کە فارسە رەگەزپەرستەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ مەرامیانەو لە

Institut Kurde de Paris

لە دایك بوونی سەرکردە ...
لە دایك بوونی شادی و ژیان
لە دایك بوونی شۆڕەسوار و هەتاو

● موکەرەم ڕەشید تالەبانی ●

● لەم ڕۆژانەدا ، نیشتمان ، سەرتاپای لە گوڵو گوڵاڵەو وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی سەرکردە ، هیوای هەموو دڵێکی بە تەووژمو پڕ ئەوینو دڵسۆزیو ، وەفاداریدا ، ڕازاوەتەوە ، وێنە ڕەنگینەکانی سەرکردە ، لە هەموو قوژبێکی دوورو نزیکی نیشتمانە سەربلندەکەماندا ، نیشانەی شادومانیو سەرکەوتن بەرز دەکەنەوە ، مژدەی خۆشیو کامەرانی ، بە دڵو دەروونی هەموو گەورەو بچووکێکی ئەم خاکە بەپیتو پڕ لە ئەویندارییو ئەمەکداریەدا دەکەن .. ئاسۆی ڕەنگینی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان ڕەنگین تر دەکەن ، چۆن نا ، وێنەکانی سەرکردە نیشانەیەکی دڵسۆزیی ئەم گەلە مەزنەن بەرانبەر بە خۆشویستنی سەرکردە قارەمانە داناو پاڵەوانەکەی خۆیان ؛ سەرەکی خۆشەویست تێکۆشەر صەدام حوسەین ..

● بەڵێ .. لەم ڕۆژانەدا ، گەورەو بچووکی نیشتمان ، کوڕو لاو ، ژنو پیاو ، پیرەمێردو منداڵ ، بە بۆنەی لەدایکبوونی سەرکردەی قارەمانەوە ، ئاهەنگی دڵسۆزیو وەفاداری بۆ ئەم ڕووداوە بێوێنەو بێهاوتایە دەگێڕن .. دڵسۆزیو وەفاداریی خۆیان پتر ، توند تر ، بۆ سەرەکی فەرمانده ، هەتاوی پڕشنگداری ئاسمانی تێکۆشانی نیشتمانی ئاوەدان دووپاتدەکەنەوە ، چۆن نا ، لە مانگی بەهاردا ، لە مانگی فێنك‌و خۆشدا ، لە مانگی گوڵو نەسرین‌دا ، لە مانگی نیسان‌دا ، لە مانگی تێکۆشان‌دا ، سەرکردەو شۆڕەسواری نەتەوەو نیشتمان ، لەدایکبوو ، خاکی بەرینی نیشتمانی ئاوەدان کردەوەو خۆشیو شادیی خستە وولاتەوە .

● ئەی سەرکردە .. لە ڕۆژی لەدایکبوونتدا ..
هەزار چەپکە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی وەفاداریت ..
پێشکەش دەکەین ..
ئەی شۆڕەسوار
ئەی هەتاوی خاکی بەهار
ئەی سروودی شیرینی زار
تۆی ئاواتی دێرینی دڵ
تۆی خەباتی مێژووی دێرین
تۆی ڕووناکی
تۆی بێباکی .. تۆی گوڵ
تۆی گوڵ

● ئەی شۆڕەسوار
ئەی سەرکردەی کاروانی نوێ
ڕۆژی لەدایکبوونت
مژدەی شادومانیی خستە دڵی ..
سەدان شارو هەزاران دێ ..
لەدایکبوونت ..
پەرەی نوێی مێژووی تێکۆشانی
هەڵدایەوە
بیری سەربەست لەدایکبوون
هەزاران دڵ
پڕ بوون لە سروودو بەستەو گۆرانی
بەفری ڕق‌و کینەی ڕابوردووی کۆن ..
توایەوە ..
ڕووی پیرەمێردو ئافرەت‌و منداڵەکان
لە نێو باخچەی دەستکەوتی جۆر بە جۆردا
گەشایەوە !
مێژووی نوێ .. کاروانی نوێ .. مرۆڤی نوێ
بیری سەربەستو نوێ .. ووشەی گەش‌و نوێ
ڕەووشتی نوێ .. ڕەفتاری نوێ .. خەونی نوێ ، هیوای نوێ
بەهاری نوێ .. گوڵزاری نوێ
لەدایکبوون ..
نیشتمان .. بە گوڵ .. بە دەستکەوت ..
بە خۆشەویستی .. بە ئەوین .. بە شادی ..
بە ژیان .. بە کاروان .. بە هەتاو .. بە خەبات ڕازایەوە !

● ئەی سەرکردە .. ئەی فەرمانده ..
ئێمەی دڵسۆزی تۆ ..
یادی ڕۆژی لەدایکبوونی تۆی سەرکردە ..
دەکەینەوە ..
ئاهەنگی وەفاداری دەگێڕین ..
مۆمی خۆشەویستی‌و شانازی‌پێوەکردن ..
دادەگیرسێنین ..
لە ئاهەنگگێڕانی لەدایکبوونی تۆی سەرکردەو شۆڕەسواردا ..
هیوای سەرکەوتن‌و تەمەن‌درێژیت بۆ دەخوازین ..
گۆرانیی نوێت .. بۆ دەبێژین ..
هۆنراوەی نوێو ووشەی نوێت بۆ دادەڕێژین
لە خوای گەورە داواکارین ..
تۆی سەرکردە .. تۆی پاڵەوان ..
تۆی شۆڕەسوار .. تۆی پڕشنگدار
تۆی هەتاو .. تۆی تێکۆشەر
بۆ گەلی هۆشیار .. بۆ نیشتمان ..
هەمیشە هەر بپارێزیت ..
هەمیشە هەر بتپارێزیت .. بتپارێزیت .

■ نیسانی ١٩٨٤ ■

تەمەن درێژی بۆ
سەرەکی قارەمانمان

● فؤاد حسین ●

بێ‌گومان گەلانی سەر ئەم زەمینە هەر یەکە خاوەن مێژووو کەلەپوورێ خۆیەو شانازی پێوە دەکات‌و ڕۆژانی تایبەتیش هەن تیایا ئاهەنگ دەگێڕن و یادی ئەو ڕۆژانە دەکەنەوە کە ڕۆژانێکی دیارن‌و تیایا گەورەترین سەرکەوتن وەدیهێناون .

دیسان هەر گەل‌و میللەتێکیشدا لە قۆناغەکانی مێژوویدا پیاوی ئازاو هەڵکەوتوو و دلێری هەبووە کە توانیویە سەرکردەی گەل یان سوپا لە ماوەیەکی دیاری کراودا بکات‌و ببێتە ئەستێرەیەکی گەشو پڕشنگدار بۆ ئەو گەلەو دەیەها سەرکەوتن‌و بەخشش‌و دەسکەوت وەدیهێنا بێت ، ئەم جۆرە پیاوانە کەمن‌و بە پەنجە دەژمێردرێن ، بەڵام بەکردەوەی نایاب‌و بە ئازایەتی‌و دانایی‌و هوشیاری وایان لێهاتووە هەتا هەتای ناویان لە لاپەرەکانی مێژوودا بدرەوشێتەوەو بەنەمری بمێننەوە .. هەتا هەتایە بەخۆشەویستی‌و شانازی‌و سەربەرزیەوە باس بکرێن‌و ببنە نمونەی ڕۆڵەی دلێری گەل ...

گەلی عیراقی قارەمانمان یەکێکە لەو گەلانەی سەر ئەم زەمینە کە لەسەر خاکە پیرۆزەکەی جوانترین‌و نایاب‌ترین داستان تۆمار کراوەو پاڵەوانەکانی ڕۆڵەی ئەم گەلە دلێرەن ..

ڕۆڵەی خوێن‌گەرمی ئەم گەلە بە خەبات‌گێڕو نەترس‌و بە جەرگ گشت بستێکی ئەم نیشتمانە بە خوێنی‌گەشیان ڕەنگاو ڕەنگ کردوون ...

لەسەر ئەم خاکە پیرۆزە گەورەترین شارستانیەت سەری هەڵداوەتەوەو تیشکی داوەتە وولاتانی تری سەرزەمین کە ئەو وەختە لە تاریکی‌و نەزانین‌و دواکەوتوویدا دەژیان لە ڕۆژانی ڕابوردووی گەلەکەماندا قارەمانی بە جەرگی وا پەیدا بووە هەمیشە بە بلیمەتی‌و سەلیقەو ڕابەرایەتی‌و ئازایەتی‌و دلێری‌دا خۆی نواندووەو دژی دوژمنان ڕاوەستاوەو سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن وەدیهێناوە .. صدام حسین یەکێکە لە سەرکردەو قارەمان‌و پاڵەوانانی گەلی عیراقی خۆشەویستمان ..

لە مێژووی نێستاماندا لەو ڕۆژەوە سەرکردەی ڕەمز ڕابەری گەلەکەمان دەکات نیشتمان هەمیشە پێش دەکەوێت‌و سەرکەوتنی گەورە وەدی‌دەهێنێت ..

صدام حسین بە حەق ئەوەی چەسپاند کە پێشرەوێکی دلێرەو سەرکردەیەکی داناو بە توانایە وولاتەکەمان لە چاوچنۆکی دوژمنان بپارێزێت‌و سەرکوتیان بکات‌و تووشی نوشتیبان بکات .

خەبات گێڕ صدام حسین لەگەڵ ئەوەی نیشتمانەکەمان بە باروزرو فێکی تایبەتیدا دەڕوات‌و دژی چەپەڵترین دوژمن دەجەنگێت .. لەگەڵ ئەوەی سەرکردەی سوپای پاڵەوانمانەو بەردەوام سەر لە بەرەکانی جەنگ دەدات‌و لەگەڵ جەنگاوەرەکانماندا دەژیت .. و پیلانەکانی دوژمن سەرنگون دەکات‌و بە خامەی ڕەنگینی سەرکەوتنی نایاب تۆمار دەکات ... هەمیشەو بەردەوام سەر لە دەیەها خێزان دەدات‌و ئەحوالی ڕۆژانەیان‌و ژیانیان دەپرسێت‌و دەستی یارمەتی بۆیان درێژ دەکات ..

هەر ڕۆژ چاوی بە سەدەها هاوولاتیان دەکەوێ‌و چارەسەری گیروگرفتەکانیان دەکات ... ئێستا کەم کەس هەیە چاوی بە قارەمان صدام حسین نەکەوتبێ یان لەگەڵیدا دانەنیشتبێ ، بەتایبەتی ئەوانەی داوای چاوپێکەوتنی دەکەن ..

ئەم حالەتەو بەم چەشنە لە هیچ وولاتێکدا تا ئێستا ڕوو نەداوەو نەبووە ..

ڕۆڵەی گەل هەمیشە سەرپەرشتی گشت دامو دەزگاکانی دەوڵەت دەکات‌و سەرلێپان دەدات .. و ئاراستەیان دەکات .. لە کارگەو کێڵگەو قوتابخانەو نەخۆشخانەو هەموو دەزگاکانی تری دەوڵەت ..

بەڵێ گەلی عیراق لە سەراسەری نیشتمانەکەماندا پێشوازی لەم ڕۆژە پیرۆزە دەکات کە سەرەکی خۆشەویستمان تیایا لە دایکبووە ..

بەوپەری گەرمی‌و دڵسۆزیەوە خۆشەویستی خۆیان بۆ سەرەك دەردەبڕن ...

گوڵو گوڵاڵەو چەپکە نێرگس پێشکەش بە ڕۆڵەی گەل دەکەن .. تەمەن درێژی بۆ دەخوازن ..

بە هیواو ئامانجێکی گەورەوە پێشوازی ئەم یادە پیرۆزە دەکەن ..

کە سەیری سەرەکی خۆشەویست دەکەن گەز گەز باڵا دەکەن‌و پاشەڕۆژی پڕشنگدارو ڕوناکیان بەر چاو دەگەوێ ، چونکە صدام حسین ڕوناکیە بۆ گەڵ ، هیوای پاشە ڕۆژە ، بزەی سەر لێوی منداڵانە ، کامەرانیی هەموو لایەکە ..

جا بەم بۆنەیە .. یادی لە دایکبوونی سەرەکمان سەرکردەی ڕەمز ، ئاهەنگمان گەرمترو بە گوڕتر ڕەبێت ، بەتایبەتی هەر وەك دەبینین جەنگاوەرە پاڵەوانەکانمان دەستی قورسی دلێرانە لە دوژمن دەوەشێنن .. و .. سەرکەوتنی گەورەو نایاب وەدی‌دەهێنن ..

Institut kurde de Paris

ئافرەت‌و خێزان

ئایا ئەو دایکانەی شیری مەمکی خۆیان دەدەنە منداڵ .. وەرزش بکات یان نا .؟

زۆر جار پرسیار دەکرێ کە ئایا ئەو دایکانەی شیری مەمکی خۆیان دەدەنە منداڵ دەتوانێ وەرزش بکات یان نا ؟

لەم بارەیەوە هەندێ دەڵێن کەوا دایك کە شیری مەمك دەدانە منداڵ دەبێ هەمیشە بحەسێتەوەو خۆی ماندوو نەکات .. بەڵام هەندێکی کەلەم بڕوایەن کە ئەم جۆرە دایکانە دەبێ ژیانیان ئاسایی بێ‌و هیچ جۆرە گۆڕانێك لە خوو ڕەوشتیان ڕوو نادات . لێرەدا هەندێ لەم دایکانە حەز بەوە دەکەن کە هەندام‌وڕووخساری خۆیان بپارێزن هەندێکی کە وای بە پەسەندەدەزانن کە دەبێ بایەخی زیاتر بە منداڵەکەی بدات .. لێرەداشارەزاو پزیشکان وای بە باش دەزانن کە دایك دەبێ بتوانێ ئاگای لە هەندام‌و ڕوخساری خۆی‌و ژیانی منداڵەکەی بێ‌و بە پێی توانا وەرزش بکات چونکە ئەم وەرزشە بێگومان لەش بە هێز دەکات‌و تەمەڵی‌و تەوەزەلی لا دەبات .. وە لە کاتی شیردان بە منداڵ دەبێ دایك سنگی خۆی پاك بکاتەوە بەتایبەتی ئەگەر دوای وەرزش شیر بە منداڵ کە بدات چونکە لە کاتی وەرزشداگیانی مرۆڤ ئارەق دەکات .. هەروەها باشتر وایە دوای شیردان بە منداڵ جارێکی کە کەمێ وەرزش بکات بۆ ئەوەی چالاکی لەش بەردەوام بێ .

وەباشتر وایە دوای ماوەی وەرزش کەمێ بحەسێتەوە پاشان لەسەر خۆ کاروباری ناومال تەواو بکات .

سکینە منصور حسن

یادیکی پیرۆز

٢٨ی نیسان یادیکی پیرۆزە لە مێژووی گەلی عیراقی ئازاماندا ... ڕۆژی لەدایك بوونی ڕۆژەیەکی نەبەردو ئازایە ... ڕۆژی لە دایکبوونی سەرکردەیەکی بێ وێنەیە لە ناوماندا ...

ڕۆژی هاتنەکایەی قارەمانێکە کە گەلەکەمان ساڵەهای ساڵە خەوی پێوە نەدی .

بەم بۆنە پیرۆزەوە هیوای تەمەن درێژی بۆ قارەمانمان دەخوازین ، کە لە سایەی عیراقی سەرکەوتن‌و یەکێتی کوردو عەرەب کە ووشەی کوردی پڕشنگدار بەرەی سەندوو گەیشتە ئەو پەری پێشکەوتن .

گەلی کوردمان خاوەنی ڕۆژنامەو گۆڤارە . وشەی کوردی دەوری پیرۆزی لە عیراقدا هەیە .

لە سایەی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی نەمردا ، ڕابەری ڕەوتەکەمان هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین، هەر تەمەن درێژ بێت بۆ خزمەتی ئەم گەلە .

زینب حسین

منداڵەکەت‌و ...
خەوی ڕێك‌و پێك

منداڵ کە چاوی هەڵئەهێنێت بۆ ئەم جیهانەو هەموای ئەم سەرزەمینەو وەرئەگرێت ، شتێکی ڕوونو ئاشکرایە کە زۆربەی کات نەخەوێت .

بێگومان ئەگەر نەخۆش نەبێت یاخود ئازاری نەبێت . وەنەوەی هەموو دەم خەبەری نەکاتەوە برسێتی‌یە ، جا بۆیە خوشکی ئازیزم پێویستە منداڵەکەت ڕابێنیت لەسەر ئەوەی شیری لە کاتێکی دیاری کراودا بدەیتێ هەر وەکو پسپۆڕەکان‌و زاناکان ڕوونیان کردۆتەوە کە ئەمە شتێکی زۆر گرنگە لە ژیان‌و بەروەردەکردنی منداڵدا .کە ئەبێت کاتێك دابنێیت بۆ شیرپێدانی منداڵەکەت لە کاتێکی دیاریکراوداو بزانیت لە چ کاتژمێرێکدا ئەیدەیتێ .بۆ ئەوەی بزانیت منداڵەکەت کەی برسیەتی . ئینجا لەو کاتەدا لەسەرخۆو بە نەرمی‌یەکەوە خەبری نەکەیتەوەو شیری ئەدەیتێ . بەڵام هەندێ لە دایکان کە کاتی شیر پێدانی منداڵەکەی دێت وا ڕێ‌ئەکەوێت منداڵەکەی نووستووە خەبری ناکاتەوەو ئەڵێت با بخەوێت باشترە چونکە باوەڕی بەو بیروڕایەیە کە ئەڵێت منداڵ تا زۆر بخەوێت بۆ ئەندروستی باشترە ، بەڵام لە ڕاستی‌دا ئەمە هەڵەیە ، پێویستە ڕای بهێنین لەسەر ئەوەی لە نێواراندا لە کاتژمێری شەشدا بیخەینە ناو جێگاکەی‌تا کاتژمێری شەشی بەیانی‌و بە هیچ جۆرێك خەبەری نەکەینەوە تەنها یەکجار نەبێت ئەویش بۆ شیرپێدانی لە نێوان کاتژمێری نۆو دەداو پاشان بخرێتەوە ناو جێگاکەی بۆ ئەوەی سەر لەنوێ بخەوێت .

خوشکی ئازیزم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەڵێین منداڵەکەت با زۆر بخەوێت دەرمانی خەوی بدەینێ بۆ ئەوەی باش بخەوێت بەڵکو منداڵەکە ئەگەر تەندروستی باش بێت‌و هیچ نەخۆشی‌یەکی نەبێت خۆی ئەخەوێت بە بێ هیچ پاڵپێوەنەرێك .

هەروەها شوێنی نووستنی منداڵەکە پێویستە لە ژوورێکی بێدەنگدا بێت‌و دوور بێت لە هەموو جۆرە قرەقرو هەرایەك شوێنەکەشی پاك‌و خاوێن بێت‌و هەوای ئەو شوێنەش بەردەوام لە گۆڕاندا بێت .

جاری وایش هەیە هەندێ خێزان کە میوانیان دێت خۆیان یاخود لەسەر داوای میوانەکەیان منداڵەکەیان لە خەو هەڵئەستێنن بۆ ئەوەی میوانەکەیان منداڵەکە ببینێ ئەمەش نابێتە هۆی خەوزڕاندن‌و ناڕەحەتی منداڵەکە .

ئامادەکردنی

هەڵاڵە محمد امین

نازکێشی کوردەمالان

● عبدالمحسن بنی ویس ●

مەلا نەجەف شاعیرێکی کوردە ، هێشتا کەس نازانی خەڵکی کوێیەو لە چ ســـەر دەمێك ژیاوە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لـــە کتێبەکـــەی « کەشکۆڵی کـەلەپووری ئەدەبی کوردی ـ بـەرگی دووەم » لە لاپەڕە ١٤١ باسی شاعیری ناوبراو دەکاو دوو پارچـــە هۆنراوەی بـڵاو کردوەتەوەو دەڵێ : « تا ئێستا نەم ناسیوە و باســـــیم نەدیوەو نەبیستوە » .

لەم دوو پارچە هۆنراوەیەی وا لـــە خوارەوە بڵاو دەکرێنەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەوا شاعیری ناوبراو خەڵکی کوردستانی ئێرانەو لە کرماشـــان ژیاوە ، یا لەوانەیە هەر سەری لە کرماشان دابێ .

ئەم دوو پارچە شیعرەم لـە دەم پیرەمێردێکی خەڵکی خانەقین بیستوەو بۆی گێڕامەوە کە گوایـا ڕۆژێك مەلا نەجەف لە کرماشاندا لە چایخانـەیـەك دانیشتبوو لەو کاتەدا کچە کوردێکی شـــۆخو نازدار دەدا بەلایا و بەرەو گەرماو « حومام » دەچێ کچەکە ئەوەندە شۆخو جوان و شیرین ئەبێ . مەلا نەجەف کە سەرخۆشی جوانی‌ی دەبێ . لـە جێگاکەی خۆی دەمێنێتەوەو چاوەڕوانی کچەکە دەکا . کاتێ کچەکە لە گەرماوە دەردەچێو بەو ئارایشـــتەوە جاوی پێ دەکەوێ سەرسام دەبێو قەریحەی دەکرێتەوەو لە خەیاڵی خۆیدا تابلۆیێك بە خامە ڕەنگینەکەی بۆ نـەو دیاردە سەرخۆشکەرە دەکێشێ ، دیاردەی کچەکـە لە گەرماودا لە کاتی خۆشتندا . هەروەها باســـی پێوبستیەکانی ئەو سەردەمە لە گەرماودا وەکو خەنەو تاسو ماشتە پاش ئەوە باسی جلو ســـــەروینو ماوانکەو ماشتە کەژو کۆشیارەو چاو ڕەژینەکـــەی دەکـــا .

لە دووەم پارچە شیعرەکەدا کە لە دەرفەتێکی نزدا دەقەکەی بڵاو ئەکەینەوە مـەلا نەجەف پـــاش ماوەیەك کەرەتێ ڕێگای دەکەوێتە لادێیەك کات وەرزی بەهارە هۆزەکان کوێستانیان جێهێشتووەو لـــە لەوەڕگاکانی گەرمەسێر لە نێو گوڵزارو چەمـــەنـدا ڕشمالیان هەڵداوە . ئافرەتە لادێیەکان خەریکـــی کاروباری خۆیانن . مەڕ دۆشێن ، مەشکە ژەنین ، شیر کوڵاندن و نان‌کردن ، دارشکاندن تەشی‌ڕسین ، بەرەوکانی‌چوون . لە پرێکدا مەلا نەجەف لە نێو ئەو ئافرەتانە چاوی بە (لەیل) دەکەوی . بەڵام لەیل لە چ بار وەزعێکدا بوو ؟ بریا چاوی بی نەکەوتبایە . شەکەت و ڕوو زەردو جل شڕو چڵکن کاتێ هەواڵی دەبرسی ، ئاگادار دەکرێ گوایا کابرایەکی دەوڵەمەند لەو هۆزە بە پارەیەکی زۆر باوکی لەیل ڕازی دەکـا بۆ ئەوەی لێی مارە بکا . مەلا نەجەف زۆر خەمبـار دەبێ و قەریحەی دەکرێتەوە و دەست دەکا بە باسی جارەڕەشی کچەکە . ئەو کچە جوانە کەوا لـــــە کرماشاندا لە شازادەی چینو لـــە مەبجەی کچی ئەفراسیاو دەچوو وەکو مانگی تابان بوو پێشـــان بەگزادەکان (خانان) لە داخی جوانیا هەموویـــان ڕەشبوش بوون کەچی ئێستا بەم وەزعەوە وەکـــو زێڕی بێ‌گەردەو لە خاك کەوتووە ، یاخـــود وەکو ئەجیب زادەیەك گیرودەی دەستی ناکەسێکە ئیتر وا لە خوارەوە بەکەم پارچە هۆنـراوە پێشکەشـــتان بێ :

لەیل چی وەی حومام ، لەیل چی وەی حومام
ئامان لـــەی ڕۆژە لەیـل چی وەی حومـــام
چەن لـــەو کەنیزان ، چـەن خواجـــەو غولام
فەرما باوەرن تاس کیســـــەو خستەو جام(١)
تـــەوش پاشـــنە ئەوێ وەس ئەسەو پـــا(٢)
وەئیســـم حومـــــام بی لـــــەڕا
ڕاهی بی لـــــە ڕاخرامـانـە مەســـــت
خـوێی لـە حومامچـی قوڵـف قاپی بەســـت
حومـام سیم صـــاف تەمام گـــەچ بەنـی
لـەیلی وەئـەدەب ڕەخت وێش کـــەنی(٣)
چەشـــــەوق بەدەن شـــای پەری زاهی
تاریکی حومـــام کـــەردوە ڕۆژنـــاهی
ماشـــــتەی نیلی بافتدا نـەدەونـــاف
قووت بردنـە حـەوض میل مینـــای صـاف
ماشـــتەی نیلی بافتدا نـە شەکەر نەی(٤)
ئاگا چوون سەر سەوز دەریا مەکەرد پەی(٥)
غوسـل پاکیش کەرد ، لە گول نیشتەو دوور
دەســـتدا لە ناوبەین پێشـــانی پڕ نوور
پاڵدا وەی بـالنـــج بـــەدەن زەردەوە(٦)
جـــەنـــازگی وێش ، خەویش بـــــەردەوە
ســـــاتێ جـە خەو بی ، جەخەو وریـزا
ئینجا ئەســـاســەی شەوق ســـــەروینـدا
ئەســـاســـەی ســـــەروین ئاینەکاری کەرد(٧)
هـــەل هـــەوەو لـــەوزان ئـەمەرواری کـــەرد
جفتێ گۆشـــیارەی تـلا نـەگۆش کەرد(٨) (٩)
فـام داران ، یـەك فـام فرامۆش کـــــەرد
میـل ماوا نەعـەبـن دیـدەن خوتـەن ڕەش
وەنـەم ئینزار کـەرد شـەرارەی ئا تەش(١٠)
دوو بال چەمیاوە ، وەرداشت ماشتە کەژ(١١)
وەبـان شـان مەیـا گولـەنگ کەردن پەخش
لـە حومـامـەوە هـات دەســـت وەتاسەوە
مـل وەی ملوانـك وەکـــول هەساســـەوە
داوە لامـەم یـا چـوون تـەتـەر طـەیـر
ئیمەی کـــول وا تیم لـەیلی مـەنزل وەخێر

(١) باوەرن : بێنن .
(٢) پـا : پێ .
(٣) کـەنی : داکـەنـد .
(٤) نیلی باهنز: نیلی چن .
(٥) سەرسەوز : سۆنە ، مراوی .
(٦) بالنج : سـەرین .
(٧) ئاینـە : ئاوێنـە .
(٨) جفتێ : جوتێ .
(٩) تـالا : زێڕ .
(١٠) ئاتەنـەش : ئاگـر .
(١١) چەمیاوە : چەمـاوە .

شرینامن ... نافێتـــــە
بەلاتیتکەکە ل ئەسمانێ ژینامن
د فریت ....
ستێرەکە ژبو پاشە روژێ
سترانا د بێژیت ....
نێرگزەکە د نیڤا پرچا بێری‌یا
خو د مەلافێژیت ....
فولکانەکە تەڤ خوین مێژا
خردکەت‌و د حەلینیت ....
بهارەکە ناڤ کولای
ل دیوارێت دلێت ئەڤیندارا‌و
هەمی دەما د شلقینیت ....
فەرهادەکە سەخمەراتی شرینێ
چیـــا د سمینیت ...

پاریکەکە برسا هەژارا
دشـــکێنیت ....
روژەو جیهانەو دێ مەر مینیت
یارامـــــن ...
نڤیسینا هۆزانا من دەست ژێ بەردان
چ پەیڤا بنڤیسم ....؟!
چ هۆزانا بڤەهینم ....؟!
پشتی تە بها لهوزانا نەمان
تـوی مـالا پەیڤا
تـوی شرینترین هۆزان
بلبلەکی نابێژی ستران من هێلان
دێ فـرم ل ئەسماناو لسەر تاکێت
دلێت ئەڤیندارا دێ خو دادەم‌و
ناڤ چەمان ....

بدل رفو مزوری

هۆزانەك و چەند تێبینی یەك

● ((((رەخنـە)))) ● ■ اسماعیل ابراهیم ■

تورێ کوردی روژ بو روژێ ب پێش دکەڤیت و هنـــدەك خامێن نوی یێن پەیدا دبن و بەرپەرێن روژنامە و گوڤارا ب پەیڤێن خوێێن شرین دخەملینن ، دڤێ خەملاندنێدا گەلەك جارا ئەڤ خامە دکەڤنـــە چەوتی و ناستەنگ و ئاریشا ... بتایبەت ئەوێن ژ نوی هاتینە دناڤ قادا هوزانا کوردی‌یا هەڤچەرخ و چیرۆکا هونەری‌دا ...

دگوتارەکا دی‌دا مە گوتبو (ئەگەر ئەم بێێن و بەرێ خو بدەینـــــە روژنامە و گوڤـــارا یـان ژی کتێبخانێن کوردی دێ بینن گەلەك هوزانڤانێن پەیدا بوین ، لڤێرە پسیارەك دکەڤیتە بەری‌مە ، ئـەو ژی ئەرێ ئەڤ هوزانڤانە هەمی دســـــەرکەفتی‌نە و گەهشتینە وێ یاوەرێ کو هوزان چی‌یە ؟ یان ئـەم دشێێن بێژینە هەمیا هوزانڤان ؟ ..

نەخێر .. هێشتا گەلەك نزانن هوزان چی‌یە و مەرجێن هوزانا هەڤچەرخ چ نە ژبلی پێ‌نڤیسێ خـو ددەستێ خو بگرن و پەیڤا ژمەرا ڕێزکەن ...) .

د روژناما (هاوکاری) هژمارا (٧٢٦)ێ روژا ١٩٨٤/٢/٢٣ ێ دا هوزانەك تێـدا هاتیە بەلاڤکرن لژێر ناڤ و نیشانا [ئێکی بگرە .. نەکە دوو سێ] یا هێژا ـ هـەڤالێ گەنج « هزرڤـان » ، لڤێرە دێ چەند تێبینی‌یەکا دەست نیشان کەین .

١ ـ دپارچا ئێکێدا ژ هوزانا خو دەمێ چەند کارێن جانا خو ددانیتە بەرچاڤ کو نە بدلێ وی‌نە و دبێژێ ئەڤ دل رەقی بەســـە و ئەڤینێ دگەل ئێکی بتنێ بکە و نە کو دو ـ سێ‌یەکا بگری ، لێ لسەرێ هوزانێ دبێژتە جانا خو :

لێ لێ جانێ
دێ گازندا بکە ژ دلی .. بکە ژ دل ..

دەست پێ کرنا هوزانێ ب‌خالەکا زیرەکـانـە دەست پێ‌کری‌یە کو ب (لێ لێ جانێ) یە و مشـــە دناڤ سترانێن فولکلوری‌دا هاتیە ، لێ نزا ئەڤە چ گازندەنە جانا وی دێ کەت .. چنکی پشـــتی ڤێ چەندێ وەك مە خویا کری ئەو کـارێن جـانـا وی دکەت نە ب دلێ وی نە !! لێ گازندا ژ چ .. ژ کێ بکەت ؟! .. یا خەلەت هەر ئەوە و چ دەلیڤـە بـو هل‌ناکەڤن هەتا گازندا بکەت چنکی چاڤێ وێ نـــە بەس لئێکی‌یە .. لێ :

(هەچی لاوێ هـــات و بـوری
چاڤێد تە پێڤە مـانە زل ..)

ئەڤ (هەچی لاوێ ..) بو هەر دوکا دبینـــە ئاستەنگ و کەس ب دروســـتی ناگەهتە خوزی و هیڤیا خو .

٢ ـ دپارچا دوێدا چەند پەیڤەك هـاتینـە بکارئینان کـــو بەری وان پەیڤـا هوزانـــا خویا و ئاشکارە .. چ گری تێدا نین و هەر کەسێ بخوینیت دێ تێگەهیت ، لێ ئەگەر ئەو پەیڤ بێنـــە راکرن چ گهورین ناکەڤتە دناڤەروکا هوزانێدا .. هەر وەسا (ئامرازەك) بکارئینابە کو پێدڤی نەبو و نـــەو پەیڤ بتنێ جوانتر بو ، چنکی ئەڤ ئامرازە دگـــەل ڤێ پەیڤێ ناهێتە بکارئینان .. دبێژیت :

ژ چما .. ژ چرا هـاتی دیسا ..

(ژ ـ چما) .. چما بتنێ نیشان و بەڵگەیێ ســەرســورمان و پسیارێ‌یە ، ئامرازێ « ژ » چ پەیوەنـدی دگەل « چما » نینە ، مـە گوت پـەیڤ بکارئینانە وەك :

چاڤ لگـری‌و دەڤ نـەلـکەنین
تـە خوشـــــی ژ دلێ‌من رەنین
پـەرچقین ...

دەمێ دبێژین (گری) یانکو دل نەخوشی و ب کول و خەم کو چ (کەنین) ژێ ناهێن .. دیســـان خوش یێن دلی دەمێ دهێنە رەنین چ خوش یێن دی نامینن کو هەتا بێنە (پەرچقاندن) . لڤێرە ئەگـەر ئەم ڤان پەیڤا (دەڤ نەلکەنین و پەرچقین) راکـەین چ گهورین ناکەڤتە هوزانێ ژ لایێ ناڤەروکێ ڤە .. لێ ژ لایێ روخساری‌ڤە دێ هێتە گهورین .

٣ ـ دپارچا سێ‌یدا دبێژتە جانا خو :

لێ لێ جانێ
یا تە دڤێت هەما بێژە
تو ب‌کەنە
ئەڤ دلێ‌من لبەر تەیە
ب‌گرە خوینێ ژ خورا بمێژە
دەردێ تە پێ دەرمان بێتن
دەنگێ کەنیا تە بێتە من
بلا بمرم .. ...

دهەر دو پارچێن چویی‌دا گازندە ژ جانا خـو دکرن .. یا ئێکێ دگـوتێ ئێکی بگرە .. یا دووێ دگوتێ تو بوچی هاتی ، لێ نزا ب چ رەنگ پشـــتی (هەچی لاوێ هاتی چاڤێن وێ پێڤە ماینـە زل .. پاشی بگری و خوش‌یێن دلی هەمی کوشتین و رەنین) دبێژیت : وەرە ئەڤە دلێ‌من لبەر تەیە و خوینێ ژێ بمێژە .. بەس‌دا دەنگێ کەنیا وێ گـــوهـ لێ‌بیت ؛ هوسا ب‌ساناهی (خوین) بێتە مێتن و بمریت بەس دا گوهـ لکەنێ بیت . هەر چەندە خوین ناهێتـــە مێتن ژ دلی .. لێ ئەم دشێین بێـــژین (ئەڤین)ێ بمێژیت ، چنکی ئەگـەر خوین هـــاتـــە مێتن دێ مریت .. باشە پشتی مرنێ جان بوچنە ؟ هەروەسـا (خوین) نە تشتەکی ب‌ساناهی‌یە مروڤ بدەتـە ب (کەنێ) ، چنکی خوین ســـتوینا سەرەکی‌یە بـو گەهشتن و ماچی کرنا ئازادی و ئاشتێ .

لێ داخازەکێ دکەت بەری بمریت کو جانا وی چیرۆکا خویا (دێرین) بو شروڤە بکەت ، باشـــە چ چیرۆکا دێرینە هەی ؟! دڤێت جارەکادی بزڤرینە هەر دو پارچێن چویی وبخوینینەڤە دا ئەو چیرۆك بومە خویا ببیت .

٤ ـ دپارچا چارێ‌دا خویا دکەت کو ژ خەمـا یێ رەش و شین بوی .. دەمێ دبێژیت :

لێ لێ جانێ
ئەزێ ژ خەما رەشو شینم
ژیبانا من
ب دڕکو ستری‌و کوڤانە ..

ژ خەما مروڤ خـەمگین دبیت و کوڤـــان و نەخوشی پەیدا دبن .. نە کو رەنگێ مروڤی (رەش و شین) د بیت . ئەگەر داخاز ژێ رەش و شینی‌یا جلکا بیت . لڤێرە نەیا دروستە و ب‌کێماســـی‌یە ؛ هەروەسا رەش و شین نیشانەکـــە بو وی مروڤێ گەلەك دهێتە ئازاردان و لەشێ وی هەمی ژ قوتانێ رەش و شین دبیت لێ دهوزانێدا ژ خەما رەش و شین بویە .

پاشی دبێژیت :

هەر چەندە ئەز
دەری ناکم هەمی خەما
دناڤبمە جوهو چەما
لبن لنگێ پەیڤەك شرین
خەم‌و ژانبد تەو گەلەکبد مینا تە ژی
پێ برەڤینم .. پێ برەڤینم .

دڤێ پارچێدا (وێنێن خوێێن شـــعری) ب دروستی نەئینانە و هێلانە نیف تەڤاڤ ؛ ئـانکـو هێش وێنەك دروست نەکری بەزی‌یە وێنەکێ دی و نارمانجەکێ ژوی وێنی وەربگریت ؛ هەروەسا ئەڤ پارچە راڤەکا دروست نادەتن ژبلی چەنـد پەیڤەکن لێك ئینانە و ڤیایە دانتە بەر چاڤێت خوینەڤا .. هەروەسا هوزانێ ژ لایێ کێشێ‌ڤە گەلەك کێماســـی یێن تێدا هەین .

نازکێشی کوردەمالان

● عبدالمحسن بنی ویس ●

مەلا نەجەف شاعیرێکی کوردە ، هێشتا کەس نازانی خەڵکی کوێیەو لە چ ســـــەر دەمێك ژیاوە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لـــە کتێبەکـــەی « کەشکۆڵی کـەلەپووری ئەدەبی کوردی ـ بـەرگی دووەم » لە لاپەڕە ١٤١ باسی شاعیری ناوبراو دەکاو دوو پارچـــە هۆنراوەی بـڵاو کردوەتەوەو دەڵێ : « تا ئێستا نەم ناسیوە و باســـــیم نەدیوەو نەبیستوە » .

لەم دوو پارچە هۆنراوەیەی وا لـــە خوارەوە بڵاو دەکرێنەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەوا شاعیری ناوبراو خەڵکی کوردستانی ئێرانەو لە کرماشـــان ژیاوە ، یا لەوانەیە هەر سەری لە کرماشان دابێ .

ئەم دوو پارچە شیعرەم لـە دەم پیرەمێردێکی خەڵکی خانەقین بیستوەو بۆی گێڕامەوە کە گوایـا ڕۆژێك مەلا نەجەف لە کرماشاندا لە چایخانـەیـەك دانیشتبوو لەو کاتەدا کچە کوردێکی شـــۆخو نازدار دەدا بەلایا و بەرەو گەرماو « حومام » دەچێ کچەکە ئەوەندە شۆخو جوان و شیرین ئەبێ . مەلا نەجەف کە سەرخۆشی جوانی‌ی دەبێ . لـە جێگاکەی خۆی دەمێنێتەوەو چاوەڕوانی کچەکە دەکا . کاتێ کچەکە لە گەرماوە دەردەچێو بەو ئارایشـــتەوە جاوی پێ دەکەوێ سەرسام دەبێو قەریحەی دەکرێتەوەو لە خەیاڵی خۆیدا تابلۆیێك بە خامە ڕەنگینەکەی بۆ نـەو دیاردە سەرخۆشکەرە دەکێشێ ، دیاردەی کچەکـە لە گەرماودا لە کاتی خۆشتندا . هەروەها باســـی پێوبستیەکانی ئەو سەردەمە لە گەرماودا وەکو خەنەو تاسو ماشتە پاش ئەوە باسی جلو ســـــەروینو ماوانکەو ماشتە کەژو کۆشیارەو چاو ڕەژینەکـــەی دەکـــا .

لە دووەم پارچە شیعرەکەدا کە لە دەرفەتێکی نزدا دەقەکەی بڵاو ئەکەینەوە مـەلا نەجەف پـــاش ماوەیەك کەرەتێ ڕێگای دەکەوێتە لادێیەك کات وەرزی بەهارە هۆزەکان کوێستانیان جێهێشتووەو لـــە لەوەڕگاکانی گەرمەسێر لە نێو گوڵزارو چەمـــەنـدا ڕشمالیان هەڵداوە . ئافرەتە لادێیەکان خەریکـــی کاروباری خۆیانن . مەڕ دۆشێن ، مەشکە ژەنین ، شیر کوڵاندن و نان‌کردن ، دارشکاندن تەشی‌ڕسین ، بەرەوکانی‌چوون . لە پرێکدا مەلا نەجەف لە نێو ئەو ئافرەتانە چاوی بە (لەیل) دەکەوی . بەڵام لەیل لە چ بار وەزعێکدا بوو ؟ بریا چاوی بی نەکەوتبایە . شەکەت و ڕوو زەردو جل شڕو چڵکن کاتێ هەواڵی دەبرسی ، ئاگادار دەکرێ گوایا کابرایەکی دەوڵەمەند لەو هۆزە بە پارەیەکی زۆر باوکی لەیل ڕازی دەکـا بۆ ئەوەی لێی مارە بکا . مەلا نەجەف زۆر خەمبـار دەبێ و قەریحەی دەکرێتەوە و دەست دەکا بە باسی جارەڕەشی کچەکە . ئەو کچە جوانە کەوا لـــــە کرماشاندا لە شازادەی چینو لـــە مەبجەی کچی ئەفراسیاو دەچوو وەکو مانگی تابان بوو پێشـــان بەگزادەکان (خانان) لە داخی جوانیا هەموویـــان ڕەشبوش بوون کەچی ئێستا بەم وەزعەوە وەکـــو زێڕی بێ‌گەردەو لە خاك کەوتووە ، یاخـــود وەکو ئەجیب زادەیەك گیرودەی دەستی ناکەسێکە ئیتر وا لە خوارەوە بەکەم پارچە هۆنـراوە پێشکەشـــتان بێ :

لەیل چی وەی حومام ، لەیل چی وەی حومام
ئامان لـــەی ڕۆژە لەیـل چی وەی حومـــام
چەن لـــەو کەنیزان ، چـەن خواجـــەو غولام
فەرما باوەرن تاس کیســـــەو خستەو جام(١)
تـــەوش پاشـــنە ئەوێ وەس ئەسەو پـــا(٢)
وەئیســـم حومـــــام بی لـــــەڕا
ڕاهی بی لـــــە ڕاخرامـانـە مەســـــت
خـوێی لـە حومامچـی قوڵـف قاپی بەســـت
حومـام سیم صـــاف تەمام گـــەچ بەنـی
لـەیلی وەئـەدەب ڕەخت وێش کـــەنی(٣)
چەشـــــەوق بەدەن شـــای پەری زاهی
تاریکی حومـــام کـــەردوە ڕۆژنـــاهی
ماشـــــتەی نیلی بافتدا نـەدەونـــاف
قووت بردنـە حـەوض میل مینـــای صـاف
ماشـــتەی نیلی بافتدا نـە شەکەر نەی(٤)
ئاگا چوون سەر سەوز دەریا مەکەرد پەی(٥)
غوسـل پاکیش کەرد ، لە گول نیشتەو دوور
دەســـتدا لە ناوبەین پێشـــانی پڕ نوور
پاڵدا وەی بـالنـــج بـــەدەن زەردەوە(٦)
جـــەنـــازگی وێش ، خەویش بـــــەردەوە
ســـــاتێ جـە خەو بی ، جەخەو وریـزا
ئینجا ئەســـاســەی شەوق ســـــەروینـدا
ئەســـاســـەی ســـــەروین ئاینەکاری کەرد(٧)
هـــەل هـــەوەو لـــەوزان ئـەمەرواری کـــەرد
جفتێ گۆشـــیارەی تـلا نـەگۆش کەرد(٨) (٩)
فـام داران ، یـەك فـام فرامۆش کـــــەرد
میـل ماوا نەعـەبـن دیـدەن خوتـەن ڕەش
وەنـەم ئینزار کـەرد شـەرارەی ئا تەش(١٠)
دوو بال چەمیاوە ، وەرداشت ماشتە کەژ(١١)
وەبـان شـان مەیـا گولـەنگ کەردن پەخش
لـە حومـامـەوە هـات دەســـت وەتاسەوە
مـل وەی ملوانـك وەکـــول هەساســـەوە
داوە لامـەم یـا چـوون تـەتـەر طـەیـر
ئیمەی کـــول وا تیم لـەیلی مـەنزل وەخێر

(١) باوەرن : بێنن .
(٢) پـا : پێ .
(٣) کـەنی : داکـەنـد .
(٤) نیلی باهنز: نیلی چن .
(٥) سەرسەوز : سۆنە ، مراوی .
(٦) بالنج : سـەرین .
(٧) ئاینـە : ئاوێنـە .
(٨) جفتێ : جوتێ .
(٩) تـالا : زێڕ .
(١٠) ئاتەنـەش : ئاگـر .
(١١) چەمیاوە : چەمـاوە .

هونەر

کورتە گەشتێك بە نێو ئەرشیفی هونەری موسیقای عیراقدا

ئامادەکردنی عەزیز رەشید حەریری

گومان لەوەدا نی‌یە کـــەموسیقا هەمیشە ئەو سیحرە دڵڕفێنەیە کە بە نـــاوازەشیرین‌و بەسۆزەکانی‌یـــەوە دڵو دەروونی هەزارەهـــای بۆنخوشەیە کە تا بـــۆی کرابێ پەژارەو خەمی لەگیانی‌مرۆڤ دوور خستۆتەوە ، ئەو دەنگە زوڵاڵو پڕ مانایەیە کـە ئادەمزادی بەرەو جیهانێکـی دیکەی پڕ لـە خۆشەویستی‌ودوور لە ڕق‌و کینەو بێزاری بردۆتەوە ..

جا بۆ ئەوەی لەم چەنـدێرەدا یادی یەکێ لـــــەو ئەمرانە بکەینەوە کـــــەبەدرێژایی ژیانی‌و هەر لـــە منداڵی‌یەوە هەموو نـــاوات‌و ئارەزووەکانی خۆی بـــۆ موسیقاو ئاوازی بەســـــۆزودڵتەزێن تەرخان کـردووە ؛ ئەو مرۆڤەی تا ئیمەڕۆش دەنگی پڕ سۆزی موسیقاکەی لەنێو چوار دیواری دێـــــــرو کڵیساکاندا دەنگ دەداتەوەو ئەمری‌و سەر بەرزی ئـــەوو مرۆڤە ڕادەگەیەنن ، بەڵـــێ ئەو شوێنە پیرۆزانە ئیمرۆ چاکترین گەواهی بۆ نـــەو مرۆڤە بلیمەتە ئەمـرە دەدەن‌کـــــە «حنـــا بطرس»ی هونەرمەنـــدو مۆسیقاژەن‌و بلیمەتە ..

خوێنەری ئازیز :

ئەمەی کە ئێستا لەبـــەردەستتایە دەقـــی نـــــەو چاوپێکەوتنەیـــە کـــــەلە زووەوە لەگەل کـــــوڕی هونەرمەندو مۆسیقا ژەنـــی ناسراوو سەرەکی یەکـــەم تیپی مۆسیقای «ئۆرکێسترای عیراقی» ـحنا بطرسـە .. «باسم حنا»ی کـــــوڕی مامۆستای هونەرمەنـــــد «حنا بطرس» لـــــــە چاوپێکەوتنەکەدا دەڵێ :

«باوکم وەکو هونەرمەندیك و وەکو دڵسۆزیك بـــۆ هونەری مۆسیقا هەر لـــە منداڵی‌یەوە هاوکاری‌یەکـــی گورچ‌و گۆڵانەی کردووە لـــە هەموو بوارەکانی مۆسیقای عیراقی‌داو یەکێك بووە لـــە پێشەنگەکانی ئەم مەیدانـــە بەربڵاوە ، لەتەك ئەمەشـــدا ڕاهێنەرێکی چالاك بووە لـــە بواری یاری‌یـــــــە وەرزشی‌یەکان‌دا .»

● «باوکم لـــــە شاری «موصل»دا دادەنشیت‌و هـەر لەو شارەیش خوێندنـــی سەرەتایی‌و دوا ئاوەنـــدی تەواو کردووەو لەپاشانیش بووە بە سەرباز لە سوپـــای عوسمانلی‌دا لەو کاتەی کـــە عوسمانی‌یەکان ئەو شارەیان داگیر کردووە ، واتە لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی‌یەوە، لە ڕێزی ئەو سوپایـــــەدا ماوەتەوە تاوەکو گەیشتۆتـــە پلەی «رئیس عرفاء ـ باش چاویش»، وەیەکەم هاووڵاتی عیراقی بووە کە سەرۆکایەتی تیپێکی مۆسیقای عەسکـەری کردووە لە شاری «موصل»دا.

● **«باسم» لەبـــــارەی چۆنیەتی ئاشنا بوونی باوکی لەگەل مۆســـــیقاداو خۆش‌ویستنی ئـەم هونەرەوچۆن بۆ یەکەمجار ڕووی لەم مەیدانە کردوەو ئـــــەم هونەرەی خوێندووە دەڵێ :**

بێ‌گومان کە باوکم ئـەو بەشەی هونـــــــەری هەڵبژاردووەو بەلایـــــەوەدڵگیربووەو خۆشی‌ویستووەو حەزی لێی کردووە ، ئـەوەسەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بـۆ ئەو پەروەردەیەی کە لـــــە کڵیسادا لەگەڵی ڕاهاتبـــووو ڕەگی بەناخی دڵو دەروونیداچوبووە خوارەوەو کارێکـــی هێجگار کاریگەری تێ‌کردبوو، لەڕاستیدا باوکم «شەماشە» بووە لە کڵیساو بەحوکمـــی ئامادەبوونی لە ئاهەنگـــــە ئایینی‌یەکـــان‌و خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکـــــان وای لێهاتووە کە زیاتر مۆسیقای خۆش‌بوێ‌و زیاتر ڕەگی ئـەو خۆشەویستی‌یە لـە دڵیـــدا بچەسپێ .. ئەگەرچی بـــۆ خوێندنەکەیشی سوودی لـــە ئەفسەرێکی تورکـــــی وەرگرتووەو لـــەلای ئەوەوەدەرســـــی خوێندووە . دوا بەدوای کۆتایی هاتنـــــــی یەکەمین جەنگی جیهانـــی . باوکم ماوەی سەربازی‌یەکەی تەواو کردووەو ئینجا ئەرکی بەڕێوەبردنی چالاکی‌یەکانـی دێدەوانی ـکشافەـ لـــــە شاری موسڵدا پێ‌سپێرراوە، وە پاش بێکهاتنی دەوڵەتـــی عیراق داوای لێ‌کراوە کـــە تیپێکی مۆسیقا بۆ سوپـــای

بڕوانە ل : ١١

Institut kurde de paris

پرۆژەیەکی پیرۆز

گوشاد حمه سعید

بە پێی توانای رۆشنبیرو نووسەرو رۆژنامەنووسان کەم تـا زۆر لـە بارەی رۆژنامەنووسیی کوردییەوە نووسراوە ، کـە لـە چ سەردەمێکو بارو زروفێک دەرچوون • بان شوێنو ساڵی دەرچوونیان کوێ بوە •

ئەمەش چ بە وتارو چ بـە کتێبی تایبەتیو چ لە توێـی کتێبی ترەوەو چ ئەم کتێبانەی رۆژهەڵات ناسو گەڕیدەکان لەسەر کوردیان نووسیوە ، ناوی گەلێ رۆژنامەو گۆڤارو بڵاو کراوەی کوردی هاتووە، هەندێکیان چاپ کراونەتەوەو ساڵو شوێنی دەرچوونیـان دیاری کراوە ، هەندێکـی تریان تا ئێستا هەر ناویان هاتووە لەگەڵ چەنـد زانیارییەکی کەم دەربارەیـان نوسراووەو چیتریان دەربـارە نازانین •

ئەگەر سەرنج بدەینـە کتێبەکانـی • خولاسـەی مێژوی کوردو کوردسـتان مێژوی ئەدەبی کـوردی ، رابەری رۆژنامەگەری کوردی، تێکەیشتنی راسـتیو کوردستان لە ساڵەکانـی شەری یەکەمی جیهانـدا ، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ،٠٠٠هتد •

دەبنبین هەر یەکەیـان شوێنو ساڵو ئەو کەسانەی کەرۆژنامەو گۆڤارەکانیـان دەرکردووە ، پای تایبەتیـان هەیـە ، هەندێکیان لەسـەر هەڵەی ئەوی تر نووسراوەتەوە یان هەندێکیان تەنیا نـاوی هاتووەو چی لە بـارەوە نەنوسراوە •

بێگومان زانینی ئـەم زانیاریانەش کەلـکو سودێکی زۆر دەدەنە ئـەو کەسانەی کە دەیانەوێ لەسەر رۆژنامە نووسیی‌ی کـورد بنووسنو پایەو نرخێکـی تر دەدەنە رۆژنامە یا گۆڤارە کوردیەکانو پێچەوانەی ئەمە رەنگە هەندێ زیانی هەبێ یان زیانیسشی نەبێ سود بەخش نیە •

راستە تا ئێستا گەلی شت ساغ کراوەتەوە بـەڵام زۆریشی ماوە ، بۆنمونـە ، دەرچونی رۆژنامـەی (کوردستان) کە یەکـەم رۆژنامەی کوردی بووە چەند رایەکی جیاواز لە بارەی ساڵی دەرچونی‌یەوە هەیوو ، بەڵام چاپ کردنەوەی راسـتی شتەکانی بەدیار خسـتو گومانی تیا نەهێشت هەروەها (رۆژی کورد) کەلە سالـی ١٩١٣دا دەرچووە ، گەلێ را لەسەر ساڵی دەرچوونـی هەیە کە زوربەیان (١٩١١)یە •بەڵام هەوڵە بە نرخەکـەی کاك جەمال خەزنە دار هەموو کونو کەلەبەرێکی لە بارەی ئەم بەراستیو حەقیقەت پـر کردۆتەوەو مـاوەی ڕای‌هەڵەو مشتو مڕیشی نەهێشت •

بەڵام هەندێ رۆژنامـەو گۆڤار هەیە تا ئێستا بە هەڵە ناوی شوێنو ساڵـی دەرچوونیان دێـتو دوو بـارەش دەبێتەوە لێرە هەندێ نمونـە دەهێنینەوە هیوادارین لـە لایەن پسپۆرانی ئـەم کارەوە خەمی لێ بخورێو سـاغ بکرێتەوە چونکە ئەوە لـە توانای مرۆڤێک دایە ، چ لە لایەنی مادیو چ مەعنـەوی دەست رۆیشتوو بێت •

لە مێژوی ئەدەبی کوردیو رابەری رۆژنامەگەری کوردی دا وا نووسراوە(ساڵی ١٩٠٧) رۆژنامەی کورد لە ئەستەمبول لە لایەن شێخ عبدالقادر شێخ عوبێدو للای شەمزینی یەوە دەرچوە) ئەم هەڵەیە لە زۆر شوێندا دوبارە کراوەتەوە ، کەچی دکتۆر کەمال مەزهەر لە (تێکەیشتنی راستی)دا دەڵێ [چەند نووسەرێکی کـورد دەهێنێتەوە کـە دەڵێ ـ مینۆرسکی ژمارەیەکی ئـەم گۆڤارەی هەبوو ، دەڵێت لـە ساباڵغ چاپ دەکرا ، بـەڵام لەکۆتایی شتەکە تـا برێنێتەوەو یەک لای ناکـا چونکە دیسانەوە دەڵێـت (گومان هەبووە لـە ورمـێ چاپ کرابێ چونکە مەلبەندی چالاکی میسیا نێرەکانی ئـەو ناوچەیە ورمێ بووە ، هیـچ باسی ئەوەی نەکردوە کـە مێژووەکەی ١٩١٢ هەڵەبـێ تەنیا دەڵێ ژمارەیەکی لـە نیسانی ١٩١٤)دا دەرچـووە ئەی کێ دەڵێ پێشـتر دەرنەچووەو ژمارەی ساڵـی نوێیان بۆ دانەناوە ،دیسان هیچ قسەیەکی لەسەر ئـەوە نیە کە دەڵێن (سمکۆ ئاغـا) دەری کردوە ، من گومانـم لەوە هەیە •شیاوی سـاغ کردنەوەیە بۆگەیشـتنە قەناعەتە •

هەڵەی تـر گەلێ زۆرە هێنانەوەی ئەم چەنـد نموونەیەك بوو بـۆ ئـەوەی ئاورێك لەم مەسەلەیـە بدرێتەوەو بەراستی زانینـی شوێنو کاتو گۆڤـاری کوردیان دەرکردوە بەقـەد بوونی رۆژنامە یان گۆڤارەکە گرنگە ، چونکە هیچ ڕایەکی هەڵە نادەی لەسەر ڕێـڕەوی پێشکەوتنـی رۆشنبیریو رۆژنامە نووسی ، لە لایەکـی ترەوە بایەخی رۆژنامەیـان گۆڤارەکە گرنگ تر دەبێ بـۆ لێکۆڵەریش ئاسانتر دەبـێو حوکمی نابەجێ نادرێو توشی چەواشە بونیـش نابین ، چونکە شی‌کردنـەوەی دەرچوونی هەر رۆژنامـەو گۆڤارێک لەسەر رۆشنایـی کاتو شوینو چـوار دەورو بارو زروفیو روداوەکانـی سەردەمەکەی داشـی دەکرێتەوە • ئەوەی گرنگـە ئەوەیە ئەم پرۆژەیە تا ئێستا نەخراوەتە ڕوو بۆ ئـەوەی خەمێکی لێ بخورێ ، کارێکی گرنگو مێژوویشـە ، مەزنیش بۆ ئەو لایەنەیـە دەستپێشخەری بکا • بـە کورتی‌و بەبێ خال ڕیزکردن تەنیا چارەسەر بـۆ برانەوەو بریاردانی ئەم مەسەلـە ئەوەیە ، لایەنێک لە لایەنـە رۆشنبیری‌یە کوردی‌یەکان چەند پسپۆرو رۆژنامـە نوسێک ، یا هەر کەسێـک لە خۆی رابینێ خۆی لـەم کارە بداو ئەنجامێک بداتـە دەست راسپێرێو هەلسن بە ساغکردنەوەو ڕێکخسـتنی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی لـە سەرەتاوە بەپێی سـاڵو شوێنو لایەنی لێ دەرچوویان ،ئەمەش لەسەر رۆشنایـی ئەم نووسینە کۆنانە کـە بایەخو نرخی خۆیان هەیە بە هەموو کەمو کورتیە کیانەوە

سەرچاوەکان

١ ـ مێژوی ئەدەبی کوردی ـ عەلائەدین سەجادی لا٥٥١ـ ٥٥٤ •

٢ ـ مێژوی رۆژنامەگـەری کوردی ـعبدالجبار محمـد جەباری لا٥٦ـ٥٧ـ٥٨ـ٥٩

٣ ـ رابەری رۆژنامەگەری کوردی ـ جەمال خەزنەدار ـلا ـ١٨ـ١٩ـ٢٠ـ٢١ـ٢٢

٤ ـ تێکەیشتنی راسـتی ـ د• کەمال مەزهەر ئەحمەد ـلا ـ٢١٧ـ٢١٨ـ٢٣١ـ ٢٣٢ـ٣٣٣ •

٥ ـ کوردسـتان ـ کۆکردنەوەو پێشەکـی د• کەمال فوئاد لا١ •

٦ ـ کوردستان لە ساڵەکانی شەری یەکەمی جیهاندا لە دوای ـلا ـ٣٣ـوە باسـی زۆر ڕێکخراو شتن لـەم بارەوە کردوە •

٧ ـ رۆژی کـورد ـجەمال خەزنەدار ـلا٥٧ـ٦ـ٧ـ٨ـ٠٩

سێ چیرۆك و رەخنەگرەك

● بەشـی یەکـەم ● صدیق شرو

رەخنەگر چەوابیت ؟

تورەیەك هەیە ژیانـی وەردگریت وتورەیەك هەیـە تورەی وەردگریت ئەفێ دۆی باغێ پیتەپێ کرنا رەخنەگریە• هەلبەت بادلێ فی گمرانترە ـ تەفنێ وی ئالوزترە رێکا وی ب زەحمەترە هندی ئەدەبـی ژیانێ ب تنێ وەرگریـت •دیتنەکە یان دەمەکـە ژژیانێدا بەلێ ئەدەبێ ئەدەبی وەردگریت تفیا وی مروڤـی ئەدیب دگەل کەلەك لایێـت ئەئەدەبی‌دا وەربگریت ژبـەرفێ چەندێ کارێ فـی رەخنەگری ب لیزاتـرە و ب‌مفاترە • چنکی رونکرنـا قولاچیت تاریە •

هندەك پێقەدچن و د بێژن‌رەخنەگری یاحرابە •هنـدەك ژی د بێژن گەلەکا باشە ونەف قولە مشەترە •

پالدانا قولێ ئێکی‌ئەوە کو«مروڤ»ب چافێ رەخنەگـری بەرێ خۆ د دەتە دەققـانقیسینێ ، هەچ وەکو حوکمێ وی بێ دیماهیێ یەلسـەرەوشتیت وێ دەققێ •

قولێ دووی د بێژن هەگەرەخنەگر یێ بسیور و شارەزا بیت مفاوێ زورترە • و ئەوتورەفانێ خو ژ رەخنەگرتنێ نەرازیکەت بومە دیارە کو یاڤ ویڤە کـەس ژ وی ب مێژی‌تر نینە یان ژی دیارە کونەم نەشێین چ مفا ژ سـەر بورێت کەسەکێ دی تـرەوەرگرین رە خنەگـری دوو گریار هەنە •

١ـ شروڤەکرن •

٢ـ حوکمداری •

بەلێ پشتی گنگاشەکا فرەو پێشکەفتنا مروڤـی و تێکەهشتنا گـەل کـارێ رەخنەگری یێ بویـە «پێشکێش‌کرن» و پێشاندان‌رەخنەگر تفیا گەلەکـێ شارەزابیت ب هەمی رەخێدژیانێ نەخاسمە کەسێ لسەر د نقیسیت ئانکو تفیـافەرهەنگوك‌بیت نامیرەتێـد رەخنێ مەبن •

کورتە چیروك دتەرازیـارەخنێدا •

ئەم نەشێین بێژینـە چیروك‌نقیسی تە بو هوسـا نەد نقیسی یان کە بوچـی ئەف تشتە نەدگوت یان تـە بو هوسا دەستپێ‌کر هندی‌چیروکە بیر و باوەرێد وینـە ژیان بینا ویە تێکەهشتناویەشیتو ورێـك خستناویە •و دەمێ مە گوم لێدبیت ئێکـی‌گوت ئەف چیروکە ژ فـی چاکترە یان ئەفا هە ژفـی‌خوشترە نەز دبێژم ئەو تشت «نسبیە»نە موتلەقە چونکە یامەژ چیروك‌نقیسی ب فێت ئەوە کو بو مە لەزەتەکـی ودەلیڤەسەعاتەکێدا یان کێـم تر بومە پەیداکەت یان مفایەکی‌ب گەهینتە مە •ل هێرە کارێ رەخنەگری دبار د بیت د گەل‌چیروك‌نقیسی کـو هندەتشتا روهن‌کەت یان هندە هەلەبێت‌هونەرەی یان زمانەوانی یـان دیمەنێد نەرێك یـــان‌نیگارکێشا هندە کەسانێـد غول و تاری دیاربکەت لدویف‌رێبازەکا رەوشتیاگشت •

بوفێ چەندێ مە سـێ چیروك هەلبژارتن و دانانەد تەرازیا رەخنە گرێدا • هەر چیرۆکەك یا نفیسەفانەکی‌یە ئەوژی ئەفەنە •

١ـ سەیدا «انـور محمـد طاهر و چیروکا «دزێـت شەفێ» •

٢ـ هەفال نجیب صالـح بالای و چیروکا «کولیلك» •

٣ـ سەیدا رشید فندی و چیروکا «کەپر» •

بەری دەستکێ تەرازیـی راکەم من د فێت بێژم : کـو چیروك رویدان و کریـارە ل وەختەکی و لدەمەکی ئەفـە یانکو کریار و قەومانـدن بسەرێ هندە مروڤا د هێـت و ئەف مروڤە ب خۆشـی‌ی و نەخوشیا د لفلفن و د ئاخفن یان ئەفەنە رەگەسـتێد پەبدابونا وێ :

١ـ کریار

٢ـ وەختوجیگا

٣ـ کەسان

٤ـ شێوە

٥ـ لێکدانو ئاڤاکرن •

دگەل فان تشتا کـو عالەمەکا ژدەرڤەنە فەلسەفـا نفیسەڤانی ژی دگەل کـو عالەمەکا ژ زگدایە لفلفینـا مردڤا دگەل کریارێ مەزن و دڤارەمانێ چیروکێ و ڤەکرنا «گرێ» لدویف دەستپێ‌کرنێ و گرێدانێ و وکوتایێ ٠٠٠٠ پاشی کانێ نفیسەڤان یێ کو ب کارێ قارەمانـی زادبیـت گەلەك جارا ٠٠ کانێ شیایـە کەسانێد خۆ دابەش بکەت د گەل کریار و ئاخفتنێ یان ٠٠ ٠٠نە ٭و ئەو دیمەن درێـك‌و بێ‌کن یان د خاف و خوچن ؟

بالندەکانیش کۆچیان کرد

نووسینی ■ یەشار کەمال ■

احمد محمد اسماعیل کردوویەتی بە کوردی

— ٢٠ —

کاتی خۆی محمود کـە پەلەوەرەکـانی ئازاد دەکرد ، هەزاران مرۆی کـە دەهاتن‌و پەلەوەریان بەرەڵلای ئاسمان دەکرد ، لەو کاتانەدا دونیـا پـڕ دەبوو لە خۆشەویستی‌و دوستایەتی نێوان پەلەوەرو مرۆ • ئاسمان بە پەلەوەر دەتەنرا ، محمـود حەزی نەدەکرد بە منداڵەکان پەلەوەر بفرۆشـێت • ئەم منالانە پەلەوەریان بـۆ ئەوە نەدەکڕی تـا بەرەڵلای کەن •• هەندێکیان بەنیان لە پێیان دەبەسـتو یاری‌یان پێدەکرد • یاخود لە قەفەسی بچووکیـان دەنان‌و بەندیان دەکردن یان دەیان خستنە باخەڵو یاری خۆشیانیان دەکرد ، ئیتر ئاگایمان لە پەلەوەرە بێ زەوالەکە دەبرا زۆریان لە گەرمی باخەڵیـاندا دەمردن ، هەندێ لە منالەکان وایان‌دەزانی مردوون کە تورپان دەدا فرتەی دەکردو دەچووە ئـاسـمانا ئەمیش هەر ئەوەندەی بۆ دەمایەوە دەستی بەیەکـا بدات •

محمود ئەم جۆرە منالانەی چاك دەناسی‌یەوە • نازانم بە چاویانا بە دەستوبلیان بـە جولانەوەیان بەجی‌یاندا دەیانی‌ناسی •• یا منالێك بە لەرزە لـەرز دەهات پەلەوەرێکی دەکڕی ، لەوە دەترسـا ئێش بەپەلەوەرەکە بگەیەنێ ، بەسـەریا دەلەرزێ ، دەیخستە نێوان هەردوو چنگی‌یەوە منالێکی کـە لەو لاترەوە ، بە تورەییەکەوە تەماشای دەکـرد ، چاویشی دەبڕیە محمودو تەفەسەکانو بالندەکـانی ئـاوی •••••

محمود دوای ئەم هەموو تەمەنە ، بەیـانی ، دووبەیانی لە ئەستەموول پەلەوەر دەفرۆشـێت ، بەڵکو لـە کەل‌و قوژبناندا هەندێ لـەو کەسـانە ماین هێشتا دڵیان بەپەلەوەر دەسـووڕێ‌و خۆشـەویستی‌و میهربان لەدڵدا مابێ ، هـەن دەیان‌بینێتەوە ، ئیسـانەبی قەت نامرێ ، محمود هەموو جارێ ئاوا دەڵێ ، محمود دەیەوێ بزانێ تا چی رادەیەك ئینسانیەت لە ئەستەمولدا ماوە •••"

زوو ، زوو محمود بەتاقی تەنیا لە پێش مزگەوتی تازەدا لە ماوەی چەند سەعاتێکدا (٦٠٠) پەلەوەری ئازاد کردووە ، مەیدانی ئەمین ئوینی ، ئەستەمولی پڕ لە رەحمو خۆشەویستی‌و دۆسـتایەتی‌و ئومێد دەکرد • خۆشی ئازادکردنی پەلەوەریك ، رزگارکردنی گیان لەبەرێك بوو •

محمود کە پەلەوەرێکی ئازاد بکردایە • ماوەیەك لەپێ بەکراوەیی دەگرت‌و دەهیلا تا پەلەوەرەکە لەچاو وون‌دەبوو ، ئەم لەپی هەروا راست دەگرت ، لـە دوایەوە ئەم هەموو خەلکەش تەماشایان دەگـرد ، قەت تەماشای منداڵان‌و میهرو سـۆزی خەلکەکەی دەوروبەریش لەبیرناچێ •

هەندێ پیری بەتەمەن ، پشتیان وەك کۆچـان چەمابوەوە کە مەلەکان لە سەر دەستان هەڵدەفڕین ، منال ئاسـا هەوڵێ هەڵبەز هەڵبەزیان دەداو قاقایەکی پڕ بە دەمی بێ دڵانیانیش لە دوایـەوە هەڵدەدا ؛ چی ئێستای ئەسـتەموول دەگاتە ئـەو خۆشی‌یەو کاتی ئاوا خەندەویزە دەخاتە سـەر لێو •• شتێك هەیە پێم بڵێن ؟!

« راوەستە محمود تۆش وەکو ئەمانەت لێدێ » •

هەیە • هـەیـە • بێگومان هەیە • چـۆن دەبێ نەبێت ؟ ئەوەش ئینسانیەت • چبن‌چینە • تۆیژال تۆیژاڵە ، هەرچی دوڕوگەوهەری جوان هـەیـە لە ژێرەوەن • ئەم تۆیژانە داماڵینی ، تۆیژێ دوان سی‌یان پێنج • تا هەڵی دەیتەوە • رووناك‌و گەشـتر دەبێتەوە مرۆڤایەتی • جوانتر دەبێ ، مرۆڤی پیس‌و بەدخوو تۆیژی سەردەوەبە • ئەوەی خۆی بە پیـاو دابنێ • دەبێ بەردەوام هەم تۆیژی خۆی هەم هی مرۆڤایەتی داماڵینێ • کـە دایماڵاند دونیا رووناك دەبێتەوە • کە دایماڵاند •••••

« راوەستە محمود راوەستە »

«زانای» شاعیر

نووسینی ■ ابراهیم احمد شوان ■

● **ناوو ناز ناوی :**

شاعیرمان ناوی (حویز جوکل ئاغا)یەو لـە ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی (خدر جیجە)ی سـەر بە کەندێناوەی پارێزگای هەولێر لە دایك بوەو نـاز ناوی شیعری (زانا)یە •

● **پلەی خوێندەواری :**

لە ساڵی ١٩٣٤ چوەتە قوتابخانەی (قازیخانە)ی سەرەتایی‌و پۆلی یەکەمی سەرەتایی لەوێ خوێندوەو لە پاشدا چوەتە هەولێرو لە ساڵی ١٩٣٩ قوتابخانەی تەواو کردوەو وازی لە خوێندن هێناوەو گەڕاوەتەوە زایەنگەکەی خـۆی‌و لەوێ خـەریـکی کاروبـاری کشت‌وکاڵ بووە •

● **سەرهەڵدانی شیعری :**

لەبەر ئەوەی شاعیر خوێندەواری‌یەکی مـام ناوەنجی هەبوەو سەری لە حوجرەی سـوختەو فەقێیان نەبڕیوەو هەمیشە گوێی خۆی بۆ شـەرد شیعرو شیعر خوێندنەوەی فەقێیان شل کردوە • ئەمە بۆتە هەوێنی چێژ وەرگرتن لەو هونـەرە بۆی لەو شاعیرانەی زۆر کاریان تێی کردوە (ئـەدەب‌و صافی ای هیرا ئی‌یە بەڵام بە پلەی یەکەم صافی کـە هەمیشە ئەم شیعرەی (خوێچەی نێو بەهاری گوڵ • دەرچوو لە دەستی باخـەوان) وێردی سـەرزاری بووە چونکە لە ناو فەقێیاندا بە ئەزم دەگوترا • ئابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە شیعرە تەڕو ناسـکەکانی (مخلص)یش جێی پەنجەی خۆیان لەسەر پەڕەی ناسکی دڵی ئەودا بەجێ هێشـتووە بـەتـایبـەتی (شەنگەبێری) کە وەسفی جوانی کچێکی مەڕ دۆش دەکات لە وەرزی بەهاردا •

لە شیعرەکانیدا دوو بابەت بەرچاو دەکەون :ـ

یەکەم ـ شیعری دڵداری :

ئەمە زۆربەی زۆری شـیعرەکانی دەگرێتەوە کە لەسەر هەمان رێ‌و شوێنی شاعیرە کۆنەکـان رۆیشتوەو پەنای بردۆتە بەر زۆربەی بەشـەکانی ردوانبێژی‌ی وەکو (جیناس‌و تەشـبیهو خوازەو تیباق‌و ٠٠٠٠٠ هتد)و شیعرەکانی پێ رازاندۆتەوە • ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە غەزەلەکانی :

شـەو بـە بێ چارم خـەوم نایێ دڵمدا ناکـەوێ
دڵ موحیتی هادی‌یەو غـەم بـاریـەو لا نـاکـەوێ
دای ترازندسینەکەی شەو کردیە رۆژی سەیفی ساف
عالەمیش لای وا بوو حەشرە کەس بەکەس داناکەوێ
سەیری کەن ئێستا عەجایب دێتە سـەر رووی عەردی خوا
چەند مەلەك دێنە سەماگەر جووتە ماری لا کـەوێ
لێك خشا خرخاڵی زێڕین دەنگی‌دا هەوری بەهـار
وەك بروسکە دای بریقە شەو لە ئێو نیوە شـەوێ
پێکەنێ یارم لە مەشرێق قەومی مەغریب گێژە بـن
حووت‌و ماسی نەهری نیلی دێنـە سەجدە دەرکەوێ
ناشـکرا بوو سری (زانا) عالەمیش سەرسام دەما
ئەو کەسەی یاری نەبی فیردەوسی قەت دەست ناکەوێ

Institut kurde de Paris

لە سلێمانی

خۆئامادەکردنێکی فراوان بۆ ئاهەنگێران بە بۆنەی لە دایک بوونی سەرەکی فەرماندە صدام حسین

ئەمسالیش پارێزگای سلێمانی خۆ ئامادەکردنێکی تایبەتی بەبۆنەی بیرەوەری چل وحەوت ساڵەی لەدایک بوونی سەرەکی فەرماندە صدام حسین ساز کردوەو لەم روەوە دوای ئەوەی دەستەی راوێژکاری و راگەیاندی پارێزگای سلێمانی بۆ ئەم مەبەستە کۆبونەوەیەکی تایبەتی کرد ٠

تیایدا بریاری‌دا کە پێشەکی لەبەرە بەیانی رۆژی ٢٨ی نیسانی ١٩٨٤ بەناوی جەماوەرانی پارێزگای سلێمانیەوە چەند نوێنەرێک لە یەکێتی و رێکخراوە جەماوەری و پیشەیی یەکان پێک بهێنرێ و سەردانی گوندی [عوجە]ی سەر بە پارێزگای صلاح‌الدین بکەن کە ئەو گوندەیە سەرەکی فەرماندە تیایدا لەدایک بوەو بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی و دیاری پێشکەش بە موختاری گوندەکە بکەن و نوێنەرەکانیش بریتین لە (١٠٠) کرێکاری ژن و پیاوی یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران و (١٠٠) قوتابی کورو کچ لەگەل تیپی مۆسیقای میللی یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوان و (٥٠) ئەندامی یەکێتی ئافرەتان و (٢٥) جوتیاری ژن و پیاو و ئەمەش لەلایەن لیژنەیەکەوە بەسەرۆکایەتی سەرەکی یەکێتی نەقابەکان و ئەندامێتی سەرەکی یەکێتی قوتابیان و لاوان و بەربۆبەرێتی رۆشنبیری جەماوەرەوە سەرپەرشتی دەکرێت ٠ ئەمەش سەرباری ئەوەی کە لەو رۆژە پیرۆزەدا لە هەموو ناوبازارو شەقام و جێگا گشتی‌یەکاندا بەیداخی عێراقی و وێنەی سەرەکی فەرماندەو دروشم و لافیتەی تایبەتی کە پیرۆزبایی ئەم بیرەوەریە دەکات هەڵدەواسرێن پاشان سازکردنی پێشانگەیەکی فراوانی بلاوکراوەی سەر دیوار کە تیایدا قۆناغەکانی ژیانی سەرەکی فەرماندە صدام حسین پیشان ئەدرێ و ئەمەش لە لایەن دەستەی راوێژکاری و راگەیاندنی پارێزگاوە جێبەجێ دەکرێت و ئەوەش بەم جۆرە دەبێت کە قۆناغی ژیانی منالێتی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوانەوە ساز دەکرێت و قۆناغی تێکۆشان و خەباتی نهێنی لە لایەن هەردوو نەقابەی کرێکاران و مامۆستایانەوە و قۆناغی شۆڕش و سەرکەوتنیش بەناونیشانی [سەرکردەو جەنگ] لە لایەن چالاکی قوتابخانەکان و هۆکانی فێرکردنەوە جێبەجێدەکرێ ئەمەو پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ هەڵسەنگاندن و خەڵات کردنی ئەو پێشانگەیەی کە هەموو رێکخراوە جەماوەریەکان بە نوسینی (٤٧) لە وتەکانی سەرەکی فەرماندە هاوبەش تیا دەکەن هەروەها لە لایەن هەموو ئەندامانی رێکخراوەکانەوە پیرۆزبایی ئاراستەی سەرەکی فەرماندە دەکرێت و ئەمەش لیژنەیەکی خۆی سەرپەرشتی دەکات ٠٠ هەروەها لەشەوی ٢٧ـ٢٨ نیسان‌دا لە لایەن دەستەی راوێژکاری و راگەیاندنەوە ئاهەنگێکی هونەری گەورە لە هۆڵی ئوتێل سلێمانی سازدەکرێت ٠٠ پاشان لە لایەن لقی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی‌یەوە لە سلێمانی کۆرێک بەناونیشانی سەرەک صدام حسین و مەسەلەی کورد بۆ کاک عبدالوهاب تالەبانی سازدەکرێ لە لایەکی ترەوەو هەر بەم بۆنەیەوە چالاکی قوتابخانەکان پۆستەرێکی سیاسی و سازکردنی ئاهەنگێکی هونەری لە لایەن منالانی باخچەکانی ساوایانەوە جێبەجێ دەکات ٠٠ هەروەها بەرێوەبەرێتی لاوانی سلێمانی چەند چالاکیەک ساز دەکات لەوانە پالەوانێتی تۆپی سەبەتەو دوا یاری پالەوانێتی مەلبەندەکانی لاوان بۆ تۆپی پێ ٠٠٠ لەم روەشەوە یەکێتی ئافرەتان بە چەند چالاکیەک هاوبەشی ئەم بیرەوەریە دەکات لەوانە دورینی دەستێ بەرگی کوردی ژنانە بۆ خێزان و کچەکانی سەرەکی فەرماندەو سەردانی ئەو خیزانەی کە سەرەکی فەرماندە لە سەر دانەکەیدا بۆ سلێمانی چاوی پێیان کەوتوە ٠٠ هەروەها خەڵات کردنی ئەو ساوایانەی کە رۆژی ١٩٨٤/٤/٢٨ لە دایک‌دەبن و پێشکەش کردنی دیاری بەوانەی کە لەو رۆژەدا ژن مارە دەبرن ئەمەش سەرباری ئاهەنگێکی تایبەتی و سەردانی خێزانی شەهیدان و برینداران و سەردانی بەرەی جەنگ لە کەرتی سەرووی وڵات ٠٠٠٠ هەروەها بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر هەڵدەسێ بە ئامادەکردنی کارتی پیرۆزبایی و پۆستەرێکی سیاسی و سازکردنی ئێوارە کۆرێک و تۆمارکردنی چەند گۆرانیەک بۆ تەلەفزیۆنی تامیم ٠٠٠ هەروەها دەزگای نیشتمانی بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن بۆ ماوەی هەفتەیەک نرخی کتێبە عێراقیەکان بەراژەی لە ٣٠٪ و کتێبە عەرەبیەکان بە راژەی لە ٢٠٪ دادەشکێنێ ٠٠ ئەمانەش سەرباری ئەوەی کە پۆستەرێکی سیاسی و پێشانگەیەکی وێنەی قۆتۆگرافی لە لایەن یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوانەوە جێبەجێ دەکرێن ٠

لەوانەش هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بەم بۆنەیەوە لە لایەن یەکێتی کرێکارانی سلێمانیەوە پەردە لە رووی وێنەیەکی گەورەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لا دەبرێت ٠

فریا

بەهەڵکەتنا ژ دایک بوونا سەرەک صدام حسین

پرۆگرامی ئاهەنگگێرانێ لە دهۆک

بەهەڵکەتنا بیرهاتنا ژدایک‌بوونا سەرەکی تێ‌کوشەر صدام حسین دەزگەها راگەهاندنێ ل پارێزگەها دهووکێ کوو بونەکا بەفرەه گرێدان بسەرۆکاتیا سەیدا نامق رقیب پارێزگەرێ دهوکێ ٠

نوێنەری پارتا بەعسا عەرەبیا هاڤپشکی ل دهوکێ حازربوو وێ کوو بونێ ٠ بەرێز نامق رقیب بەحسێ دەورێ سەرەکێ قوماندار کر د جەنگا قادسیا صەدامیدا ٠ و دوێ گوومبونێدا بریار دان بڤان بزاڤێت خارێ رابن :

ـ خەملاندنا دەزگەها و فەرامانگەها و قووتابخانا و نیقابا ل دهوکێ ٠

ـ فەگێرانا سرودێت نیشتمانی و نەتەوایەتی ل هەمی خاندگەها

ـ هەلاویستنا دورێشما ل هەمی دەرا ٠

ـ راکرنا پەردێ لسەر وێنەی سەرەکێ قوماندار صدام حسین ل دەم ژمێری ١٠ی سپێدێ ژ رۆژا ٢٨ـ٤ لسەرێ دووریانکا دهوک ـ زاخو ٠

ـ رێڤە جوونەك دێ هێتە کرن هەمی دێ شەمالکا هەلگرن سەرکێش دێ بشك داریێ تێدا کەن ٠

ـ پێک ئینانا ئاهەنگا هۆنەری ل ئێڤاریا ٢٨ـ٤ ل دهوك هەمی تیپێت هۆنەری دێ بشك داریێ تێدا کەن٠

ـ پێک ئینانا داوەت و شاهیا ل هەمی قەزاو دەڤەرێت دهوك ٠

ـ تیپا هۆنەری یا ئافرەتێت دهوك دێ بشك داریێ ل ئاهەنگێت مەلبەندی کەت ٠

ـ دەزگەها رەدشەنبیریا جەماوەری دێ کورەکێ ئەدەبی بۆ دکتور بدرخان سندی درست کەت ٠

ـ دەزگەها رەوشەنبیریا بەلاف‌کرنا کوردی دێ کورەکێ ئەدەبی بۆ سەیدا صدیق شەروی دروست‌کەت

ـ دار الوطنیە دێ بێشەنگەها پەرتووکا درست‌کەت هەر ژ ٢٦ـ٣٠ـ٤ و گەلەك بزاڤێت دی ێت هۆنەری و رەوشەنبیری و میللی دێ هێنەکرن بڤێ بیرهاتنا مەزن بیرهاتنا ژ دایک‌بوونا سەرەکێ خەباتکەر صدام حسین ٠

رمضان عیسی
دهوك

چاپکراوی نوێ

ئاسۆس

بەرگی یەکەمی کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی و رۆشنبیری دەستەبەك قوتابی کولێجی ئەدەبیاتی زانکوی صلاح‌الدین بەناوی «ئاسۆس»ەوە دەرچووە کە بەرهەمی ئەدەبی و رۆشنبیری بیست خاوەن قەڵەمی بەهرەداری نوێی گرتۆتە خۆیی و بابەتەکان : شیعرو چیرۆك و وەرگێڕراو لێکولینەوەو باسی رۆشنبیری گشتی ئەگەرنەوە لە ١٠٤ لاپەڕەی قەوارە مام ناوندیدا٠

ببورن

لەژمارەی رابووردوودا وتاریك لە وەرگیرانی خوشکە ناسکە جلال بلاوکرابووە ناونیشانەکەی لەلایەن خوشنوسەکەمانەوە بە هەڵە نووسرابوو راستی ناونیشانەکەی ئەمەبە [چەند بیروڕایەك دەربارەی مەسەلەی ئافرەت] داوای لێ‌بوردن ئەکەین لەو هەڵە بێ‌مەبەستە ٠

صدام حسینی مامۆستاو ٠٠ ـ پاشماوە

باوکی حەز بە خۆشی و سەربەستی و پێشکەوتنی ئەم دەوڵەتە دراوسێ ناکا بۆبە هەستا بە بیانۆگرتن بە عێراق و تەقاندنەوەو ئاژاوە نانەوە لە ناو خۆی وولات ،هەر چەند لەو گاتەشدا سەرەکی بەرێزو وشیارمان کاك صەدام حوسێن حەزی لە شەڕو خوێن‌ڕشتن نەبوو ، ئەمەش لەوە دیار بوو کە چەندەها سکاڵا نامەی دا بە حوکمدارانی تاران و چەند جار داوای وازهێنان و دوورکەوتنەوەیان لە کاروباری ناوخۆی عێراق کرد ، بەڵام ئەوان لە خۆبایی بوون بەوەی خاوەنی دانیشتوان و چەکێکی بەهێزن ، تەنیا بۆ تاکە سکاڵا بەك گوێیان نەگرت ٠ گاڵتەشیان بە بروسکەکانمان دەهات ، بۆیە بە ناچاری و بۆ تەمێ کردنی ئەو لێپرسراوە هەرزەکارە نەفامانە ٠ سەرەکی پێشەوا ئالای دووەمی قادسیەی لە سەعدی باپیرەی وەرگرت و بە ناوی قادسیەی صدام کەوتینە دوای سەرۆکمان ، کەوتینە ڕاونانی ئەو سەربازە ترسنۆکانەی کە خومەینی ناردبوونی بۆ سەر سنور تا شارە نزیك سنوری‌یەکانمان بەرتۆپ بدەن ٠ هەرچەند لە سەرەتادا هەر وەکو سەرەکی پێشەوا فەرموی کە ئێمە بە سەربازو تەقەمەنی لە ئەوان کەمترین ،بەڵام هەمیەت و ئازایەتی نەوەکانی ڕافدەین ، هەر سەرکەوتوون ، دوای ئەمەش سەربازی عێراقی تا دەهات زیاتر دەبوو ، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە تاکو ئێستاش ئێمەی ئازا هەر دەم لەوان بە هێزترین ، ئەوا زیاتر لە سێ ساڵە شەڕ دەکەین و لە سایەی ئەو فەرماندەیە نەبەزەدا سەرکەوتنی زیاترو فراوانتر بە دەست دێنین ٠٠

ئەگەر بە ووردی سەرنجی ووتەکانی بەرێز سەرەکی فەرماندە بدەین ، سەیر دەکەین بۆ ڕووخۆش‌کردن و دڵنیاکردن و پەیمانی دڵسۆزی خۆیەتی بۆ گەلە خنجیلانەکەی وەکو دەڵێ : هەر بارچەیەك لەسەر ئەم زەمینە بە گەنجینەوە ناگاتە پارچەیەکی خاکی عێراق ٠ لە عێراقدا تەنیا خاك نیەو بەس ، هەڵکو مێژووە بەو هەموو کەلەپوورو زانینەوە کە باپیرانمان بۆ ئێمەیان هەڵ گرتووە ٠٠

ئەگەر وبستمان هەر گەلێك هەڵبژێرین نەشونمای هونەری هەر چەند بێت لەگەڵ گەلی ئێمەدا بەراوردی بکەین ، ئێمە گەلی خۆمان بە هیچ گەلێك ناگۆڕینەوە لەسەر ڕووی ئەم زەمینە ، لەگەڵ ڕێزمان بۆ گەلانی جیهان کە بە سەربەستی بەختیاری ژیانیان بۆ داواکارین ٠٠٠

ئەم ووتەیەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوە سەرکردەیە چەندە دڵی بە خۆی و بە گەلەکەی خۆشە ،کە توانی تەنها ئاواتی ئەم گەلە دواکەوتووە بهێنێتە دی ئەویش بە چارەسەرکردنی تەنگ و چەڵەمەکانیان و دەرهێنانیان لە نەخۆشی و هەژاری و دواکەوتن ٠ هەروەها لەگەڵ بەکەم ڕۆژی وەرگرتنی سەرۆکایەتی لە عێراقی خۆشەوبستدا ووتی :

من دەبم بە ئالایەك لە ناو ئالاکاندا ، نەك بە تاکە ئالا دەبم بە شمشێرێکیش لە ناو شمشێرەکان ، نەك بە تاقە شمشێر ٠ هەروەها لە چاوپێکەوتێکی لە کاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە هەندێ لە جەنگاوەرە کوردەکان ووتی : بە بارمەتی خوا هەموو بستێکی خاکی کوردستان دەکەین بە ئاگر لە ژێر پێی دوژمنانداو نرخێکی گران تر دەدەین ، یا وەك ئەو نرخەی کە لە خاکی بەسرەو میساندا دایانو نەیانتوانی بگەن بەو ئامانجەیان کە لە نەخشەی دەست درێژی‌یەکەیان هەبوو ٠٠٠ لەو کاروبارانەی کە خومەینی بەهەڵەدا چو بوو ، ئێوە لە بیرتانە ئەوسا مەسەلەیەکی بڵاو هەبوو لە عێراقدا ئێستا ئەو مەسەلەیە بەسەر چووە ، کاتێ کە بەکێ سەرزەنشتی یەکێکی تری دەکرد ، یا کاتێ کە بە توندی لەگەڵ یەکدامدا قسە یان دەکرد پێی دەگوت ، ئێمە عێراقین سوودی نیە لەگەڵمان ٠٠٠ ئەم مەسەلەیە وا بوو تا پێنج ساڵیش پاش شۆڕش هەر مابوو ،ئێستا لە ناوچوو ٠٠٠

ئەگەر سەرنجی مزگەوتەکان و پیاوە ئایینی‌یەکانی هەموو عێراق بدەین ، سەیر دەکەین کە هەموو مزگەوتێك ، هەر لەگەڵ یەکەم ڕۆژی هاتنی ئەم سەرۆکەوە بنیاتنان و چاکردنەوەو دروستکردنی مزگەوتەکان لەسەر جوانترین شێوە دەستی پێ‌کردووەو تاکو ئێستاش کە لەگەڵ پیاوە ئاڵایینی‌یەکانی خومەینی دەجەنگنین و دەبینین بنیات نان هەر بەردەوامە ، هەروەها مەلاو پیاوە ئایینی‌یەکان هەموویان بوون بە خاوەنی مووچەی خۆیانی مسۆگەر کردوەو وەکو هەموو موچەخۆرێك مانگانە بە ڕێکو پێکی وەردەگرن ، جگە لەوەی کەزەویان بەسەردادا بەش کراوەو یارمەتی‌یەکی چاکیان دراوە بۆ ڕزگاربونیان لە بێ خانوویی ، جگە لەوەی کە قوتابی ئێستا لەو پەڕی بەرزی خزمەت‌گوزەرانی دایە چ لە عێراق چ لە دەرەوەی عێراق وەکو دەبینین کە هەموو قوتابخانەیەك بە شێوەیەکی گشتی مۆبەکانی ڕاگەیاندنو فێرکردنو گەرمکەر وساردکەرو جگە لە هێنانی ڤیدیۆو سینەما بۆ زۆر لە قوتابخانە زانیاری‌یەکان بە ئاسانی دەست دەکەوێ بۆ ئەوەی تاکو زانین لای ئێمەش نرخی خۆی هەبێ ٠ هەروەها قوتابی لەبەشە ناوخۆیی‌یەکان هەموو جۆرە خواردنێك بە ئاسانی بۆی دێو خزمەت کردنی چاکیان دەکرێو لە دەرەوەش موچەیەکی چاکیان بۆ تەرخان کراوە کە هەموو شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی نەمر بە ڕابەرایەتی سەرەکی پێشەوا کاك صدام حسین خستویەتیە سەر شانی خۆی تاکو قوتابی پێی بژین و بتوانن بەردەوام بن لە خوێندن و پەرەپێدانی زانیاری یەکانیان لە دەرەوەی وولات ، تاکو لە دوا ڕۆژ پسپۆڕێکی بە کەلکیان لێ دەربچێ بۆ خزمەت‌کردنی گەلەکەیان ٠٠٠

هەروەها گرنگترین بڕیاریش کە بەر لە شەڕ دەرچوو ، دانانی موچەی خانەنشینی بوو بۆ ئەو کەسانەی کە پیرن و ناتوانن ژیانی خۆیان ببەنەسەرو کەس نیەو هیچ هۆیەك نیە بۆ بەردەوامی ژیانی ٠ وەکو بە چاوی خۆمان دەبینین کە تاکو ئێستاش هەر مانگەو هەزارەها پیری بە ساڵا چوو لە بەردەم پۆستە خانەی شارەکانی عێراق کۆ دەبنەوە بۆ وەرگرتنی موچەکەیان کە ئەو سەرکردە بە تواناو بیرو ئەو مامۆستایە ژیرە بیری لێ‌کردۆتەوەو بچوك ترین شتی لە خزمەتی ژیانی گەلی عێراق فەرامۆش نەکردوەو هەرگیز نابکا ٠٠٠ جگە لە دەرکردنی بڕیاری بەخشینی ئوتومبیلی تایبەتی بۆ پەك‌کەوتەکان ، بۆ ئەوەی ئەوانیش لەو خزمەتە گەورەیە بێ بەش نەبن وەلە سایەی ئەو بڕیارە بحەسێنەوە ٠٠٠

ئەمەبوو بیرو ژیری سەرەکی ئازیزمان هەڤاڵ صەدام حوسێن بۆ فراوان‌کردن و پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی گەلی عێراق و ناوی عێراق لە ئاستی هەموو گەلان و میللەتان و دەوڵەتانی جیهان و ئەمەش عێراقی ئەمڕۆو ئەویش مێژووی عێراقی کۆن کە جیاوازی بە ئاشکرا لە نێوانی ئەم دوو قۆناغەدا دەکەین ٠٠٠

هەڵبەت ئەم باسەش تەنیا بیرو ڕاو دڵسۆزی خۆمە ، بەرامبەر بەو سەرکردەیەی ، کە هەموو شێوەیەکی خۆشەویستی لەگەڵ نەوەی دوو ئاواندا بەکار هێناو تا ماوبشە تەنیا بۆ قازانجی ئێمە هەوڵ دەدا ٠٠٠

هونەر ـ پاشماوە

عیراق لە هەمان شاردا دامەزرێنێ ، کە لەراستیدا ئەو تیپە یەکەم تیپی مۆسیقای عیراقی بووە ٠٠٠

ئیتر هەر ئەوە هانی داوە کە زیاتر لەبارەی مۆسیقاوە بخوێنێتەوەو خۆی بۆ هیلاك بکات و مۆسیقایشی وەکو هونەرێك زیاتر لەبەر دڵدا شیرین بووەو هەربۆیەش بۆ ماوەی چەند ساڵێك کەوتۆتە دوای خوێندنی مۆسیقا لە خانەی مامۆستایانی بەغداو موسڵدا تاوەکو بەرژەنامەی لە زانیاری‌یەکانی دانانو هارمۆنیکدا وەرگرتووە ٠٠

لە سەردەمی پاشایەتی‌و لەوکاتەی کە مەلیك غازی سەرۆکایەتی وولاتی عیراقی کردووە باوکم کراوە بە لێپرسراوی مۆسیقاو سرود لە نیستگەی «قصر الزهور» هەروەها داوای لێکراوە کە بەبمانگای مۆسیقا لە عیراقدا بکاتەوە کە ئەویش لە ساڵی ١٩٣٦ دا بووە ٠

باوکم بەکەمین مامۆستای مۆسیقا بووە لە عیراقداو بە شێوەیەکی گشتیش شتی چاکی دەزانی لەبارەی هەموو ئامێرە هەوایی‌یەکانەوەو زۆر شتبشی لە بارەوە خوێندبوو، لە ڕووی ئیدارەیش ، جێگری بەڕێوەبەری پەیمانکا بوو ٠٠

لە ساڵی ١٩٤١دا کە یەکەم ئۆرکێسترای ژێداری عیراقی دامەزراوە باوکم سەرۆکایەتی کردووە ، وە یەکەمین بەرهەمی ئەو تیپە ئەو ئاهەنگە بووە کە لە ساڵی ١٩٤٧دا لە هۆڵی کۆلیجی پزیشکی لە موسڵدا بۆ مۆسیقا ژەنی ئەلەمانی «باخ» سازکراوە ، هەر ئەوساش پێشنیارێکی بەرەو ڕووی وەزارەتی مەعاریفی عیراق کردۆتەوە بۆ کردنەوەی خولێکی فێرکردنی هونەری مۆسیقا بۆ ماوەی مانگێك لە شاری سلیمانی‌دا بە مەرجێ لە پشووی هاویندا بێت ٠٠ وەکو بیزانم بەشدارانی ئەو خولەیش دوای ئەوەی ڕێگەی کردنەوەی دراوە ئەم هونەرمەندانەن «جمیل بشمیر ، غانم حداد ، یعقوب یوسف ، منیر الله ویردی ، بطرس حنا بطرس، سالم حسین»و چەند هونەرمەندێکی تریش ٠٠ وە لەم خولەدا توانیویانە چەند گەنجێکی بەهرەدار پێبکەیەنن وەکو هونەرمەندان «شمال صائب ، قادر دیلان و هی‌تریش» ٠

ـ لە ساڵی ١٩٤٨دا باوکم یەکێ‌بووە لە بەشدارانی ئەو ڕێ‌ڕەوەی کە پەیمانگای هونەرەکان پێی هەڵساوە بە بۆنەی ڕێزگرتن لە ڕۆژی ڕابەرینەکەی کانوون ٠٠ وە ئەو تیپە مۆسیقایەی لە باوکم سەرەکی بووە لە پێشەوەی ڕێ ڕەوەکەدا بووە٠ هەر لەو ساڵەیشەوە وەکو مۆسیقا ژەنێك بەشداری کردووە لە تیپی سەمفۆنیای سەر بە پەیمانگای هونەرەکانەوە ، وە منیش بەشداری ئەو تیپەم کردووە لەسەر ئامێری «چلو»و «بطرس»ی برایشم لەسەر ئامێری «ترۆمبیت»و «صباح»ی برام هەر دبسان لەسەر «کلارنیت»٠

ـ لە ساڵی ١٩٥٢دا باوکم لەسەر هەڵوێستە نیشتمانی‌یەکانی لەکار دوورخراوەتەوەو کارکەنار کراوە ٠٠

ـ دەمەوێ ئەوەیش بڵێم کە وەکو ڕۆڵەبەکی ئەو باوکە هونەرمەندەو لەڕووی ڕێزو دڵسۆزی‌و وەفاداری‌یەوە لە ساڵی ١٩٣٠دا هەندێکم لەم دانراوە ـ مۆلفات ـ مۆسیقایی‌بانەی باوکم تۆمارکردوو پێشکەشی دەزگای ئیستکەو تەلەفزیۆنم کردن ٠ ئەگەرچی دەبوایە ئەو سروودە نیشتمانی‌یانەی کە هەر خۆی ئاوازی بۆیان دانابوو تۆماریان بکەم ،بەڵام بۆمان نەکراو ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو کادیرەمان بۆ ئامادە نەکرا کە لە ڕووی گوتن و تۆمارکردندا خاوەنی ئەو بەهرە هونەری‌یە بێت و بەرهەمەکە بە پاکی‌و وەکو خۆی ئەنجام بدەین ٠٠ جگە لەمانەیش خێرانەکەمان هەندێ لەو دانراوە مۆسیقایی‌بانەی باوکمیان دایە قوتابخانەی «بالێ»ی عیراقی بۆ ئەوەی بتوانن سوودێکی لێ‌وەربگرن ٠

● **دەربارەی دانراوە مۆسیقایی‌یەکانیش «باسم» دەڵێ :**

ـ لە ساڵی ١٩٤٥دا جروبەندی یەکەمی کتێبی «نظریات الموسیقی» بەچاپ گەیشت و دەرچوو ، جگە لەوەی کە باوکم لە ساڵەکانی «١٩٣٢ ، ١٩٥٦» دوو کتێبی تری بووە یەکەمیان بۆ فێرکردنی «عودو کمان» کە لە ساڵی ١٩٣٢دا بەچاپی گەیاندووەو دوومیشیان لە ساڵی ١٩٥٦ دەربارەی «مێژووی مۆسیقا» ، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر پڕکار بووەو ئیش‌و کاری کلیساش بواری ئەوەی نەداوە بەچاپی بگەیەنێت ، بەڵکو زیاتر پەرژاوەتە سەر کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی سەرەتایی «طقوس»ی کلیسای کلدانی‌و سریانی ، هەروەها ئاوازەکانی خۆی بە نۆتە تۆمار کردووەو هەندێکی لێ ئەنجامداون کە نایەبەتبوین بە «قوداسی گەورەوە» ٠

Institut Kurde de Paris

یادی

لە دایك بوونی سەركردە

● مصلح جەلالی ●

کاتێ کە ئاوڕ لە یادی لە دایكبوونی سەرکردەی گەلو سووپای عیراق .. راپەڕینەرو سەرخەری شۆڕشی ١٧ – ٣٠ی پیرۆزی تەموز – صدام حسین ئەدەینەوە .. واتە عیراقێکی سەر بەخۆو گەشە سەندوو پێشکەوتوی هەموو بوارێكو گەلێکی عیراقێکی بەختیارو دلێرو دلسۆزی خاكو سەرکردایەتی بەچاو ئەبینینو لەگەل ئەو گیانە بەرزە ئەدوێین کە ئەمڕۆ مرۆڤی تازەی عیراق .. مرۆڤی پەروەردەی بیروباوەری شۆڕشی ١٧ – ٣٠ی تەموز لە مەیدانەکانی کارو لە بەرەکانی جەنگ بۆ گەشە سەندنی زیاترو پاراستنی خاکی پیرۆزی عیراق هەیانەو .. ئەبێ مافی نەتەوەیی رەوای کوردی کوردستانی عیراقو خۆمالی کردنی نەوتو مافی ئافرەتو دابەش کردنی زەوی بەسەر جووتیارو دروست کردنی گوندی هاوچەرخو بەسەدان شەقامو پردو بەستو قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریو دانانی ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراقو هەردوو ئەنجوومەنی یاسایيو راپەراندنی ناوچەی کوردستانی عیراقو پیکهینانی کۆمەلی هەرەوەزی جووتیارانو نیقابەی کرێکارانو دەیان ریکخراوی ترو بەرپاکردنی دیموکراتیەتو دانانی سەدان یاسا رەچاوبکەین کەبێ جیاوازی خزمەتی رۆلەکانی گەلی عیراق ئەکات .

ئەمە بەکورتی لەناوخۆی عیراقدا .. کە گەلی عیراق بەرامبەر بەم دلسۆزیەی سەرەك صدام حسین بەرامبەر بە گەلی عیراق بەوپەری لیبوردنەوە لە دەوری سەرکردایەتی یەکەی کۆبۆتەوەو بە هەموو جۆرێ ئەیپارێزی .. بەلام کاتێ کەدێینە سەر یادی لە دایكبوونی سەرەکی فەرمانده هاوڕێ صدام حسین .. ئەو یارمەتیە مەزنە بەدی ئەکەین کە عیراق دای بەگەل عەرەبی فەلەستین بۆ گەرانەوەی بۆ خاکی زەوتکراویو ئەو دەورە گرنگەمان دێتە بەرچاو کە عیراق لە رێزی ولاتانی بێ لایەنەدا لە پێناوی سەرفرازیو بەختیاری مرۆڤدا ئەیگێریو ئەو دەستی یارمەتی درێژ کردنە هەست پێئەکەین کە عیراق بۆ گەلانی تازە گەشەسەندووی جیهان درێژی کردو ئەوپشت گرتنە دەرئەکەوێ کە پشت گرتنی کاروانی گەلانی رێی سەربەستیو پێشکەوتنی گەلانی ژێر دەستەیە ..

بەڵێ .. لە یادی لە دایكبوونی هاوڕێی تیکوشەر صدام حسیندا ئەو عیراقە ئەبینین کە لە ناوچەکەدا (هەرچەندە چوار ساڵ زیاترە لە شەڕدایە) قەلایەکی پتەوی ئازادیخوازیو پێشکەوتووی ناوچەکەیەو دوژمنانی مرۆڤو ئاساياشو شارستانیەتو پێشکەوتن لێی ئەترسنو بەهەموو تەقەلایەکیان ئەیانەوێ کە لە ناوی ببەن .. بەلام عیراق گەلیکیوا مەزنو دلێرو یەکگرتوو بالای هەبێتو خاکی عیراقو گەلی عیراقی سەرکردەیەکی بێهاوتاو بەپشوو بەجەرگی وەك صدام حسینی هەبێ هەزاران دەستدرێژی نۆکەرانی ئیمپریالیزمو زایۆنی هەر لە پێشکەدا لە ناو ئەبات کە ئەمڕۆ بەهۆی رژێمی رەگەز پەرستی ئێرانەوە ئەیکەنە سەر عیراق ..

هەزار سلاو لە یادی لە دایكبوونی سەرەکی فەرمانده سەرەك صدام حسین .

هەر شەکاوە بێ ئالای بەرزی عیراقو هەر شەکاوەش ئەبێ ..

هەزاران سلاو لە یەکێتیو دلێریو کاری بێوچانو دلسۆزی گەلی عیراق بەرامبەر بەسەرکردەو بەخاکی عیراقو بەرامبەر بەخۆی .

جەژنی دارودرەخت لە سلێمانی

بە بۆنەی جەژنی دارو درەختەوە لەپارێزگای سلێمانیدا ئاهەنگێك سازکراو تیایدا کە بەرێز جێگری پارێزگاری سلێمانیو چەند ئەندامێکی لقی سەرکردایەتی حزبو سەرەکی دائرەکان ئامادەبوو دەقیقەیەك وەستانی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی صدام دەست پێکراو .

پاشان وتاری دەزگای گشتی کشتوکالو چارەسەرکردنی کشتوکال خوێنرایەوەو تیایدا نەو بایەخ پێدانەی کە ئەمڕۆ سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بە کشتوکالی ئەدات دووپات کرایەوەو هەروەها دووپات کرایەوە کە پێویستە ئەمڕۆ هەموو چینەکانی گەل پارێزگاری بەرهەمەکانی کشتوکالی بکەنو بایەخی پێبدەن بەتایبەتی دارو درەخت کە سەربارەی ئەوەش دووپاتی شارستانیەتو ئاستی رۆشنبیری ئەو میللەتە دەکاتەوە کە بە چاکی پەروەردەی دەکات .

پاشان لە لایەن باخچەکانی ساوایانەوە چەندان سرودو گۆرانی کوردی پێشکەش کراو لە کۆتایشدا لە لایەن بەرێز جێگری پارێزگارەوە یەکەم درەخت نیژرا .

فریا

بیرنکی راگوزاری

دوو وێنەی رۆژانە

١ – بۆ سەرکردە

کە لە ئاسۆ دەرئەکەویت.
سوارێکی بەدەوری رۆژدا ناو ئەسپێنیت .
تیشکی رۆژ بۆت پێئەکەنێت .

گشت ئەم خەلکە ، بالندەکان ، درەختەکان ، دەشتو چیا ، خۆشیان ئەوێیت .

لە تیشکی رۆژو ناوی تۆ.
فێربووین کە زەردەخەنەو ئاوێنەو یاری هندانەکان دروست بکەین .

٢ – جەنگاوەر .

کە بالای بەرزی جەنگاوەرەکە هەستا .گیانی بزوا ، نارنجۆکەکەی وەك هێلکەی هەلۆ ، بە بشتێنەکە بەدا هەلواسرا بوو ،رۆیشت ، جەنگاوەرەکانی تر لەگەلیا رویشتن ، زەوی لە بەهێزی هەنگاوەکانیاندا ئەلەرزیەوە ،گەیشتنە لوتکەو راوەستان، خۆیان لوتکەن ، تەنیا بالای نیشتمان لە بالای ئەوان بەرزتر بوو ، هەنگاویانو راوەستانیان ، لە رۆمانو شیعرو بەسۆزترین گۆرانی جوانتر بوو .. لەوان جوانتر کەس لەم گەردوونەدا نەبوو.

بەهرە

لە دایك بوونی نەتەوە

دووان دەربارەی چالاکیو چابووکیو سەرکردایەتی بێهاوتا .. واتە صدامحسین ..ئەم دووانەش ئەبێت هەر لەبەردەمی خاسیەتی ئەو پاڵەوانێتییەدا دا مانبنێ کە لەم پیاوەدا کۆبۆتەوە کە ئەویش خەباتو دلێریو ئازایەتیو بەرگەگرتنی ناخۆشیو ئاواتو وریاییو پاراستنی عیراقە ..

لە صدام حسین خۆیدا پاڵەوانێتی خواست لەگەل دلێری دەروونو رەوشتو مەبەستدا دەست ئەکەنە ملی یەکتری بەرەو نموونەی باڵا. ئەم خاسیەتانە خاڵێکی رووناکی پرشنگدا پەیدا ئەکەن کە هەموو عیراقییەك لەبەریا هەنگاو ئەنێت چونکە بەراستی شێوازێکی نموونەییەو کە ئەبێ ئەو سەرکردەیە لە سەری بێ کە گەلەکەی خۆشیئەوێو هاوڕێکانی دەستی پێوە ئەگرن ..

صدام حسین کوڕی ئەم میللەتەو کوڕی ئەم ئەتەوەیەیە لەگەل رۆژگارو لەگەل ئەو دۆخە رەقانەدا جەنگ ئەکات کە پێیاندا تێدەپەڕێو ئەم جەنگەشی خۆراگرتنە چونکە توانای باوەر لە دلیا زۆر مەزن بوو. هێزی ئەو بیروباوەرەی کە شانازی پێوە ئەکات لە دەروونیا گیانی ئازایەتیو خۆراگرتن پەیدائەکات .. لە بەرئەوە بە باوەرو هێزو بیروباوەڕ توانی بەسەر ئەو دۆخە ناوخۆشانەدا سەرکەوێ کە تووشی – هاتوون .

سەرکردەی شۆڕشگێڕی راستەقینە ئەو تێکۆشەرەیە کە ئەتوانێ لە تێکەلاوی بێو چانیەوە لەگەل خواستو ناخۆشییەکانیدا خۆشەویستی گەل بۆخۆی رابکێشێو .... ئەم خۆشەویستییەش کەورەتر ئەبێ کە ئەبینین بەرێزی هەموو رۆژێ بێ بچرانو بێ ترس خۆی ئاگاداری گیرو گرفتی هاوولاتیان ئەبێو لە دۆخیان ئەپرسێ ئەگەرچی شەڕیشەو سەریشی قالە ..

بەلام یەکێتی گەل بەرێز سەرەکی فەرمانده بەوپەڕی دلسۆزیو بروایەکی بەرزەوە سوورە لەسەر ئەم یەکێتییەو لەسەر چاککردنو پتەوکردنی بۆ ئەوەی یەکێتی عیراقی شۆڕشو عیراقییەکان .. بەکوردو عەرەبو کەمایەتییەکانەوە بکاتە یەکێتییەکە نابەزێنرێو شوێنی ئەوەی ئەبێ لەیەك خەندەقی تیا جیابێتەوە کە ئەویش خەندەقی پاراستنی عیراقی خۆشەویستە .. بەمەش عیراق بووە هێزێکی دڕەدەر بەهێزی ئیمپریالیو زایۆنیو .. رووناکترین نیشانەشی بۆ ئەم راستییە بەرەنگار بوونەوەی هێزە پوچەلەکانی خومەینی بوو کە ئەیهێشت پێ بنێتە بستێك زەوی عیراقەوە لە بەر ئەمە صدام حسین کوڕی هەولێرو سلیمانیو ئەنبارو ذیقارو کوڕی دجلەو فراتەو بەنموونەی هەموو عیراقییەكو دروستکەری ئەودەوارە ئەمێنێتەوە کە گەلی عیراق لە ژێریدایە بۆ ئەوەی بەئاسایشو بەختیارو ناموسەوە بژی ..

هاوکاری

دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی

تەلەفون
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

Institut Kurde de Paris

ده‌زگای روشنبیری و بلاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێری و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا

● گفتوگۆی هاوکاری له‌گه‌ڵ به‌ڕێز وه‌زیری گواستنه‌وه‌و په‌یوه‌ندکار ده‌رباره‌ی پرۆژه‌ی نوێی وه‌زاره‌ته‌که‌یان ل ٦ .

● پێنج‌شه‌مه‌ ١٩٨٤/٥/٣ ژماره‌ ٧٣٦ ● ٨ لاپه‌ڕه‌ به‌ ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٤/٥/٣ العدد ٧٣٦ ●

سه‌رکرده : سه‌رکردایه‌تی زێڕینگه‌ره‌و گه‌ل زێڕه‌که‌یه‌تی

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین وتی : سه‌رکردایه‌تی ته‌نیا بریتی‌یه له زێڕینگه‌رو زێڕ گه‌لی عیراقه .

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده له کاتی چاوکه‌وتنیدا به سه‌ره‌کو ئه‌ندامانی نووسینگه‌ی راپه‌راندنی ده‌کیتی گشتی ئافره‌تانی عیراق به بۆنه‌ی جه‌ژنی له‌دایکبوونی به‌ڕێزیه‌وه وتی : ده‌وری سه‌رکردایه‌تی له عیراقدا به باوه‌ڕه‌وه ده‌وری زێڕینگه‌ری داهینه‌رانه‌یه‌و زێڕی به به‌هاو به‌نرخ هه‌ڵگیراو زۆر ده‌میکه هه‌یه‌و ئه‌و زێڕه به‌شێوازیکی نوێ سازکراو بالای هه‌موو عیراقیه‌کانی پێ رازایه‌وه :

ته‌واوی وته‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده له ل ٢دا بخوێنه‌ره‌وه :

سه‌رکرده ڕۆڵه‌ی گه‌لێکی مه‌زن نه‌بێ پایه‌ی له مێژودا نابێ

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین چاوی‌به ده‌سته‌یه‌ك له جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکی شاری صدام که‌وت ، که پیرۆزباییان له به‌ڕێزی کرد به بۆنه‌ی جه‌ژنی له‌دایکبوونیه‌وه ، به‌م بۆنه‌یه‌وه سه‌ره‌کی فه‌رمانده وته‌یه‌کی‌دا ئه‌مه ته‌واوی ئه‌و وته‌یه‌یه :

سڵاوله شاری پاڵه‌وانی .. شاری دڵسۆزی ئه‌و شاره‌ی ناوتان ناشاری صدام.. به‌خێر بێن به‌سه‌رچاو ئه‌ئه‌وه‌ی .. ئێوه به‌شێکی ئه‌م گه‌له مه‌زنه‌ن که هه‌مووی جیهان مێژووی ده‌زانێ‌و ئێوه‌یش بنجی هۆزو تیره‌کانتان ئاشکرایه‌و ده‌وریان زانراوه له مێژووی عیراق‌و له مێژووی ئه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌بدا به‌ڵام مافی ئه‌وه‌مان هه‌یه که شانازی بکه‌ین به‌و مێژووه پیرۆزه‌ی که شاره‌که‌تان تۆماری کردوه له‌م قادسیه‌یه‌دا .

من خۆم سه‌رم‌سووڕ نه‌ما به ئاماده‌یی باڵاتان بۆ قوربانیدان له پێناوی پاراستنی وڵاته‌که‌تان به‌ڵکو هێشتا هه‌ر هیوام پێتان زۆره چونکه کانه‌که‌تان ده‌ناسم ..

له باره‌ی لایه‌کی مێژووی شاره‌که‌تان من شاره‌که‌تانم دیوه کاتێ که بریتی بوو له کۆمه‌ڵه زنجێ له ناو زه‌ڵکاوداو دیویشمه کاتێ که بوه خانوو له ناوه‌ڕاست زه‌ڵکاودا .

له‌مه‌وبه‌ر قسه‌م له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته کردوو وتم قسه له‌سه‌ر ئه‌وه ده‌کرا که ئایا به‌ڕاستی ده‌توانین شاری ئوره که ئیستا شاری صدامه بکه‌ین به شارێکی هاوچه‌رخ به‌و جۆره‌ی که هیوامان پێ‌یه‌ بۆ دانیشتوانی قسه‌تان لێ ناشارمه‌وه‌و بۆ ئه‌وه‌یش نیه که مافی هیچ که‌سێ بخۆین به‌ڵکو بۆ ئه‌وه‌ی له مێژوودا تۆماری بکه‌ین وه‌کو خۆی .. ژماره‌یه‌کی که‌م له کاربه‌ده‌ستان له‌و قه‌ناعه‌ته‌دا بوون‌و هه‌موو فه‌نی‌یه‌کان له‌و قه‌ناعه‌ته‌دا نه‌بوون که توانای ئه‌وه‌مان هه‌یه شاری صدام به‌و شێوه‌یه‌ی که ئاگاداری بوون بکه‌ینه شارێکی تازه بابه‌ت وه‌ك ئه‌وه‌ی ئیستا .

هه‌ندێ که‌س پێی ده‌وتین نه‌وتی تیایه‌و ئه‌گه‌ر بنیاتمان ناو خزمه‌تگوزاری ته‌له‌فۆن‌و ئاوو کاره‌با‌و خزمه‌تگوزاری‌یه‌کانی ترمان بۆ که‌یاندو شه‌قامی تازه‌مان تیا کرده‌وه دوای ماوه‌یه ناچار ده‌بین تێکی بده‌ینه‌وه چونکه ڕێی تێده‌چێ عه‌ماری نه‌وتی تیا بێ له ناو شاری صدام‌داو هه‌ندێکی تر ده‌یانوت ڕێی تێ‌ناچێ شاری صدام بکرێ به شارێکی تازه بابه‌ت ئه‌گه‌ر هه‌موو ساڵێ ژماره‌یه ته‌لار دروست نه‌که‌ین‌و ژماره‌یه خانوو نه‌ڕووخێنین وخه‌ڵکه‌کانیان نه‌گوێزینه‌وه بۆ ئه‌م ته‌لاره تازانه وبه‌م جۆره ..

که ده‌ستمان کرد به حسێب‌کردنی ئه‌و کاته‌ی که ئه‌م به‌رنامه‌یه ده‌یه‌وێ ده‌رکه‌وت سێ‌ی ساڵمان ده‌وێ بۆ ئه‌وه‌ی دانیشتوانی شاری صدام ڕزگاریان ببێ له‌و باره‌ی که تیایا بوون .

که وا بوو به چ ئه‌قڵێکه‌وه ڕه‌فتارمان کرد له باوه‌ڕی ئه‌وه‌وه که ده‌توانین بار وا لێ‌بکه‌ین وه‌ك ئه‌وه‌ی بوو به‌ڕاستی هیچ به‌ڵکه‌یه‌کی هونه‌رمان نیه ئه‌وه نه‌بێ که بکه‌ڕێینه‌وه بۆ ده‌روونمان‌و به گوێره‌و له‌به‌ر ڕۆشنایی ده‌روون بجووڵێینه‌وه نه‌ك له‌به‌ر ڕۆشنایی توانای ئه‌ڤڵ .. که پرسیمان له ده‌روونی به‌عسیمان پێمان وت ئایا ده‌بێ به‌وه ڕازی بین که گه‌ڵمان سێ‌ی ساڵ به‌م جۆره بژی .. له وه‌ڵاما وتی نا ئه‌مه نابێ‌و پێویسته به شێوه‌یه‌کی ئاساییی ئیش بکه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی گه‌له‌که‌تان ڕزگار بکه‌ن‌و بیخه‌نه ئه‌و پله‌یه‌وه که هیوای ئه‌وه‌تان هه‌یه بژی تیایا .. به‌م جۆره بڕیار درا ..

له‌م بواری کاریه‌ده‌ستی‌و ڕه‌وشت‌و بیروباوه‌ڕو ئه‌مینداریتی مێژوو پێویسته له‌سه‌رمان بوه‌ستین بۆ ئه‌وه‌ی مه‌بده‌ئێك بڵێین‌و ئه‌نجا بهێنینه‌وه یادی پیاوان ماوه‌یه‌کی زۆر له‌مه‌و به‌ر له کاتی منالی‌یه‌وه له که‌س‌و کارم ده‌بیست که ده‌یانوت ـ ئه‌و شمشێره‌ی کێلانی نه‌بێ هه‌ڵناگیرێ ـ و شمشێر بێ بازووئیش ناکا ..

له قوتابخانه گه‌وره‌که‌تان .. حزبتانه‌وه .. مه‌بده‌ئێکی تر فێر بووین که بریتی‌یه له‌وه‌ی ده‌روون ڕێ‌نومای ئاده‌میزاده‌و ئه‌و ئاده‌میزاده‌ی ده‌روونی شه‌وقی بۆ ناداته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی تاریکی نه‌هێڵێ له به‌رده‌میا ناتوانێ ڕێگای ڕاست بگرێته به‌ر .

برابانم لووتکه هه‌ر لو تووتکه‌یه بناغه‌ی نه‌بێ‌و دامێنی نه‌بێ لووتکه نیه .. سه‌رکرده‌یش بێ سه‌رکردایه‌تی سه‌رکرده نیه‌و ئه‌و سه‌رکرده‌یه‌یش سه‌رکردایه‌تی‌یه‌کی وا ڕانه‌هێنێ توانای ئه‌وه‌ی هه‌بێ له رادەیه‌کی به‌رزدا سه‌رکردایه‌تی بکا سه‌رکرده نیه‌و ئه‌و سه‌رکرده‌یه‌ی گه‌ڵێکی مه‌زن نه‌یهێنا بێته دنیاوه شوێنێکی مێژوویی نیه‌و ئه‌و سه‌رکردایه‌تی‌یه‌یش که ماندوو نه‌بێ بۆ ئه‌وه‌ی گه‌له‌که‌ی بکا به گه‌ڵێکی گه‌وره شوێنێکی وای نابێ شایانی بێ له مێژوودا .

هاوڕێ‌مان سمیر الشیخلی که لای راستمه‌وه دانیشتوه ئه‌وسا نه‌گه‌یشتبوه سه‌رکردایه‌تی ، رامان‌سپاردو پێمان وت ئه‌مه شاری صدام‌و تیایدا به‌راده‌یه‌کی قوڵ بیروباوه‌ری تیا تاقی ئه‌کرێته‌وه هه‌روه‌ك له مه‌یدانی جه‌نگ‌و له مه‌یدانه‌کانی خه‌باتی سه‌ختدا تاقی ئه‌کرێته‌وه ، ئه‌ویش له رادەی باوه‌ڕماندابوو پێ‌ی ئه‌وو ئه‌و پیاوانه‌ی به دڵسۆزی به‌شداریان کرد له پاکی‌وپژداناندا له به‌رده‌م مێژوودا ، ئه‌گه‌ر قبوڵما بکرایه شاری صدام له سه‌ر ئه‌و حاله بمایه‌ته‌وه من به ته‌واوی به چاوی خۆم دیم ئه‌مڕۆ نه‌مان ئه‌توانی شانازی بکه‌ین سه‌ره‌ڕای هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی کراون‌و شانازیان پێوه ئه‌که‌ین چونکه شاری صدام به‌ڵگه‌یه‌ك نه‌بێ وێنه‌یه‌کی تری پیشان ئه‌دا به‌ڵگه‌ی له‌قی باوه‌ڕ نه‌بوو ئه‌گه‌ر خوا نه‌کرده رازی ببوینایه شاری صدام هه‌روا بمایه‌ته‌وه که تیابوو ، جا که شاری صدام به‌راورد ئه‌که‌ین به‌وه‌ی تیابوو له گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئیستای جیاوازیه‌کی گه‌وره ئه‌بینین که به‌دی هاتووه‌و له پاشه ڕۆژدا پشت به خوا هه‌ر جوانتر ئه‌بێ سه‌ره ڕای شوێنه‌کانی تر به‌ڵکه ئه‌بێ له سه‌ر مه‌زنی ئه‌و بیرو باوه‌ڕه‌ی ئه‌و پیاوانه هه‌ڵیان گرتوه که باوه‌ڕیان به‌ئێوه‌و به‌مبژوو به ئه‌ته‌وه هیناو به ڕێکایه‌کی نوێ‌و ده‌ستکه‌وته‌ی وا که ده‌رسی مه‌رنی تیایه دیارترینیان ئه‌وه‌یه به‌باوه‌ڕکان ئه‌توانێ زۆر شت بکه‌ن له خزمه‌تی گه‌ڵدا کاتێ باوه‌ڕیان به‌گه‌ڵ‌و به بیرو باوه‌ڕ ئه‌بێت .

من خۆم به تایبه‌ت‌و به‌ناوی سه‌رکردایه‌تیه‌وه زۆر دڵخوش‌و به‌خته‌وه‌رم به‌رامبه‌ر ته‌قه‌ڵای گه‌وره‌و

بروانه ل ٢

هه‌ڵوێستی ئازاکانمان ده‌ستی توند له بنکه‌کانی دوژمن ئه‌وه‌شێنن

ڕۆڵه مه‌ده‌نی هێزی چه‌کداره‌کانمان به‌رده‌وامن له توانای ئازایه‌تی‌و وره‌ی به‌رزی هه‌رگیز پته‌وو نه‌له‌قاو له پارێزتنی‌سنووری ڕۆژهه‌ڵاتی وڵاتی مه‌زنمان عیراق لوتکه .

له ماوه‌ی هه‌فته‌ی ڕابووردوودا له‌پێی ئه‌و به‌یاننامانه‌ی که سه‌رکردایه‌تی گشتی هێز چه‌کداره‌کانه‌وه ده‌رچوون ئه‌وه ئازاکانمان زیانی زۆریان له دوژمن داوه .

له ڕاهه‌ڵاتی به‌سره ، دوژمنی داخ له‌دڵ چه‌ند جارێك هه‌وڵی داوه له بنکه‌و سه‌نگه‌ره‌کانی هێزه‌کانمان نزیك ببێته‌وه به‌ڵام چه‌نگاوه‌ره دڵێره‌کانمان مه‌ردانه لێیان هاتوونه‌ته‌وه ده‌ستو هه‌موو جار به سه‌ر شۆڕی ڕاویان ئاوون دوای ئه‌وه‌ی ژماره‌یه‌کی زۆریان لێ‌کوشتون‌و ئه‌وه‌ی ماون سه‌ر شۆڕانه رایان کردوه .

له به‌ره‌کانی تری جه‌نگ هه‌ر به‌و جۆره ، جه‌نگاوه‌ره‌کانمان مه‌ردانه به روی هه‌موو جموجۆڵێکی دوژمندا هاتوونه‌ته ده‌ستو توند لێیان داون .

هه‌ڵو ئازاکانی هێزی ئاسمانیمان ئه‌م هه‌فته‌یه‌ش، چه‌ندان هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتوویان بردۆته سه‌ر بنکه‌و مۆڵگاکانی دوژمن‌و بنکه‌یه‌کی به‌رگری ئاسمانی دوژمنیان له مه‌یدانی شه‌ڕی ڕۆژهه‌ڵاتی به‌سره هه‌ڵته‌کاندوه ، له شوێنه‌کانی تریش که هه‌ڵمه‌تیان بردووه ، ڕاسته‌وخۆ نیشانه‌کانیان پێکاوه‌و هه‌موو جار سوپاس بۆ یه‌زدان به سه‌لامه‌تی گه‌ڕاونه‌ته‌وه بنکه‌کانی خۆیان

شاره‌کانی کوردستان ئاهه‌نگی جه‌ژنی له‌دایك بوونی سه‌ره‌کی فه‌رمانده ئه‌گێڕن

له شاره‌کانی کوردستانیش : هه‌ولێر‌و سلێمانی‌و دهۆك‌و قه‌زاو ناحیه‌کانی سه‌ر به‌م سێ پارێزگایه شادی‌و به‌خته‌وه‌ری له جه‌ژنی له‌دایکبونی سه‌رکرده‌ی گه‌لی عیراق صدام حسین گێڕاوه‌که سه‌رجه‌می گه‌ل‌و ڕێکخراوه میللی‌و پیشه‌یی‌کان به‌شداریان تیادا کرد ، هه‌موو له‌م بۆنه‌یه‌دا ، وه‌فاو دڵسۆزی‌و خۆشه‌ویستی گه‌لی کوردیان بۆ ڕه‌وتی عیراقی سه‌رفرازو پاڵه‌وانی گه‌ل صدام‌حسین نوێ ئه‌کرده‌وه.

● هه‌ولێر :

لشاری هه‌ولیر به‌ڕێز پارێ به‌رده‌ی له روو وێنگی گه‌وره‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده لادا که له به‌رده‌م باره‌گای یه‌کێتی نه‌قابه‌کانی کرێکاندایه ، هه‌روه‌ها کارانی ئه‌مانه‌تی گشتی به‌ره‌و خوێندنی باڵا به‌م بۆنه‌ی ئاهه‌نگیان گێڕاو به‌رمحمد پیرۆز ئه‌ماری گشتی‌و ته‌به‌کی‌دا تیاسلاوی له جه‌ژنی له داونی سه‌ره‌کی فه‌مده صدام حسین کرد دیسان ئه‌مین‌سری سه‌رکردایه‌تی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سوشیالست لقی هه‌ولیر پیشانگای نامه‌ی قوتابیان‌و لاوانی کرده‌وه .

دهۆك :

به‌ڕێز محمد امین محمد احمد ئه‌مینداری گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ئۆتۆنۆمی ناوچه‌ی کوردستان باره‌کای نوێی کێتیابه‌کی له گوندی کوری کافانا کرده‌وه ، هه‌وره‌ها به‌ڕێزی پیشانگایه‌کی تشکیلی پێشه‌نگه‌کانی دهوکی کرده‌وه ، دیسان به‌ڕێز به‌رده‌ی له روی وێنه‌یه‌کی گه‌وره‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده سه‌دا له ڕێگای نێوان شاری دهوك‌و زاخۆ .

ده‌رباره‌ی ئاهه‌نگه‌کانی پارێزگای سلێمانی راپورتی لقی ده‌زگاکه‌مان له‌م ژماره‌یه‌دا بڵاو کراوه‌ته‌وه .

ڕژیمی ئێران ڕێگا بۆ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی سوپای ئێران خۆش ده‌کات

ئه‌و هه‌واڵانه له ناو ئێرانه‌وه گه‌یشتون وا ئه‌گه‌یه‌نن که ده‌ستکراوه به گرتن‌و راونانێکی فراوان له‌ناو سوپای ئێراندو ئه‌م کاره نه‌فسه‌ره گه‌وره‌کانی گرتۆته‌وه به مه‌به‌ستی ڕێگا خۆشکردنه بۆ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی سوپاو تێکه‌ڵکردنی به پاسدارانی خومه‌ینی‌و ئیستا ژماره‌یه‌ك له‌و پاسدارانه له‌به‌رتیانیاو سوریا مه‌شق ئه‌که‌ن بۆ وه‌رگرتنی هه‌ندێ پایه‌ی عه‌سکه‌ری .

به‌کورتی :

● **تونس :**

پێرێ بومه‌له‌رزه‌یه‌ك له ناوچه‌ی سه‌رووی تونسی داوه به‌ڵام تا ئیستا نه‌زانراوه زیانی ئه‌و بومه‌له‌رزه‌یه چی بووه .

● **سانتیاگو :**

به‌ره‌ی مانویل له تشیلی ڕای‌گه‌یاند که توانیویه‌تی چه‌ند ته‌قینه‌وه‌یه‌ك له شاری سانتیاگۆ بکات .

● **ئه‌نقه‌ره .**

له‌م شاره گفتوگۆی تورکیاو ئه‌له‌مانیای ڕۆژئاوا ده‌ستی‌پێ‌کرد به مه‌به‌ستی ڕێکه‌وتن له‌سه‌ر هاوکاری به‌کارهێنانی ئه‌تۆم بۆ مه‌به‌ستی ئاشتی .

Institut kurde de Paris

وتەکەی بەرێز سەرەکی فەرماندە لەکاتی چاوکەوتنیا بە سەرەك وئەندامانی نووسینگەی راپەراندنی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق

بەخێربێن بەسەرچاو ئافرەتە عیراقی‌یەکان .. ئافرەتە عیراقی‌یە سەربەرزەکان .. دەتوانین بۆ یەکەم جار پاش ماوەیەکی دوورو درێژ کە ئەم وشەیەمان لە دەم دەردەچێ مەبەستمان بێ بە هەموو مانایەکی قوولیەوە لە بارەی ئافرەتانی عیراق‌و ئەو دەورەیان کە هیوادارین نموونەیی بێ بۆ ئەوەی ئافرەتانی عەرەب لە هەموو شوێنێکدا لەسەری بڕۆن .

● دەوری ئافرەتانی عیراق ●

کاتێ کە باسی دەوری ئافرەتانی عیراق دەکەین هەر لەبەر ئەوەیە کە تۆماری مێژوویینی دەوری ئافرەتان بەردەوام بێ .. بەڵام لە بارەی واقیعەوە تۆماری ئافرەتانی عیراق‌و شوێنی مێژوییان لە بنیاتنان‌و بەرگری‌کردندا لە بنیاتنان ئاشکرا بووە نەك هەر لای عیراقی‌یەکان بەڵکو لای جیهانیش .. بەڵکو لەبەر ئەوەیە چونکە ئێمە هەر مەبەستمان ئیستا نیە بەتەنها بەڵکو هەمیشەو لەو کاتەدا کە لە ئیستادا دەوەستین چاوو مێشك‌و دەروونمان بەرەو پاشەڕۆژ دەکشێ‌و لە پێناوی ئەمانەتی مێژووییداو بۆ ئەمە سوود لە دەرسەکانی ڕابوردوو وەردەگرین لە مێژووو لەوەی کە بێگانە کردی بۆ شێواندنی مێژووی عیراق‌و مێژووی نەتەوەی عەرەب .. ئێمە بەشێوەیەکی تەواوی بێدارین لەوەی کە ڕووداوەکان وەك خۆیان تۆمار بکەین بۆ ئەوەی پاش هەزار ساڵ یا پێنجصەد ساڵ نەشێوێنرێ .

دەیانبینن منیش وەکو لەگەڵیانا بژیم‌و بیانناسم چۆن لە ماڵتانا هەڵس‌وکەوت بکەن‌و ئەو شتانە چین کە قسەی لێوە دەکەن‌و هیوای چیبان هەیەو لە هەمان کاتیشدا ماوەنا ماوەیەك دەیانبینین .. بۆ گوێ دەدەینە منالانی عیراق .. چونکە گوێ دەدەینە دوا ڕۆژ چونکە گوێ دەدەینە عیراق پاش پێنج سەد ساڵ‌و باری چۆن دەبێ‌و لە ئیستەوە هەوڵی ئەوە دەدەین کە باری باشتر بێ لە ئیستە .

ئەگەر ئیستا سەیری منالانی عیراق بکەین لە چالاکی‌یەکانیانەوە بزانین لە چی دەدوێن من تا ئیستا منالێکم نەدیوە لە بەردەمما راوەستا بێ بۆ ئەوە بە دەربڕینە ساکارەکەی بڵێ ئێمە سەرکردایەتیمان خۆش دەوێ‌و ڕێزی لێ دەگرین چونکە بووکە شووشەی بۆ پەیدا کردووین‌و منالێکم نەدی بڵێ کۆمەڵگایەکدان لەگەڵ هەموو قوولی مێژوودا دەست دەکا بە سەرکەوتن‌و لەگەڵ هەموو ئەو مانا نەمرانەو ئەو بەهایانە کە شەخسیەتیانی لەسەر دروست کراوە .. سەربەرزی‌و سەربڵندی‌و شەڕکردن لەگەڵ دوژمنداو هێڵانەوەی ئاڵای عیراق بە بەرزی .. کەوا بوو لە منالەکەی ئەو لا پێش دەکەون .. کاتێ ئەم بنیاتە دوای بیست ساڵ بەرز دەبێتەوە لەو ئینسانەدا کە بناغە دەبێ ئەوانەی کە لە نێوان تەمەنی بیست‌و سی‌وپێنج ساڵدان بناغەی بنیات دەبن کاتێ کە دەگاتە ئەم پلەیە .. ئیتر بیر بکەنەوە عیراق چۆن دەبێ .

● ڕازە سەرەکی‌یەکەی توانای عیراقی‌یەکان ●

ئێمە لە ئیستەوە وێنەی عیراق دەبینین .. ئێمە ڕێزی سەرکردایەتی بۆیە دەگرین چونکە کەل‌وپەلی تارەی بۆ ئامادەکردین هەرچەندە من ئەم حالەتەی کە باسی دەکەم‌و هەموو ئەمە لە یەك جیا ناکەمەوە بەڵام ئەوەی کە مەبەستمە ئەوەیە ئەو دەرسە سەرەکی‌یە دەرخەم کە لە بنیاتنانی تازەی عیراقدا هەیەو بەڵکو بۆ ئەوەی بەگشتی ئەوەی لە پشت ئینسانی عیراقی‌و ئەتەوەی عەرەبەوە هەیە ڕاپەڕێنین تاکو بزانین لەسەرچ ئیمتیازاتێ وەستاوە زیاتر لە هی تر ، منال باسی سەربەرزی دەکا .. باسی سەربەرزی دەکاو باسی ئەوە دەکا کە چەند شانازی بەوەوە دەکا کە باوکی لە قادسیەدا شەهید کراوەو زۆر شانازی بەوەوە دەکا کە چەند برای هەبە لە پێناوی عیراقدا شەڕ لەگەڵ دوژمندا دەکەن‌و بە جۆرێ قسە لە بارەی دوژمنی زایۆنی‌یەوە دەنا وەك بڵێی هەڵس‌وکەوتی لەگەڵ کردبێ .. سەیری تەماعەکانی دەکاو ئەنجا خۆی پێدەگەیەنێ بۆ ئەوەی ڕوو بە ڕووی ئەم تەماعکاری‌یانە راوەستێ‌و بەرهەڵستی‌یان بکا ئا ئەمەیە پاشە ڕۆژلەم پەیدابوونەوە .

ئەگەر چاو بە چالاکی‌یەکانی منالانی عیراقدا بخشێنین‌و واز لە گەورەکان بێنین ژن بن یا پیاو . ئەگەر سەیری منالانی عیراق بکەین .. ئەگەر وێنەیان بگیرێ‌و بخرێتە بەردەم هەر زانایەك دەروون ناس لە جیهاندا ناتوانێ باوەڕ بکا کە ئەمە منالانە منالانی گەلێکن کە چوار ساڵ بێ لە شەڕد بێ‌و ئەو منالانە باوکو برایان لە بەردەابێ یا باوکیان یا براو خزمانیان شەهید بووبن .

● ئەمەیە عیراقی تازە ●

ئەمەیە پاشەڕۆژی عیراق .. پاشەڕۆژێکی گەش‌و تواناو پتەوی وا هەموو مانایەکی شانازی پێوەبێ‌و سەیری لووتکەی بەرزتر بکا .. ئەمەیە عیراقی تازە .. لە منالأندا ئینسان دەبینرێ .. ماوە لە نێوانی ئێمەی ئەم ئەوەیە ئەم منالە چەندە .. ماوەکە هەندێکی سی‌ی ساڵەو هەندێکی بیست ساڵەو هەندێکی سی‌و پێنج ساڵە .

بەڵام ئەوانەیان کە ئیستا تەمەنیان شەش ساڵە کەی بەخشندەیی بە توانایان دەست پێدەکا پاش بیست ساڵ لە بنیاتنانی دەروونی‌و فیکری‌و زانیارانەو لە دروستکردنی شەخسیەتی پتەو یاو .. ئەگەر بە ترازووی بەراورد کرد بیکێشین لەگەڵ منالأنی پێشکەوتووترین ولاتدا لە بارەی بەرەو پێش‌چوون‌و مەزنی‌یدا لەم چەرخەدا .. ئایا دەتوانین نیشانەیەکی بەرزتر بدەین بە هەر منالێ لەو نموونانەی کە باسیانمان کرد بە جۆرێکی وا منالە عیراقی‌یە کە دیاردە بکەین .. منال وەڵام دەدەمەوە ناخرێتە سەر بۆ قازانجی ئەو منالە عیراقی‌یە کە دوا ڕۆژەو ئینسانی دوا ڕۆژە ئەوە کە ئەم دەولەتە گەورانە گەیشتوونەتە لووتکەو کە منالەکەمان بەراورد دەکەین لەگەڵ منالەکانیانا .. دەولەتە گەورەکان‌و دەولەتە پێشکەوتووەکان گەیشتوونەتە لووتکەو ئەوەی بگاتە لووتکە دەبێ دەست بکا بە دامێنی بەرامبەرو خل‌بێتەوە بەرەو دامێنی بەرامبەر .

بەڵام منالەکانمان دەست دەکەن بە دامێنی پێشەوە بە سەرکەوتنێکی بەتوانا .. کەوا بوو کاتێ کە لە یەك پلەدا دەبن لەگەڵ منالأنی دەولەتە پێشکەوتووەکانا لە ڕادەی زانست‌و ڕۆشنبیری‌داو لە بارەی تێکەیشتن‌و ڕەفتارکردن‌و بیرکردنەوەداو خەسلەتیشی دەبێ بەسەریانا لەوەدا کە ئەوان لە ئەوە دەبینین کە دوای بیست ساڵ چۆن دەبێ‌و .. پاش سەد ساڵ چۆن دەبێ‌و ئەمە بنچینەیەو ئەمە سیحری بنچینەیی‌یەو ڕازی بنەڕەتی‌یە بۆ توانای عیراقی‌یەکان لەسەر خۆگرتن بۆ بەرگری‌کردن لەو بنیاتە چونکە وێنەی ئەو بنیاتەی ئیستە تەنیا هەر بنکەی لێوە دەرپەڕینەو بنکەیەکی هێمنی بنیاتنانی بالاترو تواناترو بەختیارترو .. باشتریشە هەتاکو لە بناغەبشەوە .

ئافرەتانی عیراق بەشی گرنگی ئەم ڕەوتە پێکدێنن .. ئەمە موجامەلە نیە ئێوە دەزانن کەوا من سوورم لەسەر ئەوەی لە کاتی شیاودا کەلێن‌و کەلەبەرەکان دەسنیشان بکەم بەڵام مەسەلەیەکی ویژدانیشە کە لا باشەکانیش دەسنیشان بکەین لە کاتی شیاویاندا .

ئافرەتانی عیراق بە سەبرو هۆشیارن‌و .. بیرو باوەڕیان پتەو پارێزراوە ، بیروباوەڕی پارێزراوە لە هەندێ قۆناغی تایبەتیدا بە شێوەیەکی باشتر لە پتەوی‌و پاراستنی بیروباوەڕی هەندێ پیاوی تر لە عیراقداو ئەوە دەبینم کە لە عیراقدا ڕوو دەدا .. کە قۆناغی وا تێپەڕی هەندێ پیاویان تیا تووشی لەرزە بوون لە شەڕدا کەچی ئافرەتانی عیراق‌و منالأنی عیراق تووشی لەرزە نەبوون .. من هەڵوێستی ئافرەتانی عیراقم ئاگا لێیە بەرامبەر بە منال .. چونکە کاتێ کە پیاو لە بەرەدا دەبێ ئەوەی بنیاتی منالی عیراقی دەنێ ئافرەتی عیراقی‌یە .. منالی عیراقی نە لەرزاو هیچ کزی‌یەکم لە شەوقی چاویا نەبینی لە ناخۆشترین قۆناغێکی شەڕدا کە عیراقی پیا تێپەڕی‌و .. بەتایبەتی مەبەستم دوای شەڕەکانی شوش‌و دیزفول‌و ڕۆژەڵاتی کارون‌و .. ڕۆژاوای کارون‌و محمرەیە .. زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکی شەڕ کە زۆربەیان سەرکەوتوو نەبوون‌و لە چساوی هەندێ پیاودا جۆرە لەرزەیەکم دەبینی بەڵام لە چاوی منالی عیراقیدا هیچ لەرزەیەکم نەبینی لەو جۆرەی کە منالی عیراقی‌و ئافرەتی عیراقی بە شێوەیەکی بنەڕەتی بنیات دەنێ لە ماڵ‌و لە قوتابخانەدا ئەمانە ڕاستی مێژوو یین وەك ئەوەی کە هەیەو فێڵ‌و فڕو گۆڕانی تیا نیە .. ئیستایش سوپاس بۆ خوا بار لە سەرکەوتنێکی وا دایە بەلای منەوە وێنەی نیەو لەو کاتەدا کە باسی هەندێ کەلێن‌و کە لەبەر دەکەین لای هەندێ پیاو لە هەندێ قۆناغی زەحمەتدا مەبەستمان ئەوەیە کە لە باری مێژووییەوە بارەکە هاوسەنگ بکەین دەڵێین چونکە پیاوان لەگەڵ باری زەحمەتدا هەڵس‌وکەوتیان دەکرد بە شێوەیەکی ڕەقتر لە هەڵس‌وکەوتی ئافرەت لەگەڵ ئەم بارەدا هەرچەندە ئافرەت بە شێوەیەکی تر لەگەڵیا مامەڵە دەکا چونکە ئەوەی کە شەڕەکە دەکاو .. ئەوەی ڕوو بە ڕووی بارە گرانەکە دەبێت بە سنگی .. براو .. مێردو .. باوکو برایانی ئافرەتی عیراقین ..

● ئافرەتانی عیراق چاکەیان هەیە بەسەر سەرکردایەتی‌یەوە ●

ئافرەتانی عیراق چاکەیان هەیە بەسەر سەرکردایەتی‌یەوەو سەرکردایەتی‌یش دەوری هەیە .. قەدەرو ئەرکی ئەوەیە کە دیارو ئاشکرا بێ ئەگینا نەدبەو سەرکردایەتی بێ .

بەڵام بەو شێوەیەی کە ئەمە ستایش بکرێ‌و ئەم جۆرە چاودێری بکرێ لە لایەن گەلی عیراقەوە گشتی‌و .. لە لایەن منالأنی عیراقەوە بە شێوەیەکی تایبەتی ترو ئافرەتیش کە پەروەردەکەری منالی عیراقی‌یە ، ئەمە بارێکە ناڵێم لەگەلاندا ڕووی نەداوە بەڵام دەڵێم لەو بارانەیە کە سوپاس بۆ خوا . من لەو پەڕی شادمانیدام چونکە عیراقی‌یەکان بەم ڕادەیەی دلسۆزی جووڵانەوە بۆ شۆڕش‌و بەهاو بیروباوەڕەکانیان ... بۆ مێژوویش ئەمە بوو گرەوم لەسەر ئەم بارەوپێش ئەوەی ڕوو بدا دەمبینی لە کاتێکدا خەڵکی تر پیچەوانەی ئەمەیان دەبیست‌و من جارێ ئەمەم بۆ عیراقی‌یەکان باس کرد .. لە سەرکردایەتی‌و لە ماڵیشدا بە پێچەوانەی ئەمەوە دەمبیست مەبەستم مامەم لام بوو بە ساڵدا چوو بوو مرد خوای لێ‌خۆش بێ تاقیکردنەوەیەکی قوولی هەبوو بەڵام عیراقی‌یەکانی بە پێی ئەو ڕووداوانەی مێژوو هەڵدەسەنگاند کە لە سایەی تێکشاندا ڕوویان دابوو و هەڵسەنگاندنێکی سەلبی‌یشم لە برادەرێکمەوە دەبیست کە برادەرێکی جیددی بوو یانی لە سێ لاوە هەڵسەنگاندنی وام دەبیست کە بە تەواوی لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانما جیاواز بوون .

لە سەرکردایەتیدا کە من بەشێکم لێی‌و لە خێزاندا کە گەورەترین تەمەنیان‌و برادەرێ لە برادەرە نزیکەکان .

بەڵام دەروونم پڕ بوو لە ئارامی‌و دڵم دڵنیا بوو بەوەی کە عیراقی‌یەکان بە تەواوی غەیری ئەو وێنەیەن کە نیاز خراپان لە مێژوودا باسیان کردوون و غەیری ئەو بارەن کە لە بارودۆخی ڕووخاندا لە مێژوودا تۆمار کراوە منیش وەك بڵێی لەگەڵ ئەم بارەدا مامەڵە دەکەم کە ئیستە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم‌و دەیبینم ئەمە پێش دە ساڵ زیاتر

ئەو بنیاتەی بۆ ئینسانی عیراقی کراوە بریتی‌یە لە بارمتەی ڕاستەقینەی عیراق

کاتێ کە باسی دەوری ئافرەتانی عیراق دەکەین هەر بۆ ئەوەیە تۆماری ڕووداوەکان پایەدار بێ چونکە شوێنی ڕاستی ئافرەتان دیارەو ئاشکرابە لای دوورو نزیك‌و لە هەموو کاتێکدا هەر چەندە ستایشی سەرکردایەتی بکەن سەرکردایەتی هەر بڕێتی‌یە لە زێڕینگرو زێرەکە کە گەلی عیراقە ..

زێڕ هەیەو ماوەیەکی درێژە هەیە پێش ئەوەی سەرکردایەتی لە دایك ببێ‌و بێگومان پێش هەزاران ساڵ بەڵام ئەم زێڕە هەمیشە ئەو زیرنگەی پێویست بوە کە زەڕەنگەری‌یەکەی بکا بۆ ئەوەی وای لێ بێ سوودی ببێ بۆ ژیان‌و پێوەندی لەگەڵ هەموو چەرخێکدا ببێ‌و پێوەی لکا بێ لەگەڵ ڕەچاوکردنی پڕۆسێی گۆڕین بە شێوەیەکی داهێنەرانە نەك لاسایی کەرەوانە .

دەوری سەرکردایەتی لە عیراقدا لە لایەن بیرو باوەڕەوە وەك دەوری زەڕەنگەری داهێنەر وایە کە زێڕیکی هەڵگیراو چاك بکا کە ماوەیەکی دوورو درێژە هەیەو ئەم زێڕی بکا زەڕەنگەری‌یەکی تازەی وا کە سەری هەمووی عیراقی‌یەکان بڕازێنێتەوەو سەرو ملی عیراق بڕازێنێتەوە .

سوپاس بۆ خوا کە بە هێزەوە لە دامێنەوە بەرەو لووتکە سەر دەکەوین‌و .. لە هەمان کاتدا دوژمنان لە دامێنی بەرامبەرەوە خل دەبنەوە هەتاکو قەوارەی زایۆنیشتان هەر شکان‌و سەرشۆڕیان بۆ ئەنووسرێ چونکە بە ناهەق ئەیانەوێ زیانتان لێ‌بدەن‌و باوەڕمان بەگەل وەك باوەر بوونمانە بە خوای مەزن ، و ئێمە هەمیشە باوەڕمان وایە کە ڕەحمەتی سەرەتای هەیەو کۆتایی نیەو توانای گەل سەرەتای هەیە بێ کۆتایی‌و باوەری تەواومان بەوە هەیە کە کاری گەل‌و بەخششی خێرو سەرچاوەی ئیلهامی هەمیشە دەست پێ‌دەکات بێ ئەوەی کۆتایی بێت .

سلاوی خوا لە پیاوان‌و خێرانەکان سلاومان بۆ جەنگاوەرانی شاری صدام کە بەپشوویەنەوەو سلاوی خواتان لێ‌بێت .

سەرکردە ڕۆژەی ـ پاشماوە

دلسۆزانەی هاوڕێ سمیر محمد عبدالوهاب الشیخلی‌و هەموو ئەو هاوڕێیانەی یارمەتیان دا لە ڕاپەڕاندنی ئەو پرۆژانەی بریاردران بۆ چاککردنی باری شاری صدام بەو ڕادەیەی کە ئێمە هەموومان شانازی پێوە بکەین .

سلاوتان لێ بێ برایان لە پێشەوە سلاو لە خێرانی شەهیدان کە لە هەمووان شکۆدارترن‌و ئەوان چاکەی یەکەمیان هەیە لە بنکەی ئەم باڵەخانە بەرزەی هەیەو ئەستێرەی گەشیان هەیە لە لوتکە کە عیراقی نوێیە .

سلاوی خواتان لێ‌بێ هەمیشە ئەتانبینم بە سەربەرزی‌و بەختەوەری هەموو ساڵ‌و ئێوە شادمان پشت بەخوا دوژمنانیشتان هەر شکان‌و سەرشۆڕیان بۆ ئەنووسرێ چونکە بە ناهەق ئەیانەوێ زیانتان لێ‌بدەن‌و باوەڕمان بەگەل وەك باوەر بوونمانە بە خوای مەزن ، و ئێمە هەمیشە باوەڕمان وایە کە ڕەحمەتی سەرەتای هەیەو کۆتایی نیەو توانای گەل سەرەتای هەیە بێ کۆتایی‌و باوەری تەواومان بەوە هەیە کە کاری گەل‌و بەخششی خێرو سەرچاوەی ئیلهامی هەمیشە دەست پێ‌ئەکات بێ ئەوەی کۆتایی بێت .

سلاوی خوا لە پیاوان‌و خێرانەکان سلاومان بۆ جەنگاوەرانی شاری صدام کە بەپشوویەنەوەو سلاوی خواتان لێ‌بێت .

ئەم حالەتەیش وا بوو لە ڕۆژی ٣٠ تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ەوەو لە کاتی تێکۆشانیشدا وەك ئاگادارن ئەوەمان نەبوو کە شتێك هەیە لە دەمانچە گەورەتر بێ بۆ تێکۆشەران بەشبان بکا بۆ بەرگری‌کردن لە خۆو لە دروستکردنی دوا ڕۆژدا شان بە شان‌و پشتگیر بێ بۆ ئەو قەڵەمەی کە بنەڕەتی بیروباوەڕەو هیچ کەلێنێکمان نەبوو بە مەبەستی لێکۆڵینەوە بە ڕێژەی لە سەدایەك لەسەر ئەوەی کە عیراقی‌یەکان جیاوازن لەم وێنەیە .. دلسۆزن‌و .. شمشێرە وانن‌و .. خاوەن قەلەمن‌و .. خاوەن شارستانین .. بەڵکو ئەو بناغەیەی کە وای لێ کردین کە هەمیشە عیراق بەم شێوەیە ببینین لە کاتی تاریکیدا پشکنینی ناو قوولی‌ی شارستانی بوو .. ئەو عیراقەی کە بابلی دروست‌کرد .. و ئەوەی کە خاوەنی مێژووی ناسراوی سۆمەری‌یەکانە .. و ئەوەی کە ئخیضری دروست‌کردو ئەوەی نەبنەرای بنیات نا .. کەوا بوو ڕێی تێ‌ناچێ ئەم بنیاتە ساختە بێ .. چونکە هەیەو هێشتا هەر وەستاوەو .. ئەم بنیاتەیش بنیاتێکی ماددی نیە چونکە بەرێکی ماددی بنیاتێکی شارستانی تەواوەو خاوەنی شەریعەتی حمورابی‌یە .

● گەلی عیراق .. گەلی عیراقە ●

کاتێ کە گەلی عیراق ئەمە بێ مێژووی بەم قوولی‌یە کە وا بێ ئەو وێنانەی ئەو کەسانە قسەی لێوە دەکەن کە لە سەرکردایەتیدا بوون یا خزمانمان یا برادەرانمان یا ئەوانەی کە لەگەڵن‌و خۆشیان دەوێین‌و جیاوازی یان هەیە .. وێنەیەکی پچڕاوڕن‌و لە ڕێبازی مێژووەوە وەرگیراون لە قۆناغی نزمیداو گومانی تیا نیە گەلی عیراق خەتای نیە تیا یانا .

خەتاکە هی نەبوونی زەڕەنگەرە .. کە وا بوو کاتێ کە هەندێ هۆی دیاری کراو پەیدا دەبێ کە هەموو عیراقی‌یەکان دەیزانن ئەم هۆیانە چین ... گەلی عیراق گەلی عیراقەو ئەو لەو وێنەیە دایە کە هەموو کاربەدەستێك‌و سەرکردەیە لە جیهاندا لام وایە خۆزگەی پێ دەخوازێ کە گەلێکی وەك گەلی عیراقی هەبێ .. ئەمە بە خۆ بە زل زانینەوە نالێین بەڵکو ئەمەیە وەسفی گەلی عیراق .. ئەمە خۆ بە زل‌زانین نیە بەسەر مرۆڤایەتیدا بەڵکو ئەمە وەسفی گەلی عیراقە لەگەڵ ئامادە بوونی ئەم گەلەدا بۆ ئەوەی خزمەتی مرۆڤایەتی‌و خزمەتی نەتەوە بکا بە پێی کێشانەو پێوانەی شەرەف کە بەسترا بێ بە هەستی نیشتمانپەروەری‌و خزمەتی نیشتمانی‌یەوە .

● لەکەی ڕابوردوو بە خوێن نەبێ ناسڕێتەوە ●

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە گەلی عیراقی بەم شێوە جوانە پیشان داین هەرچەندە شەڕ ئەم وێنەیەی لێل کرد ... بەڵام بەداخەوە کە مێژوو دەخوێنیتەوە .. مێژووی نەتەوەو مێژووی نەتەوەکان وا دیارە دەبێ تەلاری بەرز خوێن ناوچاوانی بڕازێنێتەوەو وا دیارە لەکەی ڕابوردوو بە خوێن نەبێ ناسڕێتەوە بۆ ئەوەی نەتەوەکان سەرکەون بەرەو لووتکەو گەلان لە ڕێبازیانا بەردەوام بن بەرەو ئەو ئامانجە بەرزانەیان کە هیوایان پێیانەو بەم بۆنەیەوە هەرچەند هەمیشە لە دەروونمانان پێویستە بێنینەوە یاد کە شەهیدان لە هەموومان بەخشندەترن‌و .. ئەوان خاوەنی چاکەن لە سەرەتای بناغەو لە بەرزترین شوێنی لووتکەدا .

مەرحەبا لە ئافرەتە عیراقی‌یە سەربەرزەکان‌و نوێنەرانی ئافرەتە عیراقی سەربەرزەکان بەخێربێن بەسەرچاو .

Institut Kurde de Paris

وردبوونەوەیەك لەشوینە دێرینەکانی شاری هەولێر

مەغدید حاجی

هەولێر بە کۆنترین شارێك دادەنرێت کە لە سەرەتای بنیادنانیەوە تاکو ئێستا ژیانی تیادا بەردەوام بووەو بە ئاوەدانی ماوەتەوە ٠

شارەکەیش هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە سەر قەلاکە بووەو ئەم قەلایە هەمیشە ئاوەدانەش بە ناوە کۆنەکانی [ئەربیلا ، ئەربائیللۆ و ئەربل ٠٠] ناسراوە ٠

لە سەردەمی ئیسلامیشدا بە تایبەتی لە ماوەی میرنشینێتی یا دەوڵەتی ئەتابەکیەکان (١١٢٨ ـ ١٢٣٣ ز)و کاتی فەرمانڕەوایەتی میری گەورەی شارەکە فرەفەرەددین کوکبری (٥٨٦ ك ـ ٦٣٠ ك) و لە سەدەکانی دووەتر کە شار فراوان بووەو بووژاوەتەوەو خەڵکی لە شوێنو ناوچەی‌تر رووبان تێکردووەو لێی‌دانیشتوون لە دەوروپشتی قەلاکەدا خانوویان دروستکردووەو نیشتەجێ بوونو لە ئەنجامدا هەولێر فراوانتر بۆتەوە ٠

قەلاکە هەر بە ئاوەدانی ماوەتەوەو بە درێژایی مێژووی شارەکە لە کاتی پەلاماردان‌و هێرشە فراوانەکانی دوژمناندا رۆڵەکانی خۆیان دلێرانە لە ناویا قایم‌کردووەو بە توندی بەرەنگاری پەلامارەرەکان بوونەتەوەو بە ئاسانی خۆیان‌و قەلاکەیان نەداوەتەدەست ٠

هەولێر لە سەدەمی ئاشووریەکاندا لە شارە سەرەکی‌یەکان بووەو لە فراوانی‌و گرنگیدا شانی لە شانی شارەکانی ئاشوورو نەینەواو کالح (نەمرووود) داوەو هەر لە سەردەمی ئاشووری کۆنەوە (دەوروبەری ٢٠٠٠ تاکو ١٤٠٠ پ ـ ز) تاکو سەدەکانی دووەتری ئەم چەرخە گرنگی‌و بایەخی خۆی پاراستووە ٠

سەرەڕای فراوانی‌و پێشکەوتنی شارستانێتی هەولێر لە سەردەمی ئاشووریەکاندا بنکەیەکی سەربازی گرنگیش بووەو ئاشووریەکان لێیەوە هێرشیان بردۆتە سەر ناوچە شاخاوی‌یەکانی رۆژهەڵات ئاشکراشە کە ئەم شارە مەلبەندێکی ئاینی گرنگی ئاشووریەکان بووە بۆ پەرستنی خواوەندی بە ناوبانگ (عەشتار) کە بە عەشتار ئەربیلا ناونرابوو تا لە عەشتار نەینەوادا جیابکرێتەوە، لە نووسینەکانی مسماریشدا پەرستگای عەشتار ئەربیلا بە ناوی (ئای ـ گشان ـ کلام ـ E - GASHAN - KALAM - AM ناودەبرێت‌و ماناکەشی بە زمانی سۆمەری ماڵی گەورەی هەرێمەکە دەگەیەنێت ٠

ماموستای شوێنەوارناسی عیراقی تەها باقر دەربارەی مێژوو و دامەزراندنی قەڵای هەولێر لە بەشی عەرەبیی بەرگی سێیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد ساڵی ٩٧٥ نووسیویەتی دەڵێ : [گەڕەکە کۆنەکانی شاری هەولێر لە سەر گردێکی مێژویی فراوان بنیادنراون کە پێی دەگوترێ قەلای هەولێر ٠ ئەم قەلایە کۆنەش لە ئەنجامی کەوتنە سەریەك‌و کۆبوونەوەی چەند چینێکی شوێنەواری کۆن پێکهاتووەو ئەم چینە کەلەکەبووانەش لە سەر یەکتریدا شوێنی نیشتەجێی‌کۆن دەنوێنن‌و تاکو ئێستاکەیش نەتوانراوە سەردەمی یەکەمین ئادەمیزاد لە سەر ئەم قەلا دەستکردەدا دەست‌نیشان‌بکرێت ٠ چونکە پشکنینی زانستی لەسەر نەکراوە بە هۆی بەردەوام‌بوونی ئاوەدانی تیایدا ٠

بەلام کۆنترین سەرچاوەیەك کە دەربارەی مێژووی ئەم قەلایەمان پێ‌گەیشتبێت سجلی پاشاکانی سێیەمینی بنەماڵەی ئوری سۆمەری‌یەکانە (٢١١٢ ـ ٢٠٠٢ پ ٠ ز) کە بە ئوربیلوم (Urbilum) ناوی شارەکە دەباو وئەلێ ئەم شارەو ژەوی‌وزارە بە پیتەکەی دەوروپشتی بەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتی بنەماڵەی ئوری ناوبراو ٠

هەروا ناوی شارەکە لە بڕگە مسماریەکاندا بەم شێوانەیش هاتووە :
(Ar - bi - lum ki, Ur - bi - i - lum ki, Ur - bi - lum ki)

لە سەردەمی ئاشووریەکانیشدا ئەم شارە بە ناوی ئەربائیللو (Arba - ilu) ناونراوە ، دەیشبێ نووسەرە ئاشووریەکان ناوە سۆوەریەکۆنەکەی ئوربیلوم (Urbilum) یان بە شێوەیەکی جەماوەری (Popular) لێکدابێتەوە کە (چوار خوا) دەگەیەنێت‌و ناوە کۆنەکەیان کردبێتە (ئەربا ئیلو) ٠

دەربارەی ناوە مێژوییەکانی ئەم شارە پێویستە ئەمەش بزانین کە لە سەردەمی فارسە ئەخمینی‌یەکاندا (٥٣٩ ـ ٣٣١ پ ـ ز) ناوی شارەکە بۆ شێوەی (ئەربیرا ـ Arbira) گۆڕراوە ،ئەمەیش لەم دەقە فارسی‌یە کۆنانە دەرکەوتووە کە بە رێنووسی مسماری نووسراونەتەوە ٠

لە سەردەمی داگیرکردنی عیراقیشدا لە لایەن ئەسکەندەری گەورەوە (٣٣١ پ ـ ز) ناوی هاولێر بە شێوەی ئەربیلا ، ئەربلا (Arbela) تۆمارکراوە ، ئەم شێوەیەش لە سەرچاوە کلاسیکی‌یەکانی یۆنانی‌و رۆمانیدا پارێزراوە ٠

بروانە ل : ٦

ئەسمەر

یاسین عبدالقادر شینو

ئەگەر ئەم بێین وبێهن ڤەدانەکێ ل جەم سترانا کوردی یاکەفن بدەین‌و بێهنەکێ گەنگەشێ لسەر بکەین ، دێ بومە خویابیت کو هەر لدەمێ گوهدێریا ڤان سترانا دێ لسەر رەوشت‌و کارو کرْیارێت ژیانا کوردەواریێ یاکەفن هەلبین‌و هندەك ژڤان کارو کریارا کوچەراتی‌و خودان کرنا مەرومالاتی وجوتیاری و ئەو ئامیرەتێت دفێ ژیانێدا دهاتنە بکار ئینان هەروەسا دێ بومە دیمەنێت قەشەنگ یێت گرو لات‌و چەل‌و چیایێت کوردستانا رەنگین دیاربن ٠

ئەڤ سترانە بچویکاتی من گولێ بو ژ زار دەڤێ ژنکەکێ ل گوندی دەمێ ئەم دچوینە مازیاو کەنگروکا ودیوکانێ وکڤارکا لناف دەحل‌و نهالێت چیایێ گارەیی لێ وی وەختی من چ پویتە پێ نەدکر بتنێ پەیڤ‌و ئاوازێت وێ سترانێ زور دخوش بون ، ڤان روژێت بوری ئەو بیرهاتن هاتنە بیرا من وکەلە کەلا وان روژا خو ل دلێ من دا وئەز نەچار بوم من دەرگەهێ مالا وێ ژنکێ قوتا دا بومن دەقا وێ سترانێ بێژیتەڤە هەر چەندە ژیێ وێ یێ بناف سال ڤەچوی لێ وێ داخازا من بجە ئینا بسوپاسی‌ڤە :ـ

ئەسمەر

ئەسمەر کەتی لمن کەتی
تەکراس کتانێ سەر مەمکێ شەمامێ یێ شەربەتی
خوزی ئەز بباما شڤانا
شڤانێ کافرو دبەرخانا
ئەزێ قوساند باما ب مقەسێ
بڕی باما ب کەلەخێ «١»
ئەزێ شویشت باما بشوینکانا
ئەزێ شەکر باما ب شەیێ دهریانا
ئەزێ رست باما ب تبلانا
ئەزێ بادابام ب تەشیکانا
ئەگەر ئەسمەرا من هاتبا چیلکانا‌و دارانا
ئەزێ ببامە لەپکێ پارزینکی لسەر ملانا
ئەزێ کەفت‌بامە بەر مەمکێ ئەسمەرا دمالانا

هەی لێ لێ ئەسمەر
خوزی ئەز ببامە کولیلکەك لدەڤ گوملی
ئەز کەسك ببامە
سور بباما
زەر ببامە
روژێ حەفت جارا ئەسمەرا من ئەز پر چاندباما
ئەز دبەر بسکا خورا گرباما

ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی

بانێکەو دوو لەوا !!

راستی لەبەردەم هەمووانا :

بێگومان ، کردنەوەی دەزگایەك ، بەناوی «بەریۆەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر»ەوە لەشارەکانی کوردستان ، ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی‌و نهێنی نادرکێنێن ئەگەر وتمان : ئەرکی ئەم جۆرە بەرێوەبەرایەتیە بەشێوەی سەرەکی دوو شتی گرنگە :

یەکەم :

بڕەودان بە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری جەماوەری‌و ئەم بەریۆەبەرایەتیانە مەلبەندێکی ئەوتۆبن کە بەهرەو توانای ڕۆشنبیری جەماوەری لێوە پەرەی پێ‌بدرێت ٠

دووەم :

کە ئەمەیان زۆر گرنگەو ئەرکی پیرۆزو سەرەکی ئەو بەریۆەبەریتی‌یانەیە ـ ئەرکی [تعبئەی جەماوەرە]و هوشیار کردنەوەی تا لەرادەی ئەرکی سەرشانی خۆیدا بێت ، بەتایبەتی ئالەم قۆناخەدا کە نیشتمانەکەمانی پیا



قاسم سلیمان بروارى

– (سوبەهی هێلا مازیانە ـــ ئەڤ ساڵە دار مازی دناڤانە ژمازیێت شین ، بەلێ ئەزێ تبنێمە ٠ مالێت خەلکی دبۆشن ٠ هەڤالێت من کوڕو کچێت مەزن ،ێت هەین ٠ دێ دگەل هێن مازیا هەرو ٠ودێ گەلەکا چنن ٠ ودێ تژی پارا وەرگرن ٠

ئەز چ بکەم بەختێ من زوی نەهات ، چەند ساڵا هەتا من نەختێ گران لێك دای ٠ وهێشتا پارێت من یێت کێم بون ٠ ژبەر هندێ نۆکە ئەزێ دەیندارم ٠ ترا چاوادێ ئازاکەم ؟ وقوێتێ زفستانێ دێ چەوا کۆم کەم ؟ چبکەم و چنەکەم ؟ئەز ئێکم !

ئاه خوزی ئەز دسەر نزینەکێ هەلبیامەوەکی نیروك دبێژن ٠ دا من زوی ئیندار رازی کربان ،وپاش ٠ تژی چەکێت زێری ، وراسێت ژێهاتی بۆ(جانی) کر بان ! ٠

جانێ ئێخسیرە بەختێ وێ ژدگەل‌من هەژار بو ٠ئەوە من‌بینای ، هندە ساڵەك بوری، هێشتا دو کراسێت ئەوژ بتنێ یێت هەین بالاڤبو بالاڤێ دگوهوریت)٠ ـان هەزرو بیرادا (شرو) دخەو چو ،سەرێ وی خەبو لسەر گفانەدێ زڤ ، بەلکی مشەخت بو بانا خەونا‌و خۆشیا دەمەکی بار بو لسەر دەنگەکێ .موزراف ٠٠٠

ـ هلو ٠٠٠هلو هشیاربە ەنگە ٠

خو ژێك کێشا ، چاڤێت و ڤەکرن ، دێمێ جانێ دیت یێت دکەنیت زاد بۆ ئینابۆ ودروستکربو لسەر مێدەکێ ٠

شوروی دەستبزادخارنێ کر دبەر خەم‌و خیالارا ٠

جانێ ئاگرێ چایێ خوش کر ٠وبگافەکا کورت هەردو چادان کەلاندن ٠ شیشەکێ چایێ دانا بەر سینگێ وی ٠فرەکا چایێ ڤەخار ٠

ـ (تو بۆچی یێ دامای ؟ وتە چ شول نەکرە !) جانێ گوتی نەزانی چ بەرسڤا بدەت بەلێ نەژدل گوت ٠

ـ چ نینە ٠

ـ چەوا !تە مەر ئەگەرەك یێ هەی ٠

بەلێ شوروی قەت چ نەگوت ٠جانێ دیسا ئاخفت سوبەهی ئەز ژی دێ هێم بوری ، هەرو سپێدەکا زوی هێلا مازیا دگەل تە ٠

ـ ئەمێ ، تو نەشێی ،چ پێ چێ‌نابیت کتا مازیا دێ چ لەکەت ؟

ـ تو چەوا وەدبێژی ؟ دێ بینی کتا مازیا دێ چکەت ٠

شوروی چ نەگوت چنکو یێ بێ هیڤی بو ٠

روژا دی ، سپێدەکا زوی ، لبەر دەنگێ کەیفی‌و شادیێ خەلکێ گوندی فێکرا چونە هێلا مازیا وبەر بون چیا کت ٠٠کت ، وچوت ٠ وچوت ٠

مەزا وێ روژێ شوروی باوەر نەدکر جانێ وەسا یا زیرەك وچاڤ خۆشە ،نەکت ونە جوتێت ژبەر دەست‌و چاڤێت وێ خلاس نەد بون ٠

هێش ئێفارەکا زوی ئەوان هند مازی چنین ، شوروو ترسا ژ تیرێت خەلکێ چاڤ مافێژ ئینا زوی کارێ مال کرو زڤرین ٠

مەبامەکێ درێژ هوسا دا چن چیای وئێفارەکا زوی ڤەدگەریان مال ٠

هەتا روژەکێ عەتارو بازرگانێت مازیا دیار بون لگوندی ٠

وبنرخەکا گران باتمانا مازیا هاتە بهاکرن ٠

شوروی مازیێت خو لێکدان وکەیفا وی گەلەك خوش‌بو ، وەختێ ئەوی دیتی هند قەدەرا مازیا هەمی مالێ وی‌نە ٠

جانێ (جهالێت) مازیا بالدان پشتاوی ،و ئەوی دبەرا هندەك مزر وهەژمار کۆم دکرن‌و پاش لێك ڤەدکرن ٠

وەختێ مازیێت وی قەپان کرین ، حەقێ وان تەخەکا دینارێت شین کرن لەپێت وی‌دا ، مەندەهوش بو ، جارەکا دی پارە هەژمارتن ٠بێهنەکا کوبر کێشا ، ودەستێ خو درێژکر توبێت (قەدیفەی و موسلینی) ئەوێت دگەل بازرگانێ مازیاو گوتێ :

ـ دەستەکێ کراس‌و کورتەکا ژ توبێت هەمیا گران بیڤە ٠

پەریك‌و پارێت خو هەلگرتن وزفری مال دلخوش وچاڤگەش ژ کەیفادا ، وەختێ گەهشتی مال گازی کر

ـ جانێ وەرە ببینە !چەند قەدەرا پارا بۆمە هاتن ژ مازیێت مە، دێ دەبنا هەمیا دەین ، ودیسا دێ هندەك بۆمە مینن ٠تو ئەو خزینەی ئەوا من خوزی وخەون پێ دیتن ٠ ئەڤە بۆتە دەستەکێ کراس‌و کورتەکا ژخوها دەستێت تە یێت زێرین ٠٠٠٠

جانێ بشکوری چاڤێت وێ جوتەکێ روندکێت زەلال ژکەیفادا بەردان وەختێ دیاریا خۆ هەلگرتی ٠

چاڤێت وی یێت پر بون ژخوزیا وهیڤیا بو روژەکا خۆشتر ٠

نەخاسمە ئەڤە رزگار بون ژ یێزێ دەبنا ٠

رەتنەبێت‌و لە بەرەنگاربوونەوەی درندانە ترێن هێزی دوژمنابەتی کاریدابە کە چاوی بریوەتە خاك‌و گەل‌و سەربەستیمان ، بەلام جێگای داخە ، بەرێوەبەریتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی ، نەك بەشێك [هەرچەند کەمیش بێت] لەئەرکی دووەم بەجێ ناهێنێت ، بەلکو هەتا گوێی خۆی لێ کەڕ کردوە ،راستە هەندێك جار ئەبیستین کۆری ڕۆشنبیری ئەبەستن ، بەلام هەتا ئەم کۆڕانەش بۆ جۆرە باسێکن یان بۆ جۆرە «ئەدیبێکن» دوێنی دەستیان پێ‌کردوەو بۆ جۆرە باسێکن کاڵ‌و کرچ‌و هیچ زیادە ناخاتە سەر رەوتی ڕۆشنبیریمان ، بابلێین ئەمە بەنیازی ماندانی لاوان‌و بەهرەی نوێ ئەکرێت، دەی قەیدی نیەو چاکە ٠٠ ئەی خۆ لە تەلەفزیوێنی تامیم بەرنامەیەکیان بەناوی خۆبانەوە هەبە ، یەکێك سەیری بکات ، ئەلێت ڕۆشنبیری جەماوەری سلیمانی لەلایەك‌و باری ئەم ولاتەو ئەو وەزعەی تیا ئەژی لەلایەکی تر ئەوەی ناوی «تعبئەی جەماوەر» بێت ، ئەوەی ناوی ئەم بارە بێت ولاتی تیا ئەژی‌و ئەرکی هوشیار کردنەوەی بێت تا لەرادەی قۆناخی ئیستابێت بەلایدا ناروات ، لەمەش سەیرتر ئەوەیە ئەو کەسەی بەرنامەکە پێشکەش ئەکات ، ئەلێت : هەمووی خۆم ئەیکەم‌و بەرێوەبەریتی ئاگای لە هیچ نیە !!!

● ئێمە ، پرسیارێکی رەوا ئاراستەی : ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوان‌و ئەو بەرێوەبەرایەتیەو لیژنەی راگەیاندنی مەرکەزی پارێزگای سلیمانی ئەکەین : ئایا شتی وا رەوایە ؟! تۆ بلێیت ئەو بەرنامەیەو بەریۆەبەرایەتی ناوبراو نەیانبیستبێت عیراق وا چوار ساڵە لە شەرێکی قورسدایە٠ یان ئەوان لەسەر سیاسەتی [بانێکەو دوو هەوا ئەرۆن!!]

رێبوارێك

ڕۆشنبیری‌و بنیاتنانی مرۆڤ

ئامادەکردنی ● فؤاد حسین

ڕۆشنبیری‌یە هەستی‌مرۆڤایەتی‌ی بە مرۆڤ بەخشیوە ، ئەگەر ڕۆشنبیری نەبوایە ، ئێمە هەست ب ئەریت‌و بیرکردنەوەو چالاکیی‌یە هاوبەشیەکە گەلێ شتمان نە ئەکرد ... ڕۆشنبیری ئامە پێگەیاندن‌و دروست‌کردنی‌کەسایەتی‌یە ، گەلێ زانە لێکۆڵەرو نووسەر دەلێن‌ڕۆشنبیری‌و کەسایەتی‌ زاراوەن پێکەوە بەندن‌و بە یەکەوە دەبەسترێن ڕۆشنبیری لایەنی‌کۆمەڵایەتی‌ی کەسایەتی دادەنێ ، کەسایەتیش ڕەنگ‌وڕووی زاتی‌و نا ڕۆشنبیری دادەنێت ٠٠٠بنیاتنانی مرۆڤ یانی وەرگرتنی لایەنەکانی ڕۆشنبیری‌و فێرکردن‌و چالاکیەکانی مێشك‌و جولان‌و هەلچون‌و لایەنەکانی تری کۆمەڵایەتی ٠٠٠ زانستی هاوچەرخ ئەوەی چەسپاندووە ئەو تێورانەی کە دەلێن پێشکەوتن یان دوا کەوتنی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی ڕەگەزەکان درێژەو هیچ پەیوەندی‌یەکی بە زانستەوە نی‌یە ، سەرمایەداریی جیهانی پرۆپاگەندە بۆ ئەم جۆرە بیرو باوەڕانە دەکات کە زۆر لە ڕاستیەوە دوورن‌و پشت بە ڕەگەزانەی بوونەتە هۆی ڕاگرتنی پێشکەوتن‌و لاوازکردنی ڕەگەزە گرنگەکانی ڕۆشنبیری کە هۆی ڕاستەقینەی پێشکەوتنن ٠٠ هەر جۆرێك بێت ،بنیاتنانی مرۆڤ بە ئەریتی چاك‌و خورەوشتی بەرزو پەرەپێدانی ڕۆشنبیری کۆمەڵ لە ڕێگای ئامرازە پێوەست‌و پەیوەندیە جۆراو جۆرەکاندا دەبەستێت ٠٠ئا لێرەدا گرنگی‌ی ئەم ئامرازانە ئەرك‌و کاری ڕۆشنبیریدا دەردەکەوی ٠٠٠ ئەوەشمان لە یاد نەچێت کاری گۆرانکاریی ڕۆشنبیری وەختێکی زۆر و هەوڵ‌و کۆششێکی فراوانی دەوێت٠ چونکە هەر وەك دەزانین مرۆڤ ئالەتێك نی‌یە بە ئارەزووی خۆت بیجووڵێنیتەوە ، بەلکو جۆرە توانایەکی مێشکی‌ی هەیەو خاوەنی هەست‌و ئیرادەو شتی تری دەروونیە ٠٠ لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی ئامادەکردنی ئامرازی بە تر کە مۆرکی ئابوریان هەیە ئەمانە بەشێکی ئەو هۆیانەن کە پاڵیان بە سەرکردەی سیاسیمانەوە ناوە بۆ دانانی هەندی یاسا ، یان بڕیار کە پەیوەندیان بە بابەتی ڕۆشنبیریەوە هەبێت ٠٠ هەر وەك یاسای هێرشی نیشتمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ژمارە ٩٢ی ساڵی ١٩٧٨ ، یاسای خوێندنی ئیلزامی ، یان یاسای خوێندنی مەجانی بۆ گشت قۆناخەکان ٠٠ لە باخچەی منداڵانەوە تا دەگاتە دانیشگاکان ٠٠ بۆ پەرەپێدان بە خوێندن‌و بنیاتنانی مرۆڤ لە سەرەتاوە ٠٠ بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی ئامرازو ئاواتە بۆ پەرەپێدانی سەرتاپاگیری، کە ئامانجی شۆڕشە کەمانە٠٠ لەبەر ئەمە لێپرسراوان‌و ئەوانەی ئەم ئەرکەیان مەبەستە ئەوە دووپات دەکەنەوە :

پەرەپێدان دەبێ دوو ڕێگا بکرێتە بەر هەر یەکە تەواوکەری ئەوی ترە، بەکەمیان پەرەپێدانی مرۆڤە ٠٠ دووەمیان پەرەپێدانی ئابوری‌یە ٠٠ هەروەها دەڵێن : [لە نێو هەر تەنگوچەڵەمەیەکی ئابوریدا ، تەنگوچەڵەمەیەکی مرۆڤی‌و کۆمەڵایەتی‌ی هەیە] ٠

ژان‌و خەم‌و پەژارەی وولاتە تازەپێگەیشتووەکانی ئەمڕۆ لە پاشماوەی دواکەوتنیاندا دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی کەرەسەکانی مرۆڤ ٠٠ داگیرکەران دەستێکی باڵایان هەبووە بۆ چاندن‌و چەسپاندنی ئەو یەک

ئالان رۆب گرێ و کێشەکانی رۆماننوسی نوێ...

وەرگێڕانی ● غەفوور سالح عبدالله ●

پاش جەنگی جیهانیی دووەم چەند تەوژمێکی ئەدەبیی نوێ لە فەرەنسادا هاتەکایەوە ، لەشانۆدا سامۆییل پیکت و ئۆجین یونسکۆ نوێنەری بوون ، لە رۆمانیشدا ، ئالان رۆب گرێ و مێشیل بۆتور ، وکلۆد سیمون و ناتالی ساروت .

کەچی لایەنی بەدەسەلات لەم هەموو تەوژمانەدا ، لایەنی ڕەخنەگرتنی موتلەق لە گشت بنیاتنانێکی هونەریدا بوو و بەرەو ئەوپەڕی سنوورێکی لەباردا باڵی پێوەنا ، بۆیە شاعیرو رۆمانووسی و شانۆنووس ، واتا ئەو کەسەی بەشێوەیێکی گشتی خاوەن داهێنانێکی هونەریە ، بەوەوە نەدەوەستا کە چاودێری خۆی بکات کاتێک خەریکی داهێنانێکی هونەریە ، بەڵام لەمەوە دەپەڕیەوە بۆ مەسەلەی واتای داهێنان ، وتوانای بەکارهێنانی هەمان بەرهەمی هونەریی ، بەوجۆرە زاراوەی ، ناچامەو ناشانۆ و نارۆمان سەری هەڵدا ، ئەمەش ئاشکراکردنی ئەو ڕەنگدانەوانە بوون کە لە ئەدەبدا ئەنجامی ئەو بیرە فەلسەفیە هاتەکایەوە کەدەڵێ بوون واتا نەمان .

کەواتا لایەنگیرانی رۆمان بەم باری سەرنجەوە شیرازەکانی رۆمانی کلاسیکی لە بنەماوە هەڵدەتەکێنن و بانگی دوابڕانەوەی هەڵدەدەن ، هەروەکو « برێخت » دوابڕانەوەی شانۆنامەی کلاسیکی و بنەماکانی ئاشکراکرد ، بەڵام هەردوو ڕوانگاکە جیاوازن بگرە ناکۆکیشن چ سەبارەت بەو ئامانجەی کە لە کاری هونەریی چاوەڕوان دەکرێ ، لەمەڕ برێخت گەڕانە بەدووری راستی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی تاکەکەسی مرۆڤ لە نێوان پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و مەرجە ئابووریەکەیدا ، و ئاڕاستە کردنی تاکەکەس بەرەو راستیەکانی واقیعی مەوزوعی . بەڵام لەمەڕ رۆماننووسانی وەکو « رۆب گرێ » ئامانج گەڕانە بەدووی راستیە تاکە کەسیەکاندا کە لە خۆیدا دانپێنانێکە بەو بێزاریە کە ئەنجامی درککردنە بەبوونی شتەکان و گەوهەرەکانی ، تەنها بە ئامرازەکانی هەستپێکردن سەرنجیان دەدات ... بەڵام شتێك هەیە برێخت و شانۆکەی و رۆب گرێ و رۆمانەکانی بەیەکەوە دەبەستێ ، ئەویش ئەوەیە کە نەبوونەتە شۆڕەسواری مەیانی ئەدەبیی ، و ئەدەبەکەیان بسەپێنن کە گوایە ئەمە تاکە توانستەو هیچیتر .

برێخت ویستی دژ بە واهیمە لە شانۆدا بوەستێ ، بۆیە شانۆیێکی نوێ لەسەر تەغریب بنیاتنا ، و لەسەر هۆشمەندی بینەر بۆ ئەو راستیەی کە لەپێش چاویدا دەنوێنرێ و دەووترێ ، بەڵام شانۆی واهیمە لەخۆیدا بەردەوام بوو چ شانبەشانی برێخت و چ پاش ئەویش ، هەروەکو جۆرەکانی رۆمانی کلاسیکیش بەردەوام بوو ، کە رۆب گرێ بە جۆرە مردورەکانی ناودەبرد ئەگەر لەسەردەمی ئێستاماندا بەکاربهێنرایە .

لێرەدا ناچینە نێو لێکۆڵینەوەی بەراورکردنەوە ، بەڵام ئەم روونکردنەوەیە کارێکی بەئەمەك بوو ، هەوڵیش دەدەین شتێك لە بەرهەمم و بیروباوەڕە رۆماننووسیەکانی رۆب گرێ بخەینەروو ، و ئەو بنەمایانە روونکەینەوە کە رۆمانی نوێ لەمەڕ ئەودا لەسەری دامەزراوە ..

ئالان رۆب گرێ سالی ١٩٢٢ لە بڕست لەدایكبووە ، پلەی خوێندنی ئەوەی بە بەرەوە نەبوو بیکاتە نووسەر ، یان ئەندازیار ، دوا بەدوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی ، نێوان سالی ١٩٤٢ - ١٩٤٥ دا لە ئامۆژگای نیشتمانیی ئەندازیاری کشتوکاڵدا دەستی بەخوێندن کرد ، ئەنجا بۆ ئەرکی سەرژمێریاری لە ئامۆژگای نیشتمانیدا ئەو کارەی خرایە ئەستۆ ، پێش ئەوەی بۆ سالی دوای رووبکاتە خوێندنی بیویولۆژیا .

سالی ١٩٥٠ - ١٩٥١ بوو بە ئەندازیار لە ئامۆژگای میوەو ترشەمەنی لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا ، ئەم کارەش ئەوەی بۆ ڕەخساند گەشت بکات بە مەغریب و گینیاو گوادولوپ و مارتینیکدا .

رۆمانی یەکەمی بڵاونەکردەوە تاوەکو سالی ١٩٥٣ .. رۆب گرێ سەبارەت بەم سەردەمەی خۆی نووسیوێتی :-

« کاتێك لە هەڕەتی لاوییدا بووم چ چالاکیەکی ئەدەبیم نەبوو ، تەنیا یەك دوو چامەی شیعر نەبێت ، ئەمەش هەموو شتێك بوو ، جگە لەمەش ، هەرگیز لەنێوان ئەو کەسانەدا نەدەژیام کە بە نووسین ئەدەبییەوە خەریكبوون ، سەرجەمی هاوڕێکانم ئەندازیار بوون ، ئەوەبوو لە پرێکدا ئارەزووم بە نووسین کرد ، سەرەڕای ئەوەش ئاگاداریەکی ئەوەتۆم نەبوو سەبارەت بەوەی لەو سەردەمەدا دەنووسرا و نەدەنووسرا ، چونکە هەرگیز زادەی دەوروبەرێکی ئەدەبیی نەبووم هەروەکو زۆرجار روودەدات » .

بە نوێنەری ئەدەبی چاپەمەنیەکانی « مینوی » دامەزرا ، ئەنجا بەیەکجاری خۆی بۆ ئەدەب تەرخان کرد ، دواجاریش بۆ سینەما ، و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی رۆمانەکانی ، یان دوو سال جارێك فیلمێکی دەردەهێنا .. ئەوە نەبێ رۆب گرێ « رۆمانی نوێ »ی داهێنابێ ، بەڵام زووبەزووی خۆی سەپاندو بوو بەرابەرێکی ئەم بزووتنەوە ئەدەبیە ، لەگەڵ ئەوەشدا بووە باو کە لەژێر ئەم دروشمەدا ناوی چەند نووسەرێکی جیاجیا ریزبکرێت وەکو « ناتالی ساروت » و « میشیل بۆتوور » و « کلۆد سیمون » و ئەوانەی کە هیچ شتێك بەیەکیانەوە نابەستێ تەنیا ڕەتکردنەوەیان بۆ جۆرە ئاسایەکانی « تەقلیدیەکان » رۆمان نەبێت .

هاتنی رۆب گرێ بۆ مەیانی ئەدەب درەنگ کەوتەوە ، ئەوەبوو سالی ١٩٥٣ رۆمانی « الممحایات »ی بڵاوکردەوە (بەڵام هەوەڵین بەرهەمی کە بەناوی « کوژەری پاشا » وە بوو بڵاونەکرایەوە) ئەویش رۆمانێکە لە حیبکەکەیدا بە رۆمانێکی پۆلیسی باڵا دەچێت :-

« ڤالاس » رادەسپێررێ بۆ لێکۆڵینەوە لە زنجیرەیەك کوشتاری رامیاریی ، ئەگاتە ئەو شارەی کە تازەکی تاوانی پیاوکوشتنێکی لێ ڕوویداوە ، بەڵام تاوان لێکراوەکە لە راستیدا نامرێ ، پاش لێکۆڵینەوێك کە ڕۆژێك ناخایەنی ، ڤالاس « دۆبۆن » ناوێك دەکوژێ کە لەراستیدا باوکی دەبێ . کۆمەڵێك دەستنیشانکردن وامان لێدەکات هەستبکەین کە جۆرێکی تازەی بابەتی شانۆگەریی ئۆدیپە ، بەتایبەتی ئەو گفتوگۆ زۆر ووردانە ، کە ڤالاس دەیەوێ بیانکرێ ، چونکە مۆری کارگەکە بریتیە لە دوو پیتی ناوەڕاست « دی » « لەگەڵ » کەمتر لە دوو پیتی پێشەوەیان و دووانی پاشەوە .

ئەنجاش سالی ١٩٥٥ دووەم رۆمانی کە بەناوی « هەسگر » ، (المنلصص) وەیە بڵاوی دەکاتەوە ، کە ئەویش پاڵەوانەکەی کابرایەکە ناوی ماتیاسە بۆ بازرگانی دەگەڕێ ، بۆ فرۆشتنی زنجیری کاتژمێر دەچێتە دوورگەیەك ، پاش ئەوەی پاسکیلێك بەکرێ دەگرێ و بە ماڵە تەریکەکانەوە دەگەڕێ ، لە یەکێکیاندا وێنەی کێژۆلەیێکی منداڵی وەبەرچاو دەکەوێ و پێڕادەگەیەنن کە لە نزیك ڕۆخە بەردینەکەوە مەڕ دەلەوەڕێنێ ، لێرەدا چیرۆکەکە دەبچڕێت ، و بە ماتیاس دەگەین کە بەزۆرگرانیەوە لە یەکێك لە کرپارەکانی دەگەیەنێ ، کە کاتژمێرێك لەمەوبەر چی کردوەو سەردانی چ ماڵێکی کردوە ، و پاپۆڕ بەجێی دەهێڵی ، ناچاری دەکات ئەو شەوە لە دوورگەکەدا بەسەربەرێ ، و بۆ ڕۆژی دوایی چاوی دەکەوێ بەو ماڵەی کە دێتی ئەم کێژۆلە ماڵەکە دەکوژێ ، بەڵام ماڵەکە قسەناکات و کابراکە دوورگەکە بەجێدێڵێ بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت .

رۆب گرێ لە رۆمانەکەیدا بایەخ بە تەکنیکی پێشکەشکردنی چیرۆکەکە دەدات ، بەڵام رووداوە سەرەکیەکە کە کوشتنە لە ژێر پەردەیێکی بێدەنگیدا تێپەڕ دەبێت .

بەڵام رۆمانی « دڵپیسی » کە سالی ١٩٥٧ بڵاویکردۆتەوە ، رووداوەکانی لە مەزراێکی مۆز دەقەومێ لە جێگایێك لە وڵاتێکی نیستوائیدا ، ناونیشانەکەیشی « دڵپیسی »یە کە لە زمانی فەڕەنسایدا بریتیە لە واتایێکی دوو ڕوو دیسان واتاکەیشی ئەوەیە :- کۆمەڵە چیغێ بڕە پەنجەرەیێکی داخراو یان کراوە کە دەتوانرێ لە دووتۆیانەوە زەلامەکان بەدی بکرێن ، یان لە تەماشاکردن داپۆشرێن ، ورێیان پێدەدرێ یان جیهانی دەرەوەیان لێ قەدەغە دەکات ، بەڵام لەهەمان دۆخیشدا دڵپیسی مرۆڤایەتی دەگەیەنێ . لەراستیدا ئەوەندە نابات خوێنەر درك بەوە دەکات کە فرانك بەتایبەتی « ا » چاوێکی شاراوە چاودێریان دەکات ئەویش چاوی ژنەکەی « ا »ە کە گومان لەوە دەکات ژنەکەی لەگەڵ فرانك دەستی تێکەڵ کردبێ ، واتە هەستو سۆزەکان لەژێر ڕەوتی ئامادەکراوی لەمەوبەری چیرۆکەکەدا بزر دەبێ ، لە شایەتیدانێك دەچێ لە دادگادا ، یان هەروەکو چیرۆکەکە دەرخستنێکی رووداێکی واقیع بێ .

لێرەشدا دەوری رۆمانووس هەروەکو دەوری ئامێرێکی وێنەگرتنو وێنەگرە کە لە فلیمەکەدا وەدەرناکەون ، گەرچیش دەورێکی سەرەکیان هەیە لە درووستکردنی فلیمەکەدا ، بە دوو شایەت دەچن بەڵام دەسڕێنەوە ، گەرچیش ئامادەن بەڵام کەسێك بەدیان ناکات .

نووسەری رۆماننووس تەنیا لەنێوان دوودڵیو ترس و وڕێنەو ئەندێشەکانیەوە وەدەردەکەوێ ، ئەمانەش کە بنەماو پاڵپشتی چیرۆکن .. کاتێك رۆب گرێ ووشەی « ئێستا » بەکاردەهێنێ زەمنی یەك لەدوای یەکی رووداوەکان ڕەتدەکاتەوە ، بەڵام بەم بەکارهێنانەش بارو دوخێکی ناثاسایی بێزەمەن دەسەپێنێ .

سالی ١٩٥٩ رۆمانی « گێرەشیوێنی » دەردەچێ ، ئەمەیش سەربازێك نیشان دەدات کە پاش هەرەس هێنان دەگاتە شارێك بەفر بەشیوەیێکی رێك و پێك لەشەقامە لەیەکچووەکاندا دەبارێ ، سەربازەکە بەدووی کابرایەکەوە دەگەڕێ کە باوکی یەکێك لە هاوڕێی کوژراوەکانیەتی تاوەکو ئەو نامەیەی بداتێ پێیەتی . بەڵام سەربازەکە برینـدار دەبێ لەو هێرشەدا کە لێی رزگاری دەبێتو بەوجۆرە دێت تاوەکو لە ماڵی یەکێك لە پزیشکەکاندا بمرێت ..

رووداوەکان لەم رۆمانەدا بەو شێوەمەکانە کۆتایی دێ کە لە ژووری حیکایەتخوانەکە خۆیدا هەیە (بەتایبەتی ئەو تابلۆیەی کە دیمەنی مەبخانەیەکە پاش هەرەس هێنان) ، گێڕەرەوەی چیرۆکەکە لە شێوەی پزیشك لە چیرۆکەکەدا تێکەڵ دەبێ و رووداوەکانی پێشوی چیرۆکەکە وەباد دەکاتەوەو سەرلەنوێ لە یەکی هەڵدەکێشی ، هەندێك لە رووداوەکان راستدەکاتەوە ، ڕێرەو لایەنە هەڵەکانی پشتگوێ دەخاتو کەمەنکێشی ئەو گێرەشێوێنیە دەبێت کە بریتیە لەو کارە ئەدەبیە کە لە سەریەتی بینووسێتەوە ، ئەو گێرەشێوێنیە کە پزیشکەکە (حکایەتخوانەکە یان نووسەرەکە) دەرفەتێکی بۆ نادۆزرێتەوە تەنیا لە دوا لاپەڕەی رۆمانەکەدا نەبێت .

سالی ١٩٦١ رۆب گرێ بۆ « ئالان رێنیە »ی سینەمایی سیناریۆی چیرۆکی « دوا سال لە ماریابنادا » بۆ دەنووسێ لە شێوەی چەند دیمەنێکی تەواودا ، رێنیە ئەم چیرۆکە بۆ سینەما دەردەهێنێ ، پاش ئەوەش ئەو دیمەنانە لە شێوەی رۆمانێکی سینەمایی بڵاودەکاتەوە لەگەڵ چەند وێنەیێکی فلیمەکەدا (هەروەکو بەشبەحالی رۆمانی دواییشی « نەمر » ئەم کارە دەکات) ، رۆمانی « دوا سال لە ماریابنادا » کابرایەکمان پێدەناسێنێ لە ئۆتێلێکی جیهانیی گەورەدا ، بە ئافرەتێك دەگات دەیەوێ پێی بسەلمێنێ کە سالی رابووردو چاویان بەیەك کەوتووەو لەهەمان ئۆتێلدا و یەکتریان حۆش ویستووەو ئێستاکەش هاتووە تاوەکو لەگەڵ حۆیدا بیبات ، هەروەکو لەمەوبەر داوای لێ کردبوو .

بەڵام ئەم ئافرەتە لاوە کە کابرایێکی تر یاساولیی دەکات دەشێ شووەکەی بێت ، لە بڕیاردان دوودڵ دەبێت ، دواجار دەڕواو کابرا بەجێدێڵێ ، دەیەوێ هەڵبخەڵەتێنێ ، وادیار دەکەوێ لە دوا قۆناغدا خۆی دەدات بەدەستەوە ، بەڵام حبکەی چیرۆکەکە لە گرێچنی نووقم دەبێ کە سەرباکی چیرۆکە دادەپۆشێ . ئەم فلیمە بەناوبانگە ئاژاوەیێکی زۆری نایەوەو بووە هۆی دەمەتەقێیەکی زۆر گەرم .

دوای بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی « دیمەنەکان » لە سالی ١٩٦٢ ، رۆب گرێ پەرە دەدا بە تەکنیکی وەسفکردن ، و سالی ١٩٦٣ دەستدەکات بە دەرهێنانی فلیمی « نەمر » بەتەنیا و بەشێوەیێکی تەواوەتی . لە فلیمەکەدا کەسایەتی رۆماننووس دەردەکەوێ دەژێو بیردەکاتەوە ، سەبارەت بە بابەتی حبکەکە بیروڕایەکی زۆر هەیە ، پاڵەوانی چیرۆکەکە مامۆستایێکی فەڕەنساییە لە ئەستەمبولدا بە ئافرەتێکی لاوی مەنگ دەگات ، لە زۆر داوەتدا چاوی پێدەکەوێ ، دواجاریش ووندەبێ ، لە دوویدا هەموو شوێنێك دەگەڕێ ، پاش ئەوەی دەیدۆزێتەوەو بە ئۆتۆمبیلەکەی لەگەڵ خۆیدا گڕیدەدات ، ئەنجامی کارەساتێك دەمرێ ، بەڵام پاڵەوانەکە بەردەوام دەبێت لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو ئافرەتەی کە هیچ نهێنیەکی خۆی بۆ نەدرکاندو لەگەڵیدا لەسەر پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەیدا مرد .. بەڵام لێرەدا درۆو راست لەکوێیە ، لە فلیمێکدا شتە واقیعیەکان بەهەمان شێوەی سینەما وێنە دەگرێ کە لایەنە دەستکردەکەی دەردەخات ؟

● ماویسەتی ●

چیرۆکا لچوێ نەگوهدار

اسماعیل محمد طاقی

هەبو نەبو

دوو چیچك ل ناف رەزێ مەدا بوون هەر دوو چیچکا بخو هێلینەك چیکرن ل سەر دار بەریا بنێ رەزێ مە ل هندافی ریباری ،

هەلبەت گەلەك پێڤە وەستیان هەتا زلك زلك خرفەکرین و هێلین چێکرین .

دایکێ سێ هێك کرن و بیست و ئێك روژا ل سەر روینشت ..

پشتی بیست و ئێك روژا سێ چویچك دەرئینان ،نافێ ئێکێ کرە (چچو)یێ دوویێ کرە (پچو) یێ سێیێ کرە (لچو) هەر سێ ئێك ل ئیکی چوانتر بو ..

ئێ‌ھ :- دایکو بابا گەلەك پ چویچکێت خو شابون .

هەموو روژێ دا چن خارنێ بووان ئینن دلێ وان هندی بێژی خوش بو چیوا چیوا وان ب سەر جیهانێ‌ڤە دچۆ ل خوشیا ژیناخو هەبامەکی هەر لسەر وێ خوشیێ مان ، بەلێ بووان نەچو سەرێ هەتا دبماهیێ .

هەموو روژا بەری دایکو باب دەرکەڤن دا بیژنە چویچکێت خو هوشیاربن دەرنەکەڤن ژ هێلینێ هنگ سافەنە دێ دەهبە هەوە خون و نەشێن بەرەڤانیا خو بکەن !!

روژەکێ ژ روژا دایکو بابێت وان دەرکەفتن . بەلێ بەری بچنە دەرێ هەر وەکی هەمو جارا دا بیژنە چویچکێت خو هوشیار بن .. دەرنەکەڤن هنگی چچوو پچو دا بێژن : باشە دایێ و باب و ئەم لانادین ل قەسێت هەوە ..

هندی لچو بو نەدناخفت خو کردکر چاف پان د کرن . پشتی دایکو باب چوین .

لچوی : گوتە براێت خو :- رابن دا ئەم بخۆ بفرین و دەرکەفین بخو بیجەك بکەڕین هەتا کەنگی دێ هۆسا بین و ل ناف هێلینێ ناهێنیە دەرێ . چچوی و پچوی گوت نەبرا نەء ئەم ل قەسا دایکو بابێت خو نا دەرکەفین ، یێ گوتیە مە دەرنەکەڤن هەلبەت دایکو بابێت مە بۆمە باشی دڤێن نابیت ل قەسا وان دەربچین چ دبێژن دێ وەکەین دا هەر دخوشێ دابین ...

ئینا لچوی گوت : ئەگەر هنگ نەهین ئەز دێ هەرچم ؟

دیسا هەردویا گوتێ برا لچو نەچە نەگوهداریا دایو بابا نەکە ، خوشیێ نابینی ژینا مە گەلەکا خوشە چو کێمی ل مەنینە بەرێ خو بدە وارێ مە چەندێ خوش و شرین و دل فەکرە ئەف بابێ هوین ژ بنێ رەزی تێت بەرێ خو بدە فان کولو گول زارا فان هەلالو بەبونا و چەند خوش تێت بێنا فان بنفشو ریحانو سورەگول و نرگزو گول شیلانو هەر بەهەشت بخۆیە ،

ئی فێقی خوش ئافا زلال و تەزی ،

چ خودێ بەرێ تە بریە ، ئەم هەموو گافا لهیڤیا و بابێ خوین دا بێنەفە هەستب ئاوازا بکەین چچا مە ل خوشیا هاتنا وسەر جیهانێ فەدچیت ا :- گوهێ خو بدە مە دەکەفە ژینا مە یاشرینە تەکە ..

ب : ژ ڕکا خو نەهاتە خ نەهاتە خارێو ترجو خڤیت دا بفریت ...لێ نە ، بێ چەنگو یێ ب بۆ پرا پرا وێ رنگو کەبنێ دارێ رویڤیەك ل ناڤلەی دا بو خز هاڕ خار ..!!

و بابێت وان هاتنەفە ..ن کو لچو نەدیارە تر زی پ زی گازی ک

چو دایۆ کانی لچ..؟؟ هەردوو کرە گرۆتن :- بابۆ دایۆ ما ئەم‌ێژین لچوی نەگریا هەوە کرو . خوە دا بفریت بەلێ نەشفتە بنێ دارێو رویڤیەك پردایێو خار ..!!

نە هەرێ بیا کەسێ نەکر ، ئەم ژ قەسا هەوە دەرنەچژین چو ل مە نەهات . هەلبەت دایکو باب گەلەك بێ تێکچون دلێ وان شەوتی روندکێت چافێت وان هاتنە خارێو ب سەرێ خو داداو گریەك کر گریەك کر دلێ چەندی ل وێرێ شەوتی بخو داداو گوت داوو لچو تە چ ل مەکر تە کولەکر تە خو دوراندوو خولی پ سەری مەکر تە مالامە خرابکر وەی مخابنو سەد مخابن تە ژینا مە یاخوشو شرین تالو نەخوش کر .

هویە :- ئەو زاروکێ گوهێ خو نەدەتە دایکو باب و سەبدایێ خو دێ وەکی لچوی لێهێت نەگودار هەر یێ بەشیمانە . راستێ گوتی باب و باب کالێ مە کوردا (ئەوێ گوهێ خو نەدەتە مەزنا دێ پێڤە هین شاخێت بزنا) .

هەناس

کەریم سۆفی

وەك دوو ڕووبار ، کەپێك دەگەین
دەخزێینە نێو یەکتری یەوە
لەیەکتری دەخۆینەوە
وەکو گیانێك
لەیەك بۆتە دەتوێینەوە
ڕووباریکمان لێ دەڕسکێ
داروباری ئەم بنارە تێرناو دەکا
کە ڕووباریش دەم دەنێتە دەمی دەریا
دەریالووشێ دروست دەبێ
ئەم جیهانە سەوز دەکا

* * *

خەمت هەزار ئەوەندەش بێت
هەر حەز دەکەم بتخۆمەوە
زامت هەزار ئەوەندەش بێت
هەر حەز دەکەم بتلێسمەوە
ئەی گیانەکەم ...
هەناسەم وا لەدەست تۆیە
بێ تۆ ناژیم
یەك تاو چی یە بێ تۆ ناژیم

■ ١٩٧٩ ■

Institut Kurde de Paris

لـە پێـنـاوی خزمـەت کـردنی زمـانـی کـوردیدا

● غازی فاتح وەیس ●

● پێشـــەکی :

هەروەکو چۆن هەموو مرۆڤێك لە ڕەنگەو ڕووو دڵو دەروونداا لە مرۆڤێکی دیکە ناچێ ، ئـا ئاواش قـەکردنو دەنگی مرۆڤێك لە قـەکردنو دەنگی مرۆڤێکی دیکە ناچێ . هەروەها ئەگەر مرۆڤێك چەند جارێك دەنگێکی درکاند ، ئەوا یەکەم درکاندنی ئەو دەنگە لە دووەم درکاندنی ناچێ و سێیەم لە دووەم ناچێ ... هتـد ئەگەرچی ئەو دەنگە لە هەمـوو حاڵەتێکی درکاندندا بەیەك شـێوە دێتـە گوێ ، ئەم جیاوازییەش ئەگەڕێتەوە بـۆ جیاوازی جێگەی درکاندنی ئەو دەنگە لە هەر کەڕەتێکی درکاندندا . ئەم ڕاستیەش بە ئاسانی دەرئەکەوێ ئەگەر ئامێری تایبەتی بەکارهێنرا بۆ تاقیکردنەوەی ئەو دەنگـە کەوابوو ئەم جیاوازییە بنەڕەتی گۆڕانی زمـانـەوە بنەڕەتی دروستبوونی ئاکسێنتو دیالێکتە لـە زمـانـدا .

ئەوەی شایانی باسە ئاخافتنی مرۆڤ بە پێی ئەم دوو تایبەتییەی خوارەوە جیائەکرێتەوە :

١ ـ تایبەتی کە سی (شخصی) (Personal quality)

٢ ـ تایبەتی فۆنەتیکی (Phonetic quality)

بەپێی تایبەتی یەکەم ئاخافتنی هـەر یەکێك لە ئێمە جیاوازە لە ئاخافتنی یەکێکی دیکەو بەپێی تایبەتی دووەم هەموو دەنگێك بەلای کەمەوە جیاوازە لە دەنگێکی دیکە لە درکاندندا . ئەم حاڵەتە بـە حاڵەتێکی تەسك ئەژمێردرێ و حاڵەتی لەمە فراوانتر ئەوەیە کە هەر خێزانێك لە ڕووی شـێوازی قـەکردنو خووو ڕەوشتەوە جیاوازە لە خێزانێکی دیکە ، ئینجا شێوازی قـەکردنو خووو ڕەوشـتی گەڕەکێك ، وەیا دێیەك جیاوازە لە هی گـەڕەکێك ودێیەکی دیکە ، لەمەش فراوان تر شـێوازی قـەکردنو خووو ڕەوشتی (بێ گومان خووو ڕەوشت کارێکی گەورە ئەکاتە سەر زمانی ئادەمیزاد) شارێك ، وەیا ناوچەیەك لەهی ناوچەیەك و شـارێکی دیکە ناچێ . بۆ نموونە ، با لە بچووکترین حـاڵـەتـەوە دەستپێبکەین ، لە شاری سلێمانیدا ووشـەی (ئەگینا ، ئەگین ، ئەگەرنا) سـێ درکەن بۆیەك مەبەست بەکـار ئەهێنرێت (ئەتوانم نـاوی چەند کەسێك بلێم کە بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم سـێ ووشەیە بەکارئەهێنن) . بەڵام ئەگەر لە شـاری سلێمانی بچینە دەرەوەو بەرەو شارەزوور بڕۆین ، بەتایبەتی بەلای گەرمیاندا ، ئەبینین درکـەیـەکی دیکەش زیاد ئەکا بۆ هەمان مەبەستو ئەویش درکەی « ئەینا »یە . بەڵام ئەگەر بەرەو ناوچەی سـۆران بڕۆینو ئینجا بەرەو بادینان ، ئەوا زۆر ووشـەو درکە ئەگۆڕێ ، هەندێکیان لە دەنگێکدا ، وەیا دوو دەنگدا جیاوازنو هەندێکی تریان بە تەواوەتی لەیەك ناچنو ئەتوانرێ بـە ووشـەی جیاواز لە قـەڵـەم بدرێن ، ئەگەرچی بۆیەك مەبەست بەکارئەهێنرێن .

بێ گومان ئـەم جیابوونەوەیە لـە زنجیرەی مێژوودا ڕووی داوەو ئەگەڕێتەوە بۆ جۆرەها هۆی سەرەکیو ناسەرەکی : یەکێك لەم هۆ سەرەکییانە هـۆی جوگرافییـەو ئینجـا هـۆی ئـابـووریو ڕامیاری .

هەروەکو ووتمان جیاوازی لـە زماندا لـە بنەڕەتدا هەیەو ئەو جیاوازییەی کـە ئەکەوێتـە سنووری حاڵەتە تەسکەکەوە پێی ئەوترێ ئاکسێنت (Accent) و ئەوەی ئەکەوێتە سـنووری حاڵەتە فراوانەکەوە پێی ئەوترێ دیالێکت .

لێرەدا هۆی دروست بوونی ئاکسـێنتەو دیالێکت ئەدەینە پاڵ ئەم تایبەتییانەی خوارەوە :

١ ـ تایبەتی کە سی .
٢ ـ تایبەتی فۆنەتیکی .
٣ ـ تایبەتی دەورو بەر ، کە بریتییە لە داب و نەریتو خووورەوشتی گشتی نێو کۆمـەڵو بـاری دەروونی مرۆڤ .
٤ ـ تایبەتی ئابووری .
٥ ـ تایبەتی ڕامیاری .
٦ ـ تایبەتی مێژوویی .
٧ ـ تایبەتی ناوچە پەرستێتی .
٨ ـ تایبەتی (الخصوصیة) ڕۆشـنبیرێتی گشتی .

ئەو تایبەتییانەی سـەرەوە لە دێرزەمانەوە هەنو هەتا ئادەمیزادیش بمێنێ زۆربەیان هـەر ئەمێنن . بەم جۆرە دروسـتبوونی ئاکسێنتو دیالێکتیش هەر ئەمێنێ .

● لێکۆڵینەوە :

لەم ووتارەدا ئەمەوێ چەند ڕاسـتییەك دەربارەی زمانو دیالێکتەکانی زمانی کوردی بخەمە ڕووو مەبەستیشم خزمەتکردنی زمانی کوردییە نەك شتێکی تر .

بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەك ئەهێنمەوەو ئەو نموونەیەش ئەکەم بە ڕوانگە بۆ پیشـاندانی ئـەو ڕاستییانە .

هەموومان ئەزانین زمانی ئینگلیزی زمانێکی دەوڵەمەندەو بگرە زۆربەی خەڵکی ئەم سەرزەمینە ، زۆر یـا کـەم ، ئـەم زمانە ئەخوێنن و بە ئاواتەوەن بیزانن . بە کورتی زمانی ئینگلیزی جێگەی خـۆی لە هەموو جیهاندا کردۆتەوەو مەڵبەندەکەش شاری لەندەنە ، لەم شارەدا شێوەی ئاخافتنی دانشتوانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو ناوەڕاستو ژووروو خواروو جودایە ، بگرە دیالێکتی وای تێدایە کە زۆربـەی ئینگلیزەکان بەئاسانی لێی تێ ناگەن ، بۆ نموونـە دیالێکتی کۆکنی (Cockney) . بەڵام سەیر ئەوەیـە کۆکنییەك ئاڵێ ئەبێ بە دیالێکتەکەی خۆم بنووسمو

پروانە ل : ٧

سێ چیرۆك و رەخنەگرەك

● بەشـی دووەم ●

صدیق شرو

* هەرسێ چیـــــروك کاروانەکە بەڵێ هەربـارەك فێقیەکە هەرسێکا قەســـتا بنەجیهەکێ یێ کری بەلـــێ هەر ئێك ب رێکا خو یـــێ چوی .

سەیدا انور (دزێـــــت شەفێدا) نە رەحەتیـــــا دەولەمەندێت هزر و بیرا و خودان باوەریا د کەتە دیـار لدەمێ کو زێرەفان پەنجێـت نەحەزێی د کەلەخێ وانـــدا دادمێلن .

ئەف دزە نەبەس ب روژێ زێرەفانیێ د کەن دا بشەفـێ بالا تالان کەن بەلێ دژواریـا ان ب روژێ نەرەحەتیـــا ڕوێ مەباسکری دستینن و بەوا شرین لێ حەرام دکەن. سەیدا انور ددزێت شەفێدا قرەمانێ خۆ هەلبژارت زانـا خدان باوەر شاگـــردێ کلیجێیە . مەزەلەك یا گرتی لنا ماەکێ خودانێ خانـــی پیرژنەکا نەژ توخمـــــێ وی .

بلێ یا فین دۆستە دەستێ هاریاریێ یێ ژێ وەرگرتی. قارەفێ وی یێ کو مەنافـێ وی زانی یێل بن چافـــێ زێرەفیێ ب شەف و روژ . دزێ (د نیاسیت .چونکی دزانیتخودان ماە یێ دەولە مەندە ، رێکا خۆ . گەلەك دەترسێ نەخاسمە دەمـێ د بیتە بەرسیار و ل دیـــف چوڵ لدیاهێ سەیدا انور زوی قارەفێ خـۆو تەسلیمی بێ زەفەن دکـــەت .و فەلسەفانا ب چیە د ئینیت کو مەیر د کەل فرا خۆ نە چیت دبەفتە قەفەسێ.(٢) هوسا بار کا کو وی جهی بهێلیتاوەرێ ب خالەکێ د ئینیت تنێ پاش رێکا خـو د گرا دژی رێڤەچونا ئافـا دیجلا .

سدا انور کـــە چیروك نفیسێ شیای رگێت کورتە چیروکێ دەستەسەرکـــەت کەسانێد خـــو ئامادەکرن د گەل جهو کریار و کاتـــــی وەسا گەلەك کریارێد وی یێ د بچیك د گەل ئێك یـــێ د رێك و پێکن و واتەیەکـــێ گشت ژی چیبکەت مینا :

[زێرەفانەك هەر یـــێ ل کوژێ خانی ...](٣)

هەر وەسا گەلەك دیمەنێد تەواو ڕەنگ ژێهاتی یـــێد خنجاندین مینا :

١ـ کراسەکێ ســـــپی بەردایە پەنتەرونی .

٢ـ رەشکێ وسپیلکێ خـو ژچافێ وی بەردا .

٣ـ گرنژی و هەفت ددان دەرئێخستن .(٤) .

ژبەروکا رەخنەگری ئـەوە هندە دیمەنێد نەرێك و هندە راوەستانێد نەپێك و تـاری روهنتر لێ بکەت وەکی مە ل سەری گوتی .

ـ سەیدا انور نەگەلەك یێ هوشیار و هویر هـــزرە د نفیسینا خودا دبێژیت :

١ـ [ژبنێ پیا هەتا بورتـا سەری ...] بوچی نە هەتا کلوفاندکا سەری ؟

٢ـ [وەك خنزیری خـــو خنزراند ..] هەما خـــۆ خنزراند بەس بو .

٣ـ [دوپیشکا دیوانا خو ل ئەنیێ گرێدابو ..] هنـــدی دوپیشکن چوجارا دیوانـــێ ناگرێدەن هەگەر گرێدا دێ یەکو دوو کوژن .

٤ـ هێدی دەست دانـــا سەر زەنگلێ ـ دەنگ فەدا..] ئەز دبێژم هەچ وەکو بیت تفیا دەستێ خو لسەر زەنگلێ بشدینیت شوینا دەنك فەدا گوتبا زرێن ژێهات .

٥ـ [ژجهێ خو رابو..] ئەو ب خۆ یێ ژ پێرفە بو .گوتبا ژ جهێ خوچو .

٦ـ [چەو نەبەس ژ چافێد وی نە رەڤی بەلێ لێ بـــو هزرەت ...] تفیا بێژیـــت نەبەس خەو لـــێ بو هزرەت بەس ژ چافێد وی رەڤی .

٧ـ [کراسەکێ ســـــپی بەردایەبەنتەرونی ...] ئەو ب خۆ وەخت زفستان بـــۆ فەلسەفا نفیسەفانی .

سەیدا انور داخبـــــاری شیرەتێد مەسیحیە هەکـــە ئێکی دربەك دانا روێ چەپـــێ یێ راستی ب د ە بەر .

دیسا ژنك دایکە هەچ وەکو بیت مروڤی جهێ دلوڤانیێ یێ لنك هەیە و لدویف بیردوزا فرۆید کـــــــو زەلام هەرکێماسیەکـــــــێ ددانیت بەرێ خۆ دەمـــــێ پەیوەندیەك پەیدا دبیـــت د گەل ژنکێ .

ـ٢ـ

چیروکا دووێ ـ کولیلك ـ وکاك نجیب صالح .

ڕەنگا داخا خو یاهـــەی نەخاسمە رەنگێد پێوەنـــدی هەی دگەل بیرهاتن و ژیانـــێ هەبن وەك سور .وزەر.ورەش .وشین .کولیلك خوینـــا ئاقارفانیە دەمێ کۆ ماهرچا خوین رێتیە سەر ئاخـــا ئاقاری و گولیلکێد سور لـــێ چێبوین .

براەەر نجیب دکەفنەبیرا خودا جهێ چیروکا خو یـــێ ئێخستیە کوندی زاروکێ باب لێ چوی یێ دامایە مەفالـەك وەلێدکەت کو چیروکـــــا غەمداریا خـــــو وێ روژێ بوبێژیت ...دەیکی مرنـــــا بابێ یێ لێ فەشارتی ئاشکەرا د بیت دەمـــێ کچـــا وێ ب تشتەکی د حەسێت راستیێ بو کچکێ دیاردکەت لدویمـا هیێنجیب د فێت بێژیت کو مەفالا وێ هەر ئەو دەرد هەبو

براەەر نجیب چیروکا خۆ ب سێ تابلوا یا درستکری لنـاف مێرگـــێ ... لنـاف ئافاری .. پاش لبـــــەر لاندکێ .

کاك نجیب تفیا هنـــدە تشنا یێ هوشیاربا وەکو .

١ـ [مێرك دریبو ببـــو پرێز ...] پرێز ب تنـــێ بوتشتەکێ بەرهـــەمدار ب کارێت وەکی جەهو گەنما. بوگیای ب کار ناهێـــت و هەوجە نەبو وی مێرگ دابـا دورین چونکە زاروکـــــا قەستدکرێ .

٢ـ [..دخەملینە ژ هەمی رەنگێت یاریا ..]. خەمـل بو یاریا نا هێت چونکە یاری لڤلڤینە ئێك هەلدبن و حەمل تشتەکێ هشکە و راستایـــە دەمێ یاری بێنەکرن خەمـــل دێ ئێك چیت .

٣ـ نجیب نەشیا زارێ وی بچیکی ب دەنێ ئانکـــــو زێدەتر ژ هێزا وی دایێ :

ـ [..هەمی دەما گرنژینا تەفنێ خو لسەر لێفیت نە د نەخشاند ...] دیسا کچـك یا بچیك بو نزانیت زێمـار چیە وئەو زێمارا دویر و درێژ لسەر ئەزمانی بچیکی نـــا کونجێت .

وزخاپاندنا مەزن یـــا کو کاك نجیب تێ نە ئینایە دەرێ دبێژیت : [.. بابێ تـــــە ساەکێ لئاقاری هرچا خار.] ئەفنێ گوتنێ دەیك ژ کچێرا د بێژیت و لاندکا کورکـــێ کچوك دەهژینیت لفیرە ئـەو زاروکێ د لاندکێدا یێ پاش بابە ئانکو ب چەند ســـالا پشتی بابێ خو یێ بوی ... ئەز د بێژم نە یا رێکـــــە لهیرە .

* هندی ئەف چیروکەیە دیمەنەکێ تێکەلە عـــــەدەت رامیاری .. سەیران .. یاری ... تێکەلیا کومەلی کـــچ و کور ... ژ زاروکا کچـــك مەلبزارد لهیرە پێدەندیەکـا سایکولوجیە لدویف بیردوزا فرویدی مەیلا مێری بوژنـــێ ودلوڤانیا وی بەراابەر .. کاك نجیب هندە رستێد جوان یێ د راچاندین وەکی دبێژیـــت [..چیا بو جارا دوێ دێ دێمێ روژێ راموسن] «مەبەســـت ژێ روژ ئاقابو» .

[..کەنیـــەك ب زوری ـ ژگرین چێدکر ..](٥).

ـ٣ـ

چیروکا سێیەم ـ کەپر ـ سەیدا رشید فنـــدی

ل دەمێ خودان ئاقـــــار خولیێك ددەن دابچنە سەخبێریا مالیاتو مەودایێ خۆ دبێژانـا د دانەبەر رەزو زەفیێد خـــۆ هنگێ کەپر تێنە دانان .

بەلێ لهیرە کەپرەکا مەزنە وەلاتەك دێ چیتە د بنقـــــە لبن سیبەرا وێ پالدەت هوسا فان مروڤا کەپر چێکرن بەلێ تەرگەك تێت بێڤەلەرزکـــەك دکەفتە زومێ تەرا بەرا دکەت کەس خو ل کەسێ ناکەتـــە سەمیان و سەرێ دێڤەبەرێ .بیرەکا کەفنە تەمەنـــێوێ بیست سال تێهەیە تەرکـــێ خەلکێ فێ زومێ سنگەپێ و هشك زوها گرن جو جـــارا کەسێ نەدزانی ئەف کەپـــرە هوسا دێ کەفتە بەر فـــــێ تەرکێ نفیسەفان نێکە ژوان کەسێت تەرك بچافێ خو دیتی نێك دانکا وان مروفا دیتـــی زرنە سپیا و سەرکێـــشاو زرنەکا هوسا سەیـــدا وێ راوەستانێ دئێختە قەوارەکێ هو نەزێ ب کەسانو جێهـــو وەختو ومەنەلوج د دیمەنا .. هند .

نەومروف وەکی نوکـــا لبەرێدای بژالە د بنژێهەل و ژوردا و هندەك ژی لجهـــێ خو دمینن زومێ نابەردەن .

رەشید وەسا دەســـت بێدکەت بەرسفا پرسیارەکـا هەردەم پەیدا ددەت .هـــەچ وەکو نـــەف پرسیارە روژێ دووجارا د بێژێ .

پروانە ل : ٧

کۆڕێك دەربارەی چەند شوێنەوارێك لـــە کوردستانا

لەم روژانەی پێشـــودا بەرێوەبەرێتی ڕۆشـنبیری جەماوەر لەسلێمانی کۆڕێکی بەناونیشانی (چەنـــد شوێنەوارێك لەکوردستان) دا بۆ خوشکە شفیقە علی امین (لەیلان) ساز کرد .

تیایدا خوشکە لەیـــلان لەباسەکەیدا کەلێدوانێکـــی مێژوویـــیو شوێنەواریـــو پێشەکی پەنجەی بۆ نـــەوە کێشاو بەنمونەوە وتـــی کەنەتەوەی کورد میللەتێکی رەسەنو یەکجار کۆنـــەو خاوەنی مێژوویەکـــــی دوروردرێژی پر لە شانازیەو هەر لوتکەو چیایەکـــی نیشتمانەکەی داستانیکـــی زۆلەکانی دەگێڕێتەوە .

شایانی باسە ئـــەم لێدوانەش دەربـــارەی دوو کێوی ئاگرینە کەئەگەوێتـــە کوردستانی ژوورومان ئەویش کێوی نەمرودو تەندرۆکـــە لەگەل سێ ئەشکەوتی ناودار لەکوردستانی خـــــوارو ئەوانیش ئەشکەوتەکانـــی تەشوێتاش و هەزار مێـــردو شانەدەرە .

پاشان دەربارەی نەمـــرود وتـــی دووکێو بەنـــاوی نەمرودەوە لەکوردستانـــی ژوورودا هەیە کەهەردوکیـــان ئاگرینن ، یەکەمیان دەکەوێتە رۆژهەڵاتی کوردستانـــی تورکیاو دووەمیـــــان لەرۆژئاوایی هەمان پارچەی کوردستاندایە . پاشـــان دەربارەی چیای تەندرۆك وتی دەکەوێتە نزیك کێـــوی نەمرودی رۆژهەڵاتو پێشـی دەوترێ بورگانی هێمـــن . دوابەدوای ئەمانەش کـــە بەدوروردرێژی دەربارەیـــان کۆڵیەوە هاتە سەرباســـی چەند ئەشکەوتێکی نـــاودار لەکوردستاندا لەوانـــە ئەشکەوتی تەشوێتاش کـە دەکەوێتە چیـــــــای تەشوێتاشەوە پاشـــان ئەشکەوتی هەزارمێـــــرد کەدەکەوێتە پال شاخـــی بەرانانەوەو ئەمـــــەش بریتییـــــە لـــــە (٦) شەش ئەشکـــــەوت کەلەمانە سیانیان ناودارنو یەکەمیان پێی دەوتـــــرێ ئەشکەوتە کـــــەورەو دووەم ئەشکەوتە تاریك و ئـــەوی کەشیان بەئەشکەوتـــــی مانگابەکەل ناســـــــراوەو لەکۆتای باسەکەیدا بەهامـان شێوە دەربارەی ئەشکەوتـــی شانەدەر دوا کەئەمەشـیان دەکەوێتە نزیك گـــــەروی کـــەلی عـــــەلی بـــەگـــك ئەمەو لەسەرئەنجامدا بـــاری سەرنج دەربارەی باسەکـــەی خوشکە لەیلان پیشان درا .

فریـــا

بیرەوەری بەساڵدا چوەکان

عبدالرقیب یوسف

بیـــــــرەوەریی بەساڵداچووەکانی کـــورد سامانێکی بەنرخو گەورەمانەئەگەر توماریبکەین ورزگاری کەین و نەهێڵین ئەوهەمـــووزانیاریییەپـــڕ بەهایەیـــان لەگەڵ بچێتە ژیر خاکەوە .

مێژووی نیوەی یەکەمـی ئەم سەدەیەمان زوری لـــێ نەنوسراوەتەوە بەڵام تائێستا بەشێکی زوری زینـــــدووە لەبیـــــرو ســـــــنگی ئەوپیرەمیردانەی کـــــە بەشداریان کردوون لـــــە روداوەکانداا ویـــان هـــــاو کاتیان بوون وەکـــو شەڕی دەربندیبازیانو دەربەنـــدی رانیەو شەڕەکانی حەریـــرو باتاسو کوفریو یان بلێـــن (گەرمییان بەسەرکردایەتـــی ابراهیم خانی دەلۆیـــــیو ڕەفعـــەت بەگـــــی داوودە وکەریمی خـــروبەگـــــەو هندەێکی تر دژی هیزەکانی ئینگلیزو هەروەها شەرەکانی گەلیێ مزورکاو سوارەتوکاو کەلها شابانی .. لە ناوچەی بادیناندا کاتی زوربـــــەی عەشائرەکانی بەهدینـــــان راپەڕین دژی هێـــــــــزی ئینگلیزی داگیرکـــــــەر بەسەرکردایەتی پیاوێـــــن وەکوو حاجـــی رشید بەگی بەرواریو حاجی شعبانـــــی ئامێدیو (حاجی صادقـــــی برۆای گولیو هەسو دینـــــو (حسو دینوی)ی گویـــــیو طاهری هەمزانی ،و هـــەروا شەڕی شێخ فرەجی بانـــــی بنوکو ئەحمەد بەگی ریشینو محمدی سان احمـــــدی یەزدان بەخشی لـــە ناوچەی سەید صادقو هەلەبجـــەو شەمیران .

جێگەی داخە کـــــــە ڕۆشنبیرانی کورد (کـــــە زوربەیان خەریکی شـــیعرو چیروکی نوێن) نرخـــــــی مێژوی فراوانی نووسراویان نازانن یـــان تەمەلی دەکـــەن لە تومارکردنو نوسینی لـــە بیرەوەری بە ساڵداچووەکان

نەك هەر مێژوو بەلکـــوو زۆری لـــــە کەلەپـــوری جۆربەجۆری کـــــوردی زیندووە لە یادو بیریـــــاندا پیویستە لەسەر هەموومـــان هندەك لە ئیشوکـــــاری (شخص)مان لە شـــــیعرو چیرۆکو کتێب دانان لەسەر سەرچاوەکانی بلاوکـــراوەی

ـ بەجێبهێڵینو یـــــان کزبکەینو ملبدەینـــــــە تۆمارکردنی بیـــــرەوەریی بەساڵداچووەکان بـــــۆ رزگارکردنی مێـــــــژووو کەلەپووری نەنوسراویان نابێ ئەم مەوزوعە دوابخرێ چونکە (فەوری)یە هەموو ساڵێـــك ئەدەبیمان کە قابلی فەوتاندن نەبێ (فوری) نیەو دەیتوانین دوا بیخەین ئیمە لە قوناغی کوکردن دایینو نەکەیشتوین قوناغی (دراسات)و هەروەها نەگەیشتوین قوناغـــــی (اختصاص) لە سەر شانی هەم نوسەرو دانـــــــەرو ڕۆشنبیریکی ترئی کـــوردە ئێستا کەلەپوور رزگار بکەن لە ناوچونو فەوتاندن . ئەو کاتە قۆناغی (اختصـــاص) دێتەپێش کاتی هەمـــــوو لایەنو لقەکانی کەلەپـــوورو ڕۆشنبیری کوردی بۆشـــو (شاغر) نەمێنی لـــە نوسەرو دانەرو لێکولەرەکان بـــــەڵام ئێستا هندەك لق بێخاوەنەو یان ئەو کەسانەی بایەخـــی پێدەدەن چەند قلیکن بەلکو هندێك لق هەیە تا ئێســـتا هەر لە تاریکیدا ماوە . (اختصاص) بـــە زروفیکـــــ مەوزوعی راستەقینەنە داتاشراوی و بۆ هـــــدد هزیەکانی وەختیو هاندانـ بریقەدار .

ـ دیتە پێشو دروســـ دەبێ . دەبێ بزانین ئێمـــ ئێستا لە قوناغـــــــ (زەروریەت)ین نەك قۆنا (کەمالییەت) دەبێ بەگوێر پێویستی ئیش بکەین نـ بەگوێرەی ئاسانی هندێ بابەت هندیك کەس بەد

(اخاص)ەوە چی لە بارەی شرو یا چیرۆك و یا زمانو یاڕۆو ،

. رادەکەن لە ڕەنجـــی ـانو سوڕان بۆ کۆکردنو ـارکردنی کەلەپـــوری ـونە نووسراوەو خۆیـــان ـبیرسراو نایزانن بەرامبەر ناوچوونی دەیان هـــەزار ـگەنامە (وثائقی) کـــوردی ـم شەش حەوت ســـالـــی ـایی دا تەنیا لە شـــاری ـلێمانیو دەورو پشتی . ـایا دەبێ بڵێین کەســـ ـسۆول نیە بەرامبەر ئـــەم ـارەساتانە یـــان هەموومان ـەسۆولین و دەکەوینە بـــەر ـەنەتی مێژوو چینەکانـــی ـاهاتوومان .

لەبەرئەوەی کـــــە دارو ـەزگایەکی تایبەتیمان نیـــە ـۆ کۆکردنی کەلەپوور وەك ـمدیریە التراث الشعبی)و ـەرکەزێکی وەسائقیمان نی یە ـۆ کۆکردنەوەو پاراســـتنی ـکەلەپوری وەسائقی ـ ئینر ـدەبێ ئێمە بەم کـــــارو ـپێویستییانە هەســـتینو ـدەکەوێتە سەرشانی هەمـــوو ـروشنبیرانی کورد نەك هەر ـلە سەرشانی چەند کەسێك ـکە چەند هەوڵو تەقـــەلا ـبدەن ناتواتن لە قەترەیەکـــی ـزیاتر بەدێبێتن لە دەریـــای ـمێژوو کەلەپور .

Institut Kurde de Paris

مامۆستا عبدالجبارعبدالرحیم وەزیری گواستنەوەو پەیوەندکاری بۆ هاوکاری دەدوێ

رۆژنامەکەمان ، بەمەبەستی روونکردنەوەی ئەو ئەرکە گەورانەی وەزارەتی گواستنەوەو پەیوەندکاری لەخزمەتکردنی رەوتی ولاتەکەماندا بەجێیان ئەهێنێو ئەو پرۆژە گرنگانەی ئەم وەزارەتە رایان ئەپەڕێنێت گفتوگۆیەکی سەرجەمی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عبدالجبار عبدالرحیم وەزیری وەزارەتی ناوبراو دا کردو والێرەدابەشی یەکەمی ئەو گفتوگویە بلاو ئەکەینەوە .

★ئەو پرۆژانە چین کە لەبواری گواستنەوەو پۆستەو تەلەگرافو تەلەفووندا لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا جێبەجێ کراونو ئایا پرۆژەی مایکرۆویفو کێبلە میحوەری یەکانیان تیایە ؟

ـ لە ڕوانگەی ئەوەو ئامانجو بیروباوەڕە ناوەندییە نیشتمانیو تەتەوەیی یانەی کە سەرکردایەتی سیاسی دەسنیشانی کردوونو شان بەشانی ئامانجەکانی خوارەوەی تیابوو ..

یەکەم ـ لە بواری گواستنەوەدا هێڵی ئاسن

نەخشەی گەشەپێدانی نەتەوەیی ئەوەی کردوەتە ئامانجی کە لێکۆڵینەوە بکا بۆ فراوانکردنی کۆمەڵە هێڵی ئاسن بەهۆی بەستنی جۆرەها لای ولاتەوە بە هێڵی ئاسنەوە .

گواستنەوە بەسەر ڕێگاوباندا

چالاکی یەکانی دەزگای گشتی گواستنەوەی سەرزەوی فراوان دەکرێ بۆ ئەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بکرێتەوە چ لە گواستنەوەی هاتوچۆکەران یا کەلوپەلداو بەم جۆرەیەی خوارەوە :

أ ـ گواستنەوەی هاتوچۆکەران :

لە ساڵی ١٩٧٦دا دەزگای گشتی گواستنەوەی هاتوچۆکەران دامەزرێنرا کە یەکێکە لە دەزگاکانی دەزگای گشتی گواستنەوەی سەرزەوی بۆ ئەوەی هاتوچۆکەران بگوێزێتەوە لە نێوان پارێزگاکانی ولاتداو دەزگاکەیش لە ساڵی ١٩٧٨دا دەستی کرد بە گوێزانەوەی سۆشیالیستی بەهۆی پاسە هەوا بۆ فراوانکردنی کۆمەڵە هێڵی ئاسن بەهۆی بەستنی جۆرەها لای ولاتەوە بە هێڵی ئاسنەوە .

گواستنەوە بەسەر ڕێگاوباندا

چالاکی یەکانی دەزگای گشتی گواستنەوەی سەرزەوی فراوان دەکرێ بۆ ئەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بکرێتەوە چ لە گواستنەوەی هاتوچۆکەران یا کەلوپەلداو بەم جۆرەیەی خوارەوە :

أ ـ گواستنەوەی هاتوچۆکەران :

لە ساڵی ١٩٧٦دا دەزگای گشتی گواستنەوەی هاتوچۆکەران دامەزرێنرا کە یەکێکە لە دەزگاکانی دەزگای گشتی گواستنەوەی سەرزەوی بۆ ئەوەی هاتوچۆکەران بگوێزێتەوە لە نێوان پارێزگاکانی ولاتداو دەزگاکەیش لە ساڵی ١٩٧٨دا دەستی کرد بە گوێزانەوەی سۆشیالیستی بەهۆی پاسە هەوا پوختەکانیان کە هەموو پێداویستەکانی ئیسراحەتو دڵخۆشیان تیایە .

دەزگاکەیش پاسەکانی لە گەراجەکانیەوە لە بەغداد دەخاتە ڕێ بۆ پارێزگاکانی سەرەوەو بە کرێیەکی مامناوەندیو بەم هێڵانەدا :

ـ هێڵی بەغداد (گەراجی کەرخ) ـ دهۆك ٤٦٥کم .

ـ هێڵی بەغداد (گەراجی رەصافە) ـ سلێمانی ٤٠٠کم

ـ هێڵی بەغداد (گەراجی رەصافە) ـ هەولێر ٣٧٠کم .

هەروەها دەزگا نووسینگای لە هەولێرو سلێمانیو دهۆك کردوەتەوە بۆ دابین کردنی جێگا بۆ ئەوانەی هاتوچۆ دەکەنو هەروەها هۆلیشی تەرخان کردوە بۆ پشوودانی هاتوچۆکەران .

بێجگە لەمەیش دەزگاکە سەرپەرشتی ڕێك و پێکی کەرتی تایبەتیو ئۆتۆمبیلە ئەهلی یەکان دەکا کە لە نێوان بەغدادو هەموو پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی ولاتدا ئیش دەکەن .

ب ـ گواستنەوەی کەلوپەل :

بەهۆی ئۆتۆمبیلی گەورە بارەوە دەزگای گشتی گواستنەوە بەسەر زەویدا هەموو پارێزگاکانی ولاتی گرتوەتەوە بە چالاکی یەنیو کەلوپەلی ئاسایی و تایبەتی دەگوێزێتەوە .

گواستنەوەی ئاسمانی :

بەپێی نەخشەی گەشەپێدانی نەتەوەتی ٨١ ـ ١٩٨٥ گواستنەوەی ئاسمانی ناوخۆیی بەپێی دەدرێو چەند فرۆکەخانەیەك دەدەستدەکرێ لە زۆر پارێزگادا بە پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیشەوە لە ڕاستیشدا دەستاوە بە لێکۆڵینەوەی کردەوەی هەندێ فرۆکەخانە ناو ولاتداو بەکارهێنانی پۆکەی بچووك بۆ خەڵك گوێزتنەوە لەناوەوەی ولاتدا .

دەووهەم : لە بواری پۆستەو تەلەگرافو تەلەفوندا :

بەپێی نەخشەی گەشەپێدانی نەتەوەیی ١٩٨١ـ١٩٨٥ خزمەتگوزاری خۆبەخۆیی تەلەفۆن لە مەلبەندی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا پەرەی پێدەدری بۆ ئەوەی ڕادەی زۆری تەلەفۆن زیادبکرێ ، لەگەڵ داپۆشینی مەلبەندی پارێزگاکان بە سیستەمی پێوەندی پشت پێبەستراوی وەك مایکرۆوەیفو کێبلی میحوەری بە جۆرێکی وا زیاتر لە یەك هۆی پێوەندی تەلەفۆنی هەبێ لەگەڵ دابین کردنی هۆی پێوەندی بۆ مەلبەندی قەزاو ناحیەکان خزمەتگوزاری تەلەفۆنی ئال هەموو مەلبەندەکانی پارێزگاکانی گرتوەتەوەو تا ڕادەی قەزاو هەندێ ناحیەیش کەبشتوەو ئیستا پێوەندی نیشتمانی بەهۆی سیستەمی مایکرۆوەیفی

★ئایا جەنابتان دەفەرموون باسی بواری گواستنەوەمان بۆ بکەن لە ولاتدا لەگەڵ ڕادەی پێشکەوتنو ئاسۆی دواڕۆژو گرنگترینی ئەو پرۆژانەی کە دەبنە هۆی بەرەوپیش بردنی گواستنەوەو پێوەندی .

ـ باشکردنو بەرەوپیش بردنی دەمارەکانی گواستنەوە بە بناغەی هەموو تەلەلایەك دادەنرێ بۆ بەرەوپێش چوونو بەرز کردنەوەی پلەی گوزەران ، بەلکو بە پێویستی یەکانی گەشەکردنی بنەڕەتی یەکانی گەشەکردنی ئابوورینو کۆمەڵایەتی هەموو ولاتێك دادەنرێ .

لە ڕوانگەی گرنگی یەکەی کەرتی گواستنەوەو پێوەندی یەوە کە یەکێکە لە بناغە سەرەکی یەکانی بنیاتنانی ئابوورییەکی نیشتمانی ساغو هێنانەدی کۆمەڵگای سۆشیالیستی ، نەخشەیەك دانراوە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم کەرتە بۆ ئەوەی بتوانێ دەوری خۆی ببینێ لە هێنانەدی مەبەستو ئامانجە نیشتمانی یەکانا بە جۆرێکی وا بگونجێ لەگەڵ کۆڕانە چاوەڕێکراوەکانی کەرتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیداو ئەمەیش بڕێتیە لە !

لە بواری هێڵی ئاسندا .

گرنگترین دەستکەوت لە ساڵانی نەخشەدا ئەمانەن :

ژمارەی تەلەفۆنی		خۆبەخۆ دەستی و تایبەتی	
نادی پارێزگا	٧٣	١٩٨٢	ڕێژەی زیادبوون
دهۆك	٦١٠	٢٦٤٢	٪٣٣٣
هەولێر	٤٧١٧	١٥٦٥٠	٪٢٣٢
سلێمانی	١٦٧٦	١٣٠٨٠	٪٧٤٠
هەموو پارێزگاکانی	٧٠٠٣	٣١٣٧٥	٪٣٤٨
ئۆتۆنۆمی			
بەغداد	٨٣٤٨٨	٢٧٣٤٥٠	٪٢٢٧
پارێزگاکانی تر	٥٥٠٩٣	٢١٠٠٩٠	٪٢٨١
هەموو	١٤٥٥٨٤	٥١٤٩٣٣	٪٢٥٤

نەخشەدانان بۆ هێنانەدی ئەم پرۆژانە :ـ

لە بواری گواستنەوەی سەرزەویدا .

أ ـ کەلوپەل گواستنەوە.

١ ـ ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیلی باربەر کرڕاوەو هەندێکیان ئۆتۆمبیلی تایبەتین وەك ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی دانەویلەو چیمەنتۆو لوولەو ئۆتۆمبیلی قەللابەو حەوزیو ئۆتۆمبیلی سارد .

٢ ـ هەندێ گەراج لە بەغدادو بەسرەو نەینەوادا دروستکراوە بێجگە لە گەراجو مۆلگەخانەی ئۆتۆمبیل لە کوفە .

٣ ـ هەندێ نووسینگای کەلوپەل گواستنەوە دروستکراوە وەك نووسینگای سەفوانو خلیل و واسط .

عێراق لە ڕووی گواستنەوەو پەیوەندکاریەوە نوێ ترین پێداویستی سەردەم بەکار ئەهێنێت

نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی لە گەشەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتی فراواندا بۆ گۆڕینی سەرتاپای کۆمەڵگا دەبوو کەرتی گواستنەوە وەك کەرتەکانی تر بەشداری بکا لە هێنانەدی مەبەستو ئامانجە نیشتمانی یەکانا .

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەی ڕابوورد نەخشەکانی گەشەپێدانی نەتەوەیی بەجۆرێ ئاراستەی کەرتی گواستنەوەو پێوەندی کران پێوەندی، لەنێوان هەموو بەشەکانی ولاتدا دابین بکا بەهۆی فراوانکردنی هۆیەکانی ئیستای گواستنەوەو پێوەندیو دابین کردنی پێویستی یەکانیان بەپێی تازەترینو پێشکەوتووترین سیستەم .

لەبەر ئەوە ئامانجو پرۆژەکانی هەموو چالاکی یەك لە چالاکی یەکانی گواستنەوەو پێوەندی لەبارەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەوە ئەمانەی خوارەوە تیابوو ..

یەکەم ـ لە بواری گواستنەوەدا هێڵی ئاسن

نەخشەی گەشەپێدانی نەتەوەیی ئەوەی کردوەتە ئامانجی کە لێکۆڵینەوە بکا لە ڕەوانکردنی کۆمەڵە هێڵی ئاسن بەهۆی بەستنی جۆرەها لای ولاتەوە بە هێڵی ئاسنەوە .

گواستنەوە بەسەر ڕێگاوباندا

چالاکی یەکانی دەزگای گشتی گواستنەوەی سەرزەوی فراوان دەکرێ بۆ ئەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بکرێتەوە چ لە گواستنەوەی هاتوچۆکەران یا کەلوپەلداو بەم جۆرەیەی خوارەوە :

أ ـ گواستنەوەی هاتوچۆکەران :

لە ساڵی ١٩٧٦دا دەزگای گشتی گواستنەوەی هاتوچۆکەران دامەزرێنرا کە یەکێکە لە دەزگاکانی دەزگای گشتی گواستنەوەی سەرزەوی بۆ ئەوەی هاتوچۆکەران بگوێزێتەوە لە نێوان پارێزگاکانی ولاتداو دەزگاکەیش لە ساڵی ١٩٧٨دا دەستی کرد بە گوێزانەوەی سۆشیالیستی بەهۆی پاسە هەوا پوختەکانیان کە هەموو پێداویستەکانی ئیسراحەتو دڵخۆشیان تیایە .

دەزگاکەیش پاسەکانی لە گەراجەکانیەوە لە بەغداد دەخاتە ڕێ بۆ پارێزگاکانی سەرەوەو بە کرێیەکی مامناوەندیو بەم هێڵانەدا .

ـ هێڵی بەغداد (گەراجی کەرخ) ـ دهۆك ٤٦٥کم .

ـ هێڵی بەغداد (گەراجی رەصافە) ـ سلێمانی ٤٠٠کم

ـ هێڵی بەغداد (گەراجی رەصافە) ـ هەولێر ٣٧٠کم .

هەروەها دەزگا نووسینگای لە هەولێرو سلێمانیو دهۆك کردوەتەوە بۆ دابین کردنی جێگا بۆ ئەوانەی هاتوچۆ دەکەنو هەروەها هۆلیشی تەرخان کردوە بۆ پشوودانی هاتوچۆکەران .

بێجگە لەمەیش دەزگاکە سەرپەرشتی ڕێك و پێکی کەرتی تایبەتیو ئۆتۆمبیلە ئەهلی یەکان دەکا کە لە نێوان بەغدادو هەموو پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی ولاتدا ئیش دەکەن .

ب ـ گواستنەوەی کەلوپەل :

بەهۆی ئۆتۆمبیلی گەورە بارەوە دەزگای گشتی گواستنەوە بەسەر زەویدا هەموو پارێزگاکانی ولاتی گرتوەتەوە بە چالاکی یەنیو کەلوپەلی ئاسایی و تایبەتی دەگوێزێتەوە .

گواستنەوەی ئاسمانی:

بەپێی نەخشەی گەشەپێدانی نەتەوەتی ٨١ ـ ١٩٨٥ گواستنەوەی ئاسمانی ناوخۆیی لەڕەی پێدەدرێو چەند فرۆکەخانەیەك دەدەستدەکرێ لە زۆر پارێزگادا بە پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیشەوە لە ڕاستیشدا دەستاوە بە لێکۆڵینەوەی کردەوەی هەندێ فرۆکەخانە ناو ولاتداو بەکارهێنانی پۆکەی بچووك بۆ خەڵك گوێزتنەوە لەناوەوەی ولاتدا .

★ئایا جەنابتان دەفەرموون باسی بواری گواستنەوەمان بۆ بکەن لە ولاتدا لەگەڵ ڕادەی پێشکەوتنو ئاسۆی دواڕۆژو گرنگترینی ئەو پرۆژانەی کە دەبنە هۆی بەرەوپیش بردنی گواستنەوەو پێوەندی .

ـ باشکردنو بەرەوپیش بردنی دەمارەکانی گواستنەوە بە بناغەی هەموو تەلەلایەك دادەنرێ بۆ بەرەوپێش چوونو بەرز کردنەوەی پلەی گوزەران ، بەلکو بە پێویستی یەکانی بنەڕەتی یەکانی گەشەکردنی ئابوورینو کۆمەڵایەتی هەموو ولاتێك دادەنرێ .

لە ڕوانگەی گرنگی یەکەی کەرتی گواستنەوەو پێوەندی یەوە کە یەکێکە لە بناغە سەرەکی یەکانی بنیاتنانی ئابوورییەکی نیشتمانی ساغو هێنانەدی کۆمەڵگای سۆشیالیستی ، نەخشەیەك دانراوە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم کەرتە

١ ـ هێڵەکانی ئیستا قایم کران (هێڵی بەغداد ـ بەسرەو بەغداد ـ مووسڵ)و توانای گواستنەوەیان لەسەر زیادکراو خێرایی شەمەندەفەرە کانیان لەسەر زیادکرا .

ژمارەیەکی باشیش لە فارگۆنی شەمەندەفەر کرڕاوە بۆ خەڵك گواستنەوەو باربردن بۆ ئەوەی پێویستی بهێننەدی .

ژمارەی ئەوانەیش بە شەمەندەفەر هاتوچۆیان کردووە لە ١ر٧ ملیۆنەوە لە ساڵی ١٩٦٧دا زیادبوە بۆ ٣ر٦ ملیۆن لە ساڵی ١٩٨٠دا و کێشانەی ئەوەو کەلوپەلەیش کە گوێزراوەتەوە لە ٢ر٩ ملیۆن تەنەوە لە ساڵی ١٩٦٧دا زیادبووە بۆ ١ر٧ ملیۆن تەن لە ساڵی ١٩٨٠دا .

٢ ـ لێکۆڵینەوەی سەرەتایی تەواوبووە بۆ هەموو پرۆژە گەورەکانو پاش ئەمە دەستکراوە بە لێکۆڵینەوەی دوورودرێژ

ب ـ گواستنەوەی خەڵکی لە نێو شارەکانا :

١ـ دەزگای گواستنەوەی هاتوچۆکەران دامەزرێنرا کە یەکێکە لە بەشەکانی دەزگای گشتی گواستنەوەی سەرزەوی لە ساڵی ١٩٧٦داو لە ١ـ٥ـ١٩٧٨دا دەستی کردە کار لە بواری گواستنەوەی سۆشیالیستدا

٢ ـ ژمارەیەکی زۆر نووسینگا بۆ ئەم دەزگایە کرایەوەو ئیستا ژمارەیان ٢٦ نووسینگایە (٣)یان لە بەغدادانو ئەوانی تریان کە (٢٣) نووسینگان لە پارێزگاکاندانو ئەم نووسینگایانە شوێن بۆ ئەو هاتووچۆکەرانە دەگرێ کە دەیانەوێ هاتووچۆ بکەنو بێجگە لەمەیش هۆلی پشوودان تەرخان کراوە بۆ خزمەتکردنی هاتووچۆکەران.

● ماویەتی ●

ڕێگای ئێران و هەمۆنیزم

● هێمن اسماعیل ●

وا ماوەیەکە بەسەر گەورەترینو درندەترین هێرشەکانی خومەینی تێپەڕیوە ، کە دەستەڵاتدارانی ئێران ناویان نابوو بە هێرشی یەکجاری وە یاخود دوایەمین هێرشیان بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی بەسرەو میسان . دەزگا ڕاگەیاندنە ئیمپریالیزمەکانو سەهێونیزمەکان لە ماوەیەکی زۆر زووەوە کەوتنە باس کردنو لێکدانەوەی ئەم هێرشە گەورەیە کە ئەوانیش هەر بە هێرشێکی کۆتاییان دائەنا ، چونکە بە شێوەیەکی ئاشکراو روون دەرکەوتووە کە بیرو باوەڕو ڕێرەوی کاربەدەستانی ئێرانو سەهێونیزمەکانو ئیمپریالیزمەکان هیچ جیاوازێکی نیەو هەموویان هیواو ئاواتیان داگیرکردنو چەوساندنەوەی خەڵكو خواردنی خێرو بێراتی وولاتانە . لە لایەکی تر جوان دەرکەوتووە کە هیچ هێزێك نیە بتوانێ هەنگاوێك بێتە ناو خاکی عیراقەوە ، چونکە ئەزانن عیراق وولاتێکی سەربەخۆی بەهێزی یەکگرتووە ، ڕۆڵە نەبەردەکانی هەموو کاتێك ئامادەن کە قوربانی بدەن لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی عیراقو بەرگری کردن لە هاوڵاتیانی ، ئەمەش ترسێکی زۆری خستۆتە دڵی کاربەدەستانی ئێرانو وولاتە ئیمپریالیزمەکان ، بۆیە بە هەموو هێزێك ئەیانەوێت عیراق لاوازبێتو بێتە نێچیرێك بە دەستیان ، بەڵام ئەمە خەیاڵێکی قووڵو خاوە ، چونکە بە هەموو هێزو تواناو پرۆپاگندەو درۆو دەلەسە هەوڵئەدەن ئامانجەکانیان لە عیراق بێنەدی ، بەڵام وا بە چاوی خۆیان ئەبینن کە عیراق ڕۆژ بە ڕۆژ لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر ئەروات کاتێ خومەینیو دارو دەستەی گەورەترین هێرشیکردە سەر عیراق ، کەوتنە هاوارکردنو تەپڵ لێدا کە بەشێکی زۆری خاکی عیراقیان داگیرکردوە دەزگا پرۆپاگندە ڕۆژئاوایەکانیش لەگەڵ ئەوار دەستیان بە پرۆپاگندەکرد بۆ ئەم (سەرکەوتنا مەزنە) بەڵام لە ناکاو دوژمنانی عیراق خورپەیان کەوتە دڵ ، چونکە ئەم هێرشە گەورەیان بە جۆرێك تێك شکێنراو بەرپێچ درایەوە کە هەرگیز شتیوایان بە چاو نەدیبوو ، ئەوانەی کوژراونو ئەوانەی لە زەلکاوەکان خنکان ، بەم جۆرە هێرشەکەیان بوو بە کارەساتێکی گەورە .

کاتێ کە ڕۆڵە نەبەردەکانی عیراق وەکو هەموو جارەکانی پێشوو هێرشە یەکجاریەکەی خومەینیان تێك شکاند ، چارێکی تریش بۆ هەموو جیهان ڕوون بووەوە ، خاکی عیراق هەموو کاتێك گۆرستان بووە بۆ دوژمنانیو عیراق ڕۆژ بە ڕۆژ لە پێشکەوتنو بەهێزبووندایە ، بۆیە ئەمجارەش کەوتنە هاوارو بانگ کردن گوایە عیراق چەكو تەقەمەنی کیمیاوی بەکارهێناوە ، کە ئەمەش شتێکی قەدەغەکراوە لە جیهاندا .

بەڵێ دەستەڵاتدارانی ئێران ئەم درۆو دەلەسانەی چەکی کیمیاویان کردە چاولێ پۆشینێكو خۆشاردنەوەیەك بەرامبەر بەو تێك شکانە گەورەیەی لە هێرشی یەکجاریان بەسەریان هات ، وە وایان بە گەلانی چەوساوەی ئێران پیشاندا ، لەبەر چەکی کیمیاویبوو کە ئەم هێرشەیان سەرکوت کرا ، بەڵام دەستەڵاتدارانی قوم و تاران کە عیراقیەکان بەرگری لە مافی ڕەوای خۆیان ئەکەنو ڕۆڵەکانی ئامادەن بە گیان قوربانی بدەن لە پێناوی نیشتمانو سەرکردە صدام حسین .

ئەمجارەش ڕەگەزپەرستانی ئێران تەنها ڕووڕەشیان بۆ مایەوەو گەلانی ئێرانیش چاك تێگەیشتن بەردەوام بوونی شەر تەنها بۆ مانەوەی ئەم ڕژێمە بۆگەنەیە ، بۆیە ئێستا هەموو لایێك هەولی یەکگرتنو خەباتو شۆڕش ئەکەن بۆ لەناوبردنی ئەم ڕژێمە بۆگەنە کە ئاواتی هەموو گەلانی جیهانە ، دیارە ئەم ڕۆژەش بەرە بەرە نزیك ئەبێتەوە .

وردبوونەوەیەك لە شوێنەوارە دێرینەکانی شاری هەولێر

پاشماوە

لە سەردەمەکانی ئیسلامیشدا هەولێر ناوە کۆنەکەی بە شێوەی (اربل) پاراستووەو ئێستاکەیش برا هەولێری یەکانی خەلکی قەڵا ئەربیل (اربل)ی ناودەبەن .

ئاشکراشە کە قەڵای هەولێر لە مێژووی کۆنیدا بە بەردەوامی شوێنێکی کرنگو ستراتیجی لە نێوان ئیمپراتۆریەتو میرنشینو شارەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ خۆی داگیر کردووەو هەمیشە ئێستگەیەکی بازرگانو گەڕیدەو لەشکرەکان بە ناپیەتی لەشکری هێزە داگیرکەرەکان بووە .

جا گومان لەمەدا نیە کە وەکەیشی (اربل) هەر سەر زاران بووەو بە وچە جیاجیاکاندا وبۆتەوەو هەرکیز ڕامۆش نەکراوە . لە نێکدا ناوی دەیان شاری زمەریو ئاشووری تری چەکە لە ژێر کەلاوەی ارەکاندا وون بوونو اونەتەوە .

بەڵام دەربارەی چۆنیەتی دابوونی ناوی (هەولێر)ی ستاکە هەندێك لە زانا ـۆرەکانو دایەرەی ـیفی ئیسلامی باوەریان کە ناوە کۆنەکە لە لایەن کی شارەکەو کوردەکانی ناوچەکە بە درێژایی روژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووەو زیاتر لەگەڵ ئاخاوتنی کوردی بەم شێوەیە گونجێندراوە : [ئەربیلا ـ ئەربل ـ ئەرویل ـ ئوریل ـ هوربیل ـهولیر ـ هەولێر].

چەند ڕاستی یەك دەربارەی گرنگێتی شوێنەوارەکانی ناوچەکە :

لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیدا لەگەڵ بەڕێوەبەری شوێنەوارەکانی هەولێرو لە ئەنجامی سەرنجدانی پیشاندراوەکانی ناو موزەخانەی هەولێرو چاوپیاخشاندنێك بە هەردوو ئەتلەسو ڕێپیشاندەری شوێنەوارەکان لە عیراقدا ئەم چەند ڕاستی یەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوتن :

١ ـ ٧٠٠ جێگای شوێنەواری کۆن (موقع آثاری) لە پارێزگای هەولێردا هەیەو ڕاگەیاندنی شوێنەوار (اعلان آثاری) یشیان لەسەر کراوە .

٢ ـ جەڕەیەکی دووبەشی کە وەکو دارەمەیت بەکار هاتووە لەگەڵ کۆمەڵێك چەکو بەردینو شتومەکی قوڕینەی ڕەنگاورەنگ لە گردی قالیج ئاغا کە ئیستا کەوتۆتە ناو شاری هەولێر لە قەراج ڕێگای کەرکووك دۆزراونەتەوە کە بۆ (٤٠٠٠ـ ٣٠٠٠ ساڵ پ ـ ز) دەگەڕینەوە .

٣ ـ مێژووی دروستکردنو ئاوەدانیو شارستانێتی قەڵای هەولێرو زۆربەی قەڵا شوێنەوارەکانی تری پارێزگای هەولێر بۆ ئەم سەردەمە مێژوییانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە :

[حلفو عبید : ٥٠٠٠ ـ ٣٥٠٠ پ ـ ز ،

وەڕکا : ٣٧٠٠ ـ ٣١٠٠ پ ـ ز ،

سەردەمی دەستپێکردنی نووسینی : ٣٢٠٠ پ ـ ز ،

جمدە نصر : ٣١٠٠ ـ ٢٩٠٠ پ ـ ز .

پەیدابوونی بنەمالەکانی سومەری : ٢٩٠٠ ـ ٢٣٥٠ پ ـ ز ،

ئەکەدیەکان : ٢٣٥٠ ـ ٢١٥٩ پ ـ ز ،

گوتی یەکان : ٢٢١٠ـ٢١١٦ پ ـ ز ،

دووا سەردەمی سومەریەکان : ٢١١٦ ـ ٢٠٠٣ پ ـ ز ،

هەرسێ سەردەمی بابلی کۆنو یەکەمو دووای ڕووخانی کیشی یەکان : ٢٠١٧ ـ ١٠٢٥ پ ـ ز ،

سەردەمی ئاشووریەکان : ٢٥٠٠ ـ ٦١٢ پ ـ ز ،

دەولەتی کلدانی : ٦٢٦ ـ ٥٣٩ پ ـ ز ،

فارسە ئەخمینی یەکان : ٥٥٠ ـ ٣٣١ پ ـ ز ،

سەردەمی ئەسکەندەری گەورە : ٣٣٤ ـ ٣٢١ پ ـز،

سلووقیەکان : ٣١٢ ـ ١٣٩ پ ـ ز ،

فرش یەکان : ١٣٩ پ ـ ز تاکو ٢٢٦ ز ، ساسانی یەکان : ٢٢٦ ـ ٦٣٧ ز ، سەردەمەکانی ئیسلامی خەلیفەکانی ڕاشدینەوە تاکو دووا سەردەمی عوسمانی یەکان : لە ٦٣٢ ـ ١٩١٧ ز].

٤ ـ دۆلی ڕافدینو هەرێمی کوردستان وەکو ناوچەو شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهانی کۆن شارستانێتی سەردەمە هەرە کۆنەکانی جیهانیان بە خۆیانەوە بینیوەو مەلبەندی شارستانێتی کۆنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن .

ـ ماویەتی ـ

سەرنجێك :

بە پێویستمان زانی لە دووا بەشدا بە یەکەوە پەنجە بۆ هەموو سەرچاوەکان ڕابکێشین .

Institut kurde de Paris

پاله ل عیراقێ

وەلاتێ ئاڤادکەن و بەرەڤانیێ ژێ دکەن

● جمال سلیمان قاسم ●

دەمێ ئەم شاهێت گولانێ دکەین هەر سال ل ای گولانێ چەژنا پالێت جیهانێ . ل وەلاتێ مە ل عیراقێ ڤان شاهیا کامەکا دی یاهەی ، گەلەك کام ژی تێن ، دەمێ ئەم بەرێ خۆ دەینە سەروبەرێ پالا ل عیراقێ ، چینا پالا دناف سەروبەرەکێ پر کامەرانیدا دژین ولبن سیبەرا گەلەك دەستکەفتیا ویاساێت هاتینە داناندن بۆ خۆش‌کرنا ژیارا پالا ل عیراقێ یاسا ژمارە ١٥١ ئەوا هەمی مافێت پالا تێدا هاتینە مسوگەرکرن . وقانینا تەقاعدا پالەی ل عیراقێ بەرەکێ بنیاتی بوو بۆ ژیارەکا خۆشتر وبۆ باشەرۆژەکا پر کامەرانی بۆ پالێت مە .

وسەخبێریا بەردەوام ئەوا قوومانداریا پارتێ وشۆرەشێ ددەتە پالێت مە ێت خۆشتفی بگرە ژ زێدەکرنا معاشێت پاك وزێدەکرنا پارێت بچیکێت پالا وپەیداکرنا ڤانێت باش بۆ پالا ئەڤە هەمی نیشانا وێ سەخبێریا بەردەوامە ئەوا شۆرەش دەتە چینا پالا ل عیراقا سەرکەتنێ .

ژبیر نە کەین سەخبێریا تایبەتی ئەوا قوومانداریا پارتێ و شۆرەشێ ددەتە ژنکا پالە وپەیداکرنا هەمی دەلیڤێت شولی بۆ ژنکا پالە دا ژنک مل بحل دگەل برایێ خۆ یێ پالە ل کارخانا وپرۆژا شول کەت وبەرهەمی زێدەکەت بۆ ئاڤاکرنا عیراقێ .

دەمێ ئەڤرۆ ئەم شاهێت پالا دکەین پالێت عیراقێ ، ودناف سەرکەتنێت مەزن ئەوێت سەربازو وەتێرخاسێت عیراقێ تۆمارکرین ل هەمی مەیدانێت شەری .

پالێت مە ئەڤرۆ بدەستەکی یێ تڤەنگێ دهەلگرن یێ بەرەڤانیا عیراقێ دکەن هە چی دناف رێزێت عەسکەرێ میللیدا ئان دناف رێزێت هێنرێت مەێت قارەمانەدا . و دناف کارخانادا دەمی بەرهەمی زێدەدکەن .

پالێت مە ل عیراقێ بدەستەکی مەربێل و لاهازو ئامیرەتێت ئاڤاکرنێ هەلدگرن .

وبدەستێ دی بەرێ تڤەنکا خۆ دەنە دۆژمنێت عیراقێ دا هەمی دەما عیراقا سەرکەتی بیت دا یا ئاڤابیت یا پێش‌کەتی بیت ، دا ئەو چاڤێت بعیراقێ رانەبن ، دا ئەو چاڤ پەڤی ، چاڤێت دۆژمنا .

پرۆژە وکارخانە دێ دئاڤابن بدەستێت پالێت عیراقێ ، عیراق دێ یا سەرفەراز بیت ب خۆش‌مێرێت عیراقێ ، سەرێ میللەتێ عیراقێ دی یێ بلند وەکی بلنداهییا چیایێت کوردستانێ .

سلاڤ ل پالێت عیراقێ بن وهەمی رۆژێت وان شاهی بن لبن سیبەرا قوومانداریا سەرەکێ قوومانداز صدام حسین سلاڤ ل وان زندکا بن ئەوێت عیراقێ ئاڤادکەن وبەرەڤانیا توخبیێت عیراقێ دکەن سلاڤ ل گیانێ پاکێ وان شەهیدا بیت ئەوێت گیانێ خۆ گوری ئاخا عیراقێ کرین .

لە یادی جەژنی کرێکاراندا

یەکی ئایار جەژنی چینی کرێکارانی جیهانە ، چونکە لە ئەنجامی چەند راپەرینێکی گەورەی خوێناوی پر قوربانی داندا هاتۆتە کابەوە،لە پێش هەموویانەوە راپەرینە خوێناوی‌یەکەی کرێکارانی شاری شیکاغۆ لە ئەمریکا لە سالی(١٨٨٦)دا.

ئەو راپەرینەی کە کرێکارانی ترساندبێ بەلکو سەرەرای گرتن و بریندارکردنی سەدان کرێکارو لە سێدارەدانی چوار قارەمانی پێشەوایان گرو کلپەی دانەمردەوەو لە ئەنجامدا سەریان بە سەرمایە داران و کاربەدەستانی نۆکەری سەرمایەداران شۆرکردو مافەرەواکانیان دەست گیر بوو ، لە پێش هەموویانەوە مافی دامەزراندنی نەقابە .

جا هۆی سەرکەوتنێکی تری کرێکارانی المانیاو فرنسە... تاد... بڕیار درا یەکی ئایار بکرێت بە جەژنی سەرکەوتنی هەموو کرێکارانی جیهان ، لەو کاتەوە کرێکارانی گشت وولاتان یادی جەژنەکەیان ئەکاتەوە .

لە یەکی ئایاری سالی ١٨٨٦دا کرێکارە شۆڕشگیرەکانی شیکاغۆ لە ئەمەریکا خۆپیشان دانێکی گەورەو فراوانیان کردو رژانە سەر شەقامەکانی شیکاغو پر بەدەم هاواریان ئەکرد کە پێویستە گوزەرانی کرێکاران باش بکرێت و رۆژانەیان زۆر بکرێت و کاتی ئیش‌کردنیان کەم بکرێتەوەو بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی شاری شیکاغو هاوبەشی کرێکارانیان کرد لەم خۆپیشان‌دانەدا بەڵام بێ‌گومان حکومەتی ئەمەریکا لای ستەم بور کە لەم داواکاریانە بۆ کرێکاران بیتەدی بەلکو رشتنی خوێنی کرێکارانی بە باشتر ئەزانی بۆیە لوولەی تفەنگیان کردەسنگی کرێکاران و بەندی خانەکانی‌یان لێ پر کردن‌وە چەند سەدکردەیەکیان لێ خنکاندن .

وەنەبێ ئەمە چاوی یادی ئەم جەرەیان ئەکردەوەو کوبونەوەو خۆپیشان دانی‌و مان‌گرتن‌یان پێك ئەهیناو لە کارگەکان ووتاریان ئەخوینندەوە .

یەکی ئایار رۆژێکی زۆر بە نرخو پر شانازیە بۆ چینی کرێکارانی جیهان هەروەها جەژنێکی گەلێ بەرزو پیرۆزە لە مێژوی تێکۆشانی کرێکاراندا . هەموو کرێکارانی جیهان نقابە تێکۆشەرەکانیان بە پێی توانا و سەربەستی وولاتەکەیان و شێوەی جوکم یادی ئەم رۆژە پیرۆزە ئەکەنەوە بەڵام شێوەی یادکردنەوەی کرێکارانی هەموو وولاتان ئەنجامەکەی یەك شتە ئەویش بەهێزبونی یەکیتی کریکارانی جیهان و پاراستی ئاشتیو دوای پی‌هینانی بە ئیستعمارو دەربەگی لە جیهانا .

کرێکارانی هەموو جیهان چونکی پشتی سەرمایەداری خوین‌خواری جیهانی شکاندوە هیزێکی گەورەی دا بە کرێکاران بۆ ئەوەی سور بن لەسەر مافەکانیان .. دیسان دەریان خست بۆ هەمو جیهان کە هیچ هێزێك نیە بە رەنگاری هێزی کریکار راوەستی و رێگای تێکۆشانیان بگریت .

لە سالی ١٨٨٩ ئینتەرنالسیونالی دووەم بۆ پشتگیری کرێکارانی شیکاگو ای ئایاری بە رۆژی کرێکاران ناسی و بە جەژنێکی نەتەوایەتی چینی

چەوساوە دانرا .

لەو ساوە لەم رۆژە پیرۆزەدا هەموو کرێکارانی جیهان جەژنی یەکەم تەقینەوەیان بە رووی ستەمکاران و سەرمایەداراندا بەو پەری خۆشیەوە ئەگێرن .

کرێکاران ، قارمانان ، پێشەنگەکانی گەلان رۆژێکیان هەیە ، یادی ئازارو دەردو ستەمیانە ، یادی خەباتو کۆل نەدانیانە .

جاران لە عیراقدا ،چینی کرێکاری خەباتکەرمان بە نهێنی هەموو ساڵێك ئەگیرراوە ناهەنگیان ئەگێڕاوە کوێندیان تازە ئەکردەوە بۆ سوورڕبون لەسەر خەبات و کۆل نەدان ، بە پێشەنگی پێشەنگە قارەمانە نەلەرزیوە پتەوەکەی چینی کرێکارو هەموو کەلی عیراق .

لە عیراقیشدا لەو کاتەی کرێکاران وەك چینێك پەیدا بون هەموو ساڵێك یادی جەژنەکەیان کردۆتەوە ، چ بە خۆ فەرزکردن لە ژێر تیر باراندا وەیان لە ناو زیندانەکان و مالی کرێکاران و کارکەکانداو لە جێگای دورەکانی دوور لە چاودێری پیاوەکانی میری لە زەمانی پاشا یەتیا ... چ بە مسبرەی فراوان و ئاهەنگ گێڕان لە جێگای ئاشکراکاندا لە پاش شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەموزی پیرۆزەوە . ئێمەش بەم بۆنە پیرۆزەوە پەیمانی تێکۆشان و قوربانی دان بۆ چینی کرێکاران و جماهیری بە شەرەفی میللەتەکەمان تازە ئەکەینەوە کە سوور بین لەسەر تێکۆشان لە رێی پاراستنی سەربە خۆی نیشتمانەکەمان و وەدەستخستنی مافە چینایەتی‌یەکانی کرێکاران و زەحمەت کێشاندا .

ئامادەکردنی : عومەر ئیبراهیم عەزیز

هەولێر لە ای ئاباردا :

نەقابەی کرێکاران و بەرنامەی فراوان

لە کاتێکا کە چینی کرێکارانی هەولێر ، وەك هەموو کرێکارانی عیراق ،بەردەوام بوون لە گێڕانی ئاهەنگ و بزووتنەوەی هەمەجۆر ، رۆژنامەی «هاوکاری» چاوی کەوت بە بەرێز حامداحمد حسین سەرۆکی یەکێتی نەقابەکانی کرێکار بەوەکالەت و بەرێزی لە چوارچێوەی باس‌کردنی پرۆگرامی ئەم نەقابەیە لەم یادە پیرۆزەدا ووتی :

رۆژی ای ئایار ، رۆژێکی نوێیە لە ناوەرۆکدا ، کە چینی کرێکار تیایدا ئاهەنگی بەختەوەری بە جەژنی خۆی

دەکێڕی .. بەتایبەتی ئەمساڵ ، کە لە ژێر سێبەری سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان ئەو جەژنە پیرۆزە دەگێڕێ ، ئەو جەنگەی کە عیراقی خستە بەردەم مێژووی نوێی قوربانی‌دانو سەربلندی ، وەبوارێکی نوێی لە بەردەم عیراقیەکان کردەوە بۆ دەربڕینی رادەی دلسۆزی و قوربانی دانی بەردەدامیان لە پاراستنی عیراقی سەربلند ...

کرێکارانی هەولێر بەو بۆنەوە ، بەرنامەیەکی تایبەتی و رێك‌وپێکیان ئامادە کردووە بۆ ئەم مەبەستەو بریتی‌یە لە چەندان جۆرە هەڵبژاردووە بۆ خۆیندن و نووسین و لێ‌بوونەتەوەو چەندێ گۆڕانیشی بەسەردا بێت قالبەکەی تێك ناچێ ، بۆ نموونە ئەو زمانەی کە شکسپیر بەکاری ئەهێنا لەگەڵ زمانی ئینگلیزی ئەم سەردەمەدا جیاوازە ، ئایا ئێمە ئەمەمان پێ ناکری ؟ ئایا من دیالێکتێکی سەپاو بەکار بهێنم لە باتی دیالێکتەکەی خۆم بە زمان پەروەرێتی ناژمێردرێ ؟ جگە لەوەی کە رێگەی ئەوەشم هەبێ زاراوەی دیالێکتەکەی خۆم بەکاربهێنم !

هەروەکو بۆمان دەرکەوت زمان بەرگۆڕان ئەکەوێ و کەسیش نییە بتوانێ نەهێڵێ ئەو گۆڕانە ڕووبدات . چونکە هەروەکو زانای بەناوبانگ ڕۆمان جاکۆبسن ئەڵێ زمان وەکو زیندەوەر وابە ؛ بە پێی کات شانەکانی ئەو زیندەوەرە ئەمرن و شانەی دیکە لە دایك ئەبێ و شوێنی شانە مردووەکان ئەگرنەوە ، شانەی (خلیة) زمانیش ووشەیەو بە پێی کات هەندێ لە ووشەکانی زمان ئەمرن و ووشەی نوێ دروست ئەبێ ، بەم جۆرە زمان ئەژی و بەرگۆڕانیش ئەکەوێ . بەڵام ئەگەر گۆڕانەکە زۆر بوو نەوا ئەو زمانە ئەمرێ و زمانی دیکەی لێ دروست ئەبێ ، بۆ نموونە زمانی سەنسکریتی و لاتینی و گریکی کۆن بەسێ زمانی مردوو لە قەڵەم ئەدرێن ، بەڵام لە سەردەمێکدا زمانی کەلچەرو ئەدەب و فەلسەفە بوون . بۆ مردنی ووشەو دروستبوونی ووشەی نوێ ، ئەتوانین سەیری زمانی عەرەبی بکەین . بۆ نموونە هۆنراوەی کۆنی عەرەبی جۆرەها ووشەی تێدایە کە ئێستا بە ووشەی کۆن ئەژمێردرێن و کەم کەسیش ئێستا بەکاریان ئەهێنێ ، چونکە یا ووشەی نوێ لەباتیان بەکار ئەهێنرێ ، وەیا عەرەب ئێستا پێویستی بەو ووشانە نەماوە .

ماویەتی

جولانەوەی رۆشنبیری ... لەم بۆنەدا هەموو رێکخراوەکان جولانەوەیان هەیەو تیایدا نەقابە لقی‌یەکان جولانەوەی تایبەتی پێش‌کەش دەکەن .. لە سەرووی ئەوانە سازکردنی رێ‌رەوێکی فراوان کە تیایدا سەراپای کرێکارانی هەولێر بەشداری دەکەن و هەموو نەقابەکان تیایدا ئامادە ئەبن .. نەقابە، لەو بۆنەدا خۆی ئامادە کردووە بۆ سەردانی کەس و کاری شەهیدان و کردنەوەی چەندەها پیشانگاو کۆزی تایبەتی و رێزگرتنی کرێکارانی لێهاتوو لە بوارەکانی کارکردندا .

شێرزاد لقی هەولێر

سێ چیرۆك ـ پاشماوە

ما تە سالا تەرگێ ژبیر کریە ...؟؟

[...ما چەوا دێ سالا تەرگێ ژبیر کەم ...] .

نەگوت ما چەوا دێ وێ تەرگێ ژبیر کەم چونکە تەرگ دمشەنە دسال ژی بەلێ گوت سالا تەرگێ ... بیتەب سالێ‌کر داخا سالێ کەتە سەر تەرگێ وداخا وێ تەرگێ ما لسەر هەمی سالێ ساڵەکا فەدەرە وەك دکتور رجاء النقاش دژیاننما خودا دەرهەقێ دکتور طه حسین «علی باب الازهر»د بێژیت [کیف انساه انه اسبوع فاصل فی حیاتی...(٦)] .

سەیدا شبا تەشخیصێ بدەتە تشتێ [بێ‌گیان] بەلێ تڤیا دیمەن هەڤبەر بن [...پاییزێ مالا خو بارنەکربو ...(٧)] هەر پاییز مروڤەکێ کوچر باردکەت لدویف هیامێد سالێ . سەیدا یێ بسپورە دوەختی‌دا . دیمەنێ ئێکێ تەرگ لفلفینە مروڤ ل بازنەکێ هژهژوکدا د ژین تێك‌هاتن و چون و هورە باو تەرگ .

لسەر هندێ‌دا کاك رشید تێتە د تەرازیا رەخنگریێ‌دا سیدا رشید کە نڤیسەڤان چێ نابیت ماتێ خو د لاشعورێ کەسانێد چیروکێ بکەت لسەر ئەزمانێ خۆ تڤیا ئەو ب خۆ ئانکو «کەس» باخڤیت یان نڤیسەڤان لسەر ئەزمانێ وی بێژیت .

* و ل دویماهیێ ئەز د بێژم رەخنگرتن رێکەکە بو بلندکرنا پەیسکا وی وروهن بینا ئەستێرا ل عەسمانێ هونەری .

ون بوونی دەفتەری خدمە

بەناوی صدیق حسن عبداللەوە دەفتەری خدمەی عەسکەریم ون‌کردوە کە لە تەجنیدی سلێمانیەوە دەرچووە تکایە هەر کەس دۆزیەوە بیدات بە لقی سلێمانی .

سەیرانگەی دورگەی بەغدا

● سەیرانگەی دورگەی بەغدا ، یەکێکە لەو سەیرانگا گەورانەی سەرکردایەتی حزب و شۆرشی بەخشیوێتی بە خێزانی شکۆداری عیراق و بەرپرسیاری پارێزگاری جوانی و پاك و نەمیزی و رێك‌وپێکی بەرپرسیاری یەکی هاوکاریانەی نێوان ئەوکاربەدەستانەی بەرێوەبەرانی ئەو دورگەیەن و ئەو هاووولاتیانەن کە ئەوپەری پشوو بێ‌کاری لەناو ئەوکەژاوەو ئەو شوێنە جوانانەی ئەم دورگەیەدا بەسەری ئەن .

● بانگەواز بۆ هەموو هاووولاتی‌یەکە ئەوانەی حز لە یاری بولنك ئەکەن سەر لە یانەی بۆلنك بدەن بۆ ئەوەی بەشداری سالانە بکەن و بە نرخێکی گونجاویشەو یاری لەگەل تیپە جۆربەجۆرەکانا رێکخەن .

● لە شاری یاری‌یەکانی دورگەی بەغدا کاتێکی خۆشی لە دمژگای رولر کوستر و کالیسو ئەنتیرایس و یاری جوانی مندالانە بەسەربەن و یادگارێکی جوانتان بۆ ئەمێنێتەوە .

● مەیدانی فراوان و سەوزی بۆ یاری تۆپی سەبەتەو تینس و بالە تیدابە .

● لەچێشتخانەی دورگەکەو چێشتخانەی خزمەتگوزاری خۆیی و چێشتخانەی ماسی و چێشتخانەی یانەی روبار خواردنی ئەوپەری بەچێژی لێ‌بەو خواست و خوان لەسەر ئاوازی مۆسیقای شاعیری و خۆشی بای دجلە دەبێ و کەلە هەموو لایەکەوە چواردەوری دورگەی بەغدایان داوە .

● سەیرانگەی دورگەی بەغدا دورگەی هەموو عیراقی‌یەکی شکۆمەندە .. تەنیا رۆژی شەممەوان نەبێ ، ئەویش رۆژی پشووی ئەوانەیە کە لە دورگەکەدا کارئەکەن هەموو رۆژەکانی تری هەفتە دمژگا کراوەیە .

لەپێناوی ـ پاشماوە

بخوێنم . بەڵام ئەگەر پێی بڵێی نابێ بە دیالێکتەکەی خۆت ! کۆکنییەك داوای ئەوە ناکات بە دیالێکتەکەی خۆی بنووسێ و بخوێنێ لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١ ـ چونکە زمانێکی ستاندەردی تایبەتی هەیە بۆ خوێندن و نووسین و لە قوتابخانەدا فێری ئەبێ ، ئایا ئێمە ناتوانین سوود لەم خاڵە وەربگرین ؟!

٢ ـ چونکە کۆکنییەك بە کوێرانە ناڕوانێتە مەسەلەکەو ئەو ناوچە پەرستی و دیالێکت پەستییەی لەمێشکی ئەودایە جودایە لەگەڵ ئەوەی کە لە مێشکی منداید ، وەیا لە مێشکی هەموو کوردێکدایە ، ئایا چارەسەرکردنی ئەمە ئاسان نییە ؟ بەڵێ ئاسانە ئەگەر تۆزێك بیر لە حاڵی زمانی کوردی بکەینەوە !

٣ ـ چونکە لە مێژەوە ئینگلیزەکان دیالێکتێکیان هەڵبژاردووە بۆ خوێندن و نووسین و لێ‌بوونەتەوەو چەندێ گۆڕانیشی بەسەردا بێت قالبەکەی تێك ناچێ ، بۆ نموونە ئەو زمانەی کە شکسپیر بەکاری ئەهێنا لەگەڵ زمانی ئینگلیزی ئەم سەردەمەدا جیاوازە ، ئایا ئێمە ئەمەمان پێ ناکری ؟ ئایا من دیالێکتێکی سەپاو بەکار بهێنم لە باتی دیالێکتەکەی خۆم بە زمان پەروەرێتی ناژمێردرێ ؟ جگە لەوەی کە رێگەی ئەوەشم هەبێ زاراوەی دیالێکتەکەی خۆم بەکاربهێنم !

هەروەکو بۆمان دەرکەوت زمان بەرگۆڕان ئەکەوێ و کەسیش نییە بتوانێ نەهێڵێ ئەو گۆڕانە ڕووبدات . چونکە هەروەکو زانای بەناوبانگ ڕۆمان جاکۆبسن ئەڵێ زمان وەکو زیندەوەر وابە ؛ بە پێی کات شانەکانی ئەو زیندەوەرە ئەمرن و شانەی دیکە لە دایك ئەبێ و شوێنی شانە مردووەکان ئەگرنەوە ، شانەی (خلیة) زمانیش ووشەیەو بە پێی کات هەندێ لە ووشەکانی زمان ئەمرن و ووشەی نوێ دروست ئەبێ ، بەم جۆرە زمان ئەژی و بەرگۆڕانیش ئەکەوێ . بەڵام ئەگەر گۆڕانەکە زۆر بوو نەوا ئەو زمانە ئەمرێ و زمانی دیکەی لێ دروست ئەبێ ، بۆ نموونە زمانی سەنسکریتی و لاتینی و گریکی کۆن بەسێ زمانی مردوو لە قەڵەم ئەدرێن ، بەڵام لە سەردەمێکدا زمانی کەلچەرو ئەدەب و فەلسەفە بوون . بۆ مردنی

وەزارەتی دادا
بەرێوەبەرێتی تەسجیلی خانووبەرە دائیرەی تەسجیلی ئامێدی ئاگاداری

داوای نوێ کردنەوەی تەسجیلی خانوو

لەسەر ئەو داوایەی لە ١٩٨٣/١٢/١٩دا بۆ تەسجیلی خانووی تەسلسل ١١٨٦/٢٧ لە گەرەکی تامیم سەرسەنگ بەناوی بەرێوەبەرێتی شارەوانی سەرسەنگەوە دراوە کە هی ئەوانە بەسیفەتی مەلکایەتی بەماوەی یاسایی و بۆچەسپاندنی ملکایەتی تا تەسجیل بکرێ بەپێی یاسای تەسجیلی خانوو بەرە ژمارە ٤٣ی سالی ١٩٧١ بریارمان‌دائەم داواکاریە بڵاو بکەینەوە، هەرکەسێ پەیوەندی یان‌مافی دیاری کراوی لەو خانوەدا هەیەو بەلکەی‌بەدەستەوەبە بیدات بەم دائیرەیە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی بۆ ئاگاداریەکەوە هەتا ٣٠ رۆژو لە مەوقعی‌خانوەکە سەعات دەی رۆژی بەر لە دوای هاتنی ماوە کەئامادەبێ بۆ سەلماندنی‌مافی مەوقعی لەو کەشفەی کەلەو رۆژەدا دەکرێ‌و بۆ ئەم مەبەستە .

چاودێری‌کاری دائیرەی تەسجیلی خانوو بەرە لە ئامێدی

Institut kurde de Paris

لە بیادی لە دایک بوونی سەرکردەدا

ئاهەنگی سلێمانی لە گوندی عوجە

بە بۆنەی جەژنی لە دایکبونی سەرەکی فەرماندە (صدام حسین)ەوە ذەستەی راویژو کاری و راگەیاندنی پارێزگای سلێمانی ئاهەنگێکی جەماوەری فراوانی لە گوندی (عوجە)ی سەر بە پارێزگای صلاح الدین .. ئەو گوندەی کە چاوی سەرەک (صدام حسین)ی بۆ یەکەم جار تیا هەڵهاتوە ساز کرد .

ئەوەی شایانی باسە لەم پارێزگاری سلێمانی و هاوڕێ ئەندامی نوسینگەی ڕێکخراوی حزب لە ناوەراستی وڵاتو هەردوو ئەمینداری نهێنی لقی سەرکردایەتی حزب لە ئاهەنگەدا بەڕێزان محمد حمزە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی لەگەڵ پارێزگاری صلاح الدین و پارێزگارو جێگری سلێمانی و صلاح الدین سەرباری جەماوەرێکی زۆر ئامادە بوون ئەمەش بە وتاری جەماوەری سلێمانی لە لایەن هاوڕێ علی حسون لێپرسراوی حزب لە سلێمانی دەست پێکراو تایبدا بە ناوی جەماوەری سلێمانیەوە پیرۆزبایی بیرەوەری لە دایکبوونی سەرەکی فەرماندە (صدام حسین)ی پێشکەش کردو ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەم بیرەوەریە بە لە دایکبونی هەموو میللەتی عێراق دەژمێردرێتو پاشان ڕێزو خۆشەویستی میللەتی کوردی بەرامبەر بە هەڵوێستی صدام حسین دەستنیشان کردو ئەوەشی بەسەر سەرەکی فەرماندە (صدام حسین)ی پێشکەش کردو ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەم بیرەوەریە بە لە دایکبونی هەموو میللەتی عێراق دەژمێردرێتو پاشان ڕێزو خۆشەویستی میللەتی کوردی بەرامبەر بە هەڵوێستی صدام حسین دەستنیشان کردو ئەوەشی بەسەر سەرەکی فەرماندە صدام حسین)ی بەسەرکردەوە کە بە ڕۆشنبیری کوردیمانی دەبەخشێتو لەم روانگەیەوە پەنجەی بۆ ئەو کاروانەی ناستی ڕۆشنبیری وئەدەبی کوردیمان کێشا کە لە سایەی شۆڕشی ١٧ی تموزو سەرەک صدام حسین دا بەم ئاستەی ئێستای گەیشتوە.

لە بیرەوەری لەدایک بوونی سەرەکی فەرماندە .

کۆڕێک بە ناونیشانی صدام حسین و مەسەلەی کورد

لە چوار چێوەی وەزری دووەمی لقی دەزگاکەماندا لە سلێمانی کۆڕێک بەناونیشانی سەرەک صدام حسین و مەسەلەی کوردو هەڵوێست و بیرورا بۆ

ڕۆژنامە نوس کاک عبدالوهاب تاڵەبانی لە هۆڵی لقی سەرکردایەتی حزب لە سلێمانی سازکرا .

تایبدا بەڕێز محمد امین عبو جێگری پارێزگاری سلێمانی و چەند ئەندامێکی حزب و سەرۆک دائرەکان و ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەران ئامادە بوون ، ئەمەش بە وتاری لێپرسراوی لقی دەزگاکەمان لە سلێمانی دەست پێکراو تایبدا وتی ئەوەی کە لێرەدا ڕایدەپەڕێنین بەستێکە لە وەفاداری خۆمان بەرامبەر ئەوبایەخ پێدانەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین بە ڕۆشنبیری ووشەی کوردیمان بەتایبەتی هاوبەشی کردنی بەڕێزی لە بەرنامەی کاری دەزگاکەماندا کە بە پیرۆزترین خەڵاتی خۆمان و دەزگاکەمانی دەزانین .

پاشان کاک عبدالوهاب تاڵەبانی دەست کرد بە پێشکەش کردنی باسەکەی کە تایبدا دەربارەی وتەو فەرمایشتەکانی صدام حسین و مەسەلەی کورد قسەی کردو ئەمەش بە بەیاننامەکەی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دەستی پێکرد لەگەڵ دووپات کردنەوەی بەردەوامی سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەوەی کە دواڕۆژی میللەتی کورد لە عێراقدا بە کەڵو نیشتمانی عێراقەوە بەستراوە بەو شێوەیەی کە تایبەتێتی نەتەوایەتیمان دەپارێزی و یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانیش جوانترین ئەوشێوەیەو پاشان خاوەن باس ئەو بایەخ پێدانەی

هەنگاوێکی پێشکەوتوو

لەم ڕۆژانەدا بە بریاری ژمارە ٤٣٥ لە ١١-٤-١٩٨٤ دا یاسای گۆڕینی یاسای یەکێتی گشتی ئەدیب و نووسەرانی عیراق لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچوو کە بەو پێیە برگەی شەشەم لە ماددەی یەکی یاساکە ڕێگای داوە بە ئەدیب و نووسەرانی کورد کە لە دەرەوەی ناوچەی کوردستان نیشتەجێن سەربەستن لەوەی لە هەر لقێکی یەکێتی لە شارەکانی کوردستاندا ئەبانەوێت بین بە ئەندام . هەروەها برگەی «هـ» لە بەندی دووی مادەی سێیەمی یاساکە گۆڕراوە بەو شێوەیەی خواستی ئەدیب و نووسەرانی کوردی ئەویست .

ئەم بە دەنگەوە هاتنەی سەرکردایەتی بۆ ئەوخواستانەی نووسەرانی کورد ویستیان جارێکی تر سەلماندنی کە تا چ ڕادەیەك سەرکردایەتی بە تەنگ خواستو ئاواتی نووسەرو ڕۆشنبیرانی وڵاتەوە بە گشتی و نووسەرو ئەدیبی کورد بەتایبەتی کە لە سایەی شۆڕشی ١٧-٣٠ی ئەموزی مەزندا و بە رابەری سەرکردەی ڕەوتی سەرکەوتوومان صدام حسین ئیستا لە بارو دۆخێکی لە باردا ئەژیو دام و دەزگای ڕۆشنبیری کورد تەرخان هەن بۆ خزمەتکردنی ئەو نووسەرانەو بڕەودان بە ڕۆشنبیری نەتەوەیی گەلی کوردمان .

هاوکاری

کردەوە کە ئاهەنگ کێڕانی ئەمسال ئاهەنگی سەرکەوتنی هەموو گەلو نیشتمانی عێراقە بەسەر ترسناکترین و نالەبارترین دوژمنی چاخی بیستەمی عێراق ئەویش ڕژێمی ئێرانی ڕەگەزپەرستە .. دوا بە دوای ئەمەش دەست کرا بە پێشکەش کردنی چەندان چالاکی هونەری و گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی و عەرەبی و ئەمەش بە بروسکەیەک بۆ سەرەکی فەرمانده (صدام حسین) کۆتایی هات کە تایبدا بە بۆنەی بیرەوەری لە دایکبونیەوە پەیمانی جەماوەرانی پارێزگای سلێمانی سەلێنرایەوە کە هەمیشە سەربازێکی دەست پڕ چەکو بە ئاگا بن بۆ پارێزگاری کردنی خاک و نیشتمانی عێراق .

فریا



داهاتی نوێ

کامیرای پشیلە

کومپانیایەك ، ئەم کامیرایەی دروستکردوەو خستویەتیە بازارەوە ، پێشەوەی کامیراکە دەمو چاوی پشیلەیەکی خنجیلانەی پێوەیەو ناویشی نراوە [کتە .. بۆم پێبکەنە!! .. دیایەو ... داهات ... لەوەی هەیە سەیرتر ئەبێت!

ئافرەتی زۆر بلێ .. خۆشەویستە !!

کێ ئەڵێت ئەو ئافرەتەی زۆر قسە ئەکات ، خەڵك لێ بێزار ئەبێت ، لەوانەیە وا بووبێ ، بەڵام هەتا ئەم پێوانەیەش گۆڕاوە .. کۆفاریکی فەرەنسایی تایبەت بە پیاوە ، بیرورا وەرگرتنی لە ناو ٣٥٠ پیاو داکردوە هەموو لەسەر ئەو رایەن کە زۆر بەختەوەرن کە ئافرەتی چەنەبازیان تووش ئەبێت ! بە پێچەوانەوە حەزیان لە ئافرەتی بێدەنگ نیە !چونکە بەلای ئەوانەوە زۆر بلێ یان

جۆرێکە لە ژیری و بە هێزی شەخسیەت و نەرم و نیانی ولاشیان وایە ئافرەتی بێدەنگ نەخۆشەو خۆپەرستەو مورو موچو بێ زەوقە !! دەی .. مادەم وایە با ئافرەت قسەی خۆی بکا ... بەڵام .. وریا بن زیادە ڕۆیی تیا نەبێت .

یەکەم پێشانگەی لاوێکی هونەرمەند

لەم ڕۆژانەی پێشودا هونەرمەندی لاو کاوە عبدوڵلا حامد یەکەم پێشانگەی خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی پێشکەش کردو ماوەی (٦) ڕۆژێکی خایاند .

هونەرمەندی ناوبراو لە پێشانگەکەیدا نزیکەی (٣١) تابلۆی پیشان دابوو کە زوربەی هەرە زۆریان پاپەندی بواری هێڵکاری بوون و ناوەڕۆکیان سەرباری لایەنی خۆماڵی پەلی هاوێشتبوو بۆ کوردستانی ئێران و گەلی ئاوارەی فەلەستین وەکو هەردوو تابلۆی ژمارە (٢١و١٧) . هەروەها لە تابلۆ دەرکەوتوەکانی ئەم پێشانگەیە کە دەیانتوانی لەوانی تر زیاتر خۆیان بخەنە بەرچاوی بینەر تابلۆی شەهیدو چەوسانەوەی ئافرەت و ڕۆشنبیری لە خاکەوەو بەربەرەکانی بوون.

تێکڕا دەربارەی ئەم پێشانگەیە دەتوانین بڵێین وردەکاری و ڕەنگ دابەش کردن بەشێوەیەکی ئەندازیاری و لەگەڵیا واقیعیەت سیمای هەرە گەورەی بەرهەمەکانی بوون.

ئەمەو هەرچەندە هونەرمەند یەکەم پێشانگەیەتی دەیکاتەوە بەڵام کەمێک دەستی بەلەبروزێی پێوە دیارەو لەگەڵ ئەوەشدا لەئێستاوە دەبەوێ پێناسی هونەری خۆی ئامادە بکات.

فریا

جل و بەرگی هاوینەت چۆن هەڵئەبژێریت

وا دیارە هاوینی ئەم ساڵمان زۆر گەرم دەبێت ، لەبەر ئەوە ئەم چەند نموونەمان بۆ هەڵبژاردی بۆ ئەم هاوینە .

ئەم جۆرە پارچانە مۆدێلی ساڵی ١٩٨٤ بۆ بەهارو هاوین دروست کراوە ، کراسەکان نەخش کراوە بە نەخشی گەورە . لە دارو درەختو گوڵ و ئەستێرەی بچووك .

ئەم جۆرە نەخشانە وامان لێ دەکات بگەڕێینەوە سەر مۆدێلی پەنجاکان .

شیعر بۆ منال

کەوو

غریب ڕۆوف

«کەو مەلێکی زۆر جوانە
لە بالندەی کوێستانە»
خاڵو ملی نەخشاوە
دوژمنی چەکو داوە
لانەی لوتکەو نزارە
لە نشێوی بێزارە
لە گەل تاریکی و لێڵدا
لە شەقەی باڵی ئەدا
لانەی خەو بەجێ دێڵێ
قاسپەو گۆرانی دەڵێ
لەو مەلا بانگانەدا
بانگی چالاکی ئەدا
- تا زوو بڕۆن بۆ کارتان
ئاسانەو سووکە بارتان

جیهانی منالان

چیرۆك بۆ منالان

قەڵو هەڵۆ

جارێکان هەڵۆیەك لە قەلەرەشێکی پرسی :-

- ئەی قەلەرەشکە پێم ئاڵێ تۆبۆچی لەدنیادا سێسەد ساڵ دەژیت بەڵام من سێیان سی ساڵ تەمەنمە ؟

قەلە ڕەشکەکە وەڵامی دایەوەو وتی :-

- چونکە تۆ ، ئەی دۆستی فۆشەویستم ، خوێنی زیندو دەخۆی بەڵام من ، مردارەوەبوو دەخۆم !

هەڵۆکە کەمێ تێڕامار وتی :-

- منیشی دەبێ هەوڵدەم کە لەو خواردنەی پیرە قەل بخۆم . زۆر چاکە .

قەڵو هەڵو پێکەوە هەڵفڕین . لەدورەوە ئەسپێکی تۆپیویان بەدی کرد .نیشتنەوە سەری .

قەلەکە بەتاسوقەوە دەستی بەدەنوك لێدانو خواردن کرد بەڵام هەرچی هەڵۆکەبوو یەك دوو جار دەنوکی داژەندوو ئیتر دای لە شەقەی باڵو بەحەواوە بەقەلەکەی وت :-

- قەلی خۆشەویست ، من وای بەچاك دەزانم کە ئەگەر بۆ یەك جاریش بووە خوێنێکی زیندو بخۆمەوە لەوەی کە سێسەد ساڵ لەسەر لاکە تۆپیو بژیم !!

* (بۆشکین) شاعیری مەزنی روس ئەم چیرۆکە لە زمانی پاڵەوانی چیرۆکی - کچی فەرماندە - وە دەگێڕیتەوە .

گۆڕینی
احمد سید علی بەرزنجی

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

Institut Kurde de Paris